
# هەڵوێست

گۆڤارێکی رووناکبیری گشتی سەربەخۆیە

وەرزی جارێک دەردەچێ

ژمارە ٩ خولی دووەم ئەیلوول و ت١ و ت٢ ١٩٨٦

ژمارەیەکی تایبەتییە بە بۆنەی یادی ٢٥ی ساڵەی شۆڕشی ئەیلولەوە



chalakmuhamad@gmail.com

هەندێ بابەتی ژمارەی ئاینده :

١ ـ کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد ....فازیل کەریم ئەحمەد .

٢ ـ کورتە شیعر ... شێرکۆ بێکەس .

٣ ـ هۆیەکانی دارمان و پەندو تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی .

ئەیلوول ........................ حەلال دەباغ .

٤ ـ نووسەرو ئەرکەکانی سەرشانی ......... پەنگر .

٥ ـ پەروەردە: بەڵێ ، بەڵام کام پەروەردەو بۆ کام مەبەست ؟.

..................... کەریمی حیسامی .

chalakmuhamad@gmail.com

# هەلوێست

گۆڤارێکی رووناکبیری گشتی ی سەربەخۆیە

وەرزی جارێک دەردەچێ

ژمارە ٩ | خولی دووەم | ئەیلوول و ت١ و ت٢ ١٩٨٦

نێونیشـــان :

لەبەر هەندێ هۆ نەتوانرا
نێونیشان فریای ئـــــەم
ژمارەیە بکـــــەوێ ،
تکایە ببورن .

chalakmuhamad@gmail.com

# الموقف

## هەڵوێست

مجلة ثقافية مستقلة عامة
تصدر فصلياً

العدد ـ ١ الدوره الثانيه ايلول ـ ت ١ ـ ت ٢ / ١٩٨

** هەر لێکۆڵینەوەو وتارێك لەم گۆڤارەدا بڵاودەبێتەوە خاوەنەکەی بەرپرسیارە .

بە

** ئەم گۆڤارە باوەڕی تەواوی بە ئازادی بیرو باوەڕ هەیەو هیچ سانسۆرێك لەو رێگایەدا بەڕەوا نازانێ .

** دروشمی ئێمە " لێکۆڵینەوەی زانستانەیە لە پێناوی مەسەلەی کورددا " بە هەموو لایەنەکانیەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

# لە یادی ٢٥ ساڵڕۆژی شۆڕشی شکۆداری ئەیلوول دا :

## ئاوڕێک بۆ دواوەو گوژمێک بۆ پێشەوە .

- ١١/٩/١٩٨٦ -

لە دوای کوتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ،کوردستانی خورهەلات وەك خوی مایەوە ،لە بەشەدیسانەوە پارچە پارچە کراوەکەی ژیر دەسەلاتی دەولەتی نەماوی عوسمانلیدا تورك لە تورکیاو عەرەبی عیراق وسوریا دەیانەویست هەر یەکەیان بە جوریك و بە ناویکەوە کورد بە لای خویاندا راکیشن ، لە سەرەتادا چونکە هیزیان نەبوو ،دەشیانەویست جی پیی خویان قایم بکەن بە قسەو بەلین دلی کوردیان رادەگرت ، وەختیك گەشتنە فەرمنرەوایەتی و بەهاوکاری ئینگلیزو فەرەنسا دەولەتیان درووینت کرد ،هیزو دەسەلاتیان بو پەیدا بوو ، سامان ومالی فرەیان وەدەست کەوت ، لە دوو هیزی دەسەلات و سامانەوە دەستیان بە کەلەگایەتی نواندن بەسەر کورددا کرد ........ فهرمانرەوایەتی ئەوان هیچیان لە لیزانین و کارامەییەوە نەبوو ئەوە نەبوون لە ئەنجامی ئازادی لیهاتووییەوە کار بەریوە بەرن و داد بەرقەرار بکەن . لە کاتیکدا دەتوانرا ئەوە بکەن . بەلام لە ماك و ناخیاندا شتیك بەنیوی دەسەلاتی شەرعییەوە نەبوو بویە تاقە ریگەی بەریوەبردنی کاریان لەگەل کورددا گرتەبەر .... ریگەی کەلەگایەتی و خوسەپاندن .

chalakmuhamad@gmail.com

لە کەڵەگایەتیدا ، دەسەڵاتداران نکوڵی هەموو مافی بەرامبەریان دەکەن ، ماف و توانستێك خەڵکی دیکە هەیبێ لەبەینی دەبەن ، سیاسەتی کەڵەگایەتی بەتەواوی لە تەك کورددا پیادە کرا،چ هێزو تانستێکی ماددی و مەعنەوی هەبوو لە ڕێگەی تواندنەوەی بوون و نەهێشتنی نەتەوەی کورددا وەکاریان خست ، ئیدی بە هەزاران و بەکۆمەڵ لە بەین بردن ،راگوێزان و کاول کردن ، بەند کردن و سزادان ،هەموویان بەکار هێنا ،لە پاڵ ئەوانەشدا دەوگا پەروەردەیەکان و بانگاشەی بیری زاڵ بوون و ون کردنی ڕەگەزو بنەچەی میللەتەکەمان بووە سیاسەتی درێژ خایەنی هەر هەموو دەستەو تاقم و باوە ڕێك کەهاتنە کۆری کارەوە ،بەجۆرێك بە درێژایی ٦٠ـ ٧٠ ساڵی درووست بوونی ئەو دەوڵەتانە ،دەنگێکی ڕەسەن و ددان نان بەمافی چارەنووسی کورددا هەڵ نەدراو بەرز نەبۆوە .

سیاسەتی کەڵەگایەتی و زاڵ بوون ،سیاسەتی مرۆڤ وتاقم و دەستەو دەوڵەتانی دەمارتووندو ترسنۆك و کۆنەپەرست و دڕندەیە ،ئەگەر جڵەو بۆ ئەوانە شل بکرێ ،خۆشیان ومرۆڤایەتی لە بەین دەبەن ،پێچەوانەی ئەوەش قبوڵ نەکردنی ئەو سیاسەتە لە جوامێری و دلێری و خۆناسین و مرۆڤ دۆستییەوەیە.

سیاسەتی کەڵەگایەتی دەیەوێ میللەتی کورد بتوێتەوە ، شارستانیەتی نەمێنێ ،تاکە تاکەکان پەرت و بڵاو بن ، دوو نەبێ بە یەك ، ڕۆشنبیرێتی ڕیشەکێش بکرێ و رابوردو پێوەندی بە ئێستاو ئایندەوە نەمێنێ ،تا لە ئەنجامدا قسەی خۆیان بێت و بە ئارەزوویان لە کارو باری ژیانماندا

chalakmuhamad@gmail.com

گەمە بکەن .

ئەو سیاسەتە دژ بە کوردە ، بە هیچ ڕێگایەك تا سەر نەتوانرا بڕ بکات ، لە ڕوویدا گەلەك شۆڕش و ڕاپەرین بەرپا کران ،شۆڕشەکانی شێخ مەحموود ،شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ، شۆڕشی ١٩٣٩ی ئیحسان نووری پاشا ، ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی، ڕاپەرینە زۆر جۆرەکانی کۆیەو سلێمانی و دزەیی و.... لە مێژووی نوێی میللەتەکەماندا نموونەی زیندوون ، لە بوارەکانی دیکەشدا خەباتی جۆر بەجۆر بۆ دانە دواوەی سیاسەتی کەلەگایەتی کراوە .

لە ئەیلوولی ١٩٦١ دا پڕ شکۆترین شۆڕشی جەماوەری کورد هەلایسا ، بە مەبەستی تەوق دامالین و کۆت پچڕاندن و ڕزگاری بوو ، هەر زوو خەلك دروشمی "کوردستان یا نەمان "یان بەرز کردەوە، لێکدانەوەی ئەو دروشمەش بەو جۆرە بوو ، کوردستان یانی ئازادی ، یانی فەرمانڕەوایەتی کردن ، مانای نیشتمانی کورد بۆ کورد بێ، ئابووری کوردستان چی دی نەدزری وبۆ خۆش بەختی ڕەش و ڕووتەکەی بێت .نەمانیش مەبەست شەهید بوون بوو لە پێناوی کوردستاندا ،لە ڕێگای ئازادیدا ،ژیانێکی بێ سەر بەخۆیی وئازادی ،هیچ دەگەیەنێ، ئیدی بۆ خۆی مردنی بە ڕاستییە ،ئەو دروشمە بێ پەروا بە ناودا بلاو بۆوە ،خەلك هۆگری بوون ، "کوردستان یا نەمان " بووە دروشمی تێکۆشان و خەبات ، بووە ئاسۆو گشت کوردێکی بە شەرەفمەندو خۆنا سیو بەرەو ئەوێ هەنگاوی شێرانەی دەهاویشت .

شۆڕشی ئەیلوول ،بنکەی سەرەکی ئاواتی کوردان بوو ، دەویسترا شۆڕشی سیاسی بێت کە سەرتاپا دەسەلاتی ون بووی کورد

chalakmuhamad@gmail.com

بستێنێنەوە ، شۆڕشی ئابووری بوو ، بۆ ئەوەی سنووری پۆلاییـــن لە تالان کردنی خێراتی کوردستاندا بۆ مۆنۆپۆلەکان دابنێ ،شۆڕشی کۆمەڵایەتی بوو ،بە شێوەیەك پێوەندییە نادروستەکان بـبنـە پێوەندی شۆڕشگێرانە و خۆشەویستی و یەکدی دۆستی ،بەرە بـە رە هومێدی وەدەست کەوتنی ئەو هیوایانە پتر دە بوو .... بەلام کارەساتی چاوەڕوان نەکراوی دووبەرەکی شۆڕش لە ساڵی١٩٦٤دا بووە کۆسپێکی هەرە گەورە بۆ تێکشکاندنی پێوەندیەکـــــان و سەرەتایەکی ئێجگار کارەساتاوی دەستی پێ کرد ، ئیدی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان کاڵ کرانەوە و ئومێدەکان تارماییان بەسەردا کشا ، هێدی هێدی " دروشمی کوردستان یا نەمان " بووە لامەرکەزی و جێبەجێ کردنی بەیانی حوزەیرانی ١٩٦٦ ی بەززاز ، لە ساڵانی ١٩٦١ ـ ١٩٦٣ دا هێڵی بەیانی شۆڕش لە بەرزیدا بـــوو ، لەوە دوا ڕووی لە نشێوی کرد ، تا نێوەڕاستی ساڵی ١٩٦٩ ئاهێکـــی دی بەبەر شۆڕشدا هاتەوە و سەرکەوتنەکانی شەڕەکانی دۆڵـــــی شەهیدان و ئاسۆس و سورداش بوونە چۆکدادانی دەوڵەتی بەعـــس لەبەردەم ئیرادەی هێزی باهوی کورددا و دەرکردنی بەیاننامـــەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ .

لە سەرکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونی شۆڕشی ئەیلولـــــدا کۆمەڵێك هەل و مەرجی تایبەت و بابەتی بەشداریان کرد بـــوو ، ئیمە دووانیان لەپیشتر دەبینین کە ئەمانەن :

گرینگتریان هێزی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بوو ، کە لە ئەنجامدا ئیرادەی خۆی سەپاند و لە مەیدانی شەڕدا دژمن بەزی و لە ناچاریدا داوای گفت و گۆی کردو بۆ ماوەیەك هەڵوێستی خۆی

chalakmuhamad@gmail.com

گۆڕی ، ماوەی گفت و گۆ بۆ دەولەت دوو دیوی هەبووە ، یەکەمیان هەولّدان بۆ درزتێکردنی بزوتنەوەی کورد ، دووەمیان بۆ گوربەستنەوە و خۆ ئامادە کردنەوە بۆ خولێکی دیکەی هێرش کردنەوە سەر کوردستان ، یا دەتوانین بڵێین کورد هێندەی بە هێزی بازوو پێی کراوە ، بە هێزی سیاسی پێی نەکراوە ، بە مانایەکی دیکە نەتوانراوە ئەو دوو هێزە لە پێناوی مەسەلەکەدا شان بە شان هەنگاو بنێن .

هۆیەکی دیکەی وەدەست هێنانی سەرکەوتنی شۆڕش لە قۆناغێکی تایبەتدا نزیك بوونەوەی دۆستایەتی و هاوکاری هێزە خێرخوازو پێشکەوتنخوازەکانی عێراقی لە پێشیانەوە حیزبی شیوعی بووە ، لەو کاتانەدا کە ئەو هێزانە پشتیوانیان لە کورد کردبیّ ئەوا زووتر کارێك ئەنجام دراوە ، پێچەوانەی ئەوەش پێچەوانە بووە ، هەر لەم ڕوانگەوە دوای ئازارو سالانی ۱۹۷۲ — ۱۹۷۳ دوو ڕێگا هەبوو ئەگەر یەکیان پەیڕەو بکرابایە ، ئەوا بە دلّنیاییەوە کارەساتەکان ئەگەر ڕوویان بدایە بەو گەورەییە نەدەبوو ن ، ئەگەر چی بەرنامەی بەرەی نیشتمانی !!! لە ئاستی ئاواتەکانی کورد وەك میللەت و پارتی وەك سەرکردایەتی ئەو کاتەی بزوتنەوەی کوردایەتی نەبوو ، بەلاّم دەبوو ئەو پەڕی کار لە پێناوی ئەوەدا بکرابایە یا پارتی بچووبایەتە بەرەکەوە یا کۆمۆنیستەکان نەچووبانایە ، تاقە ڕێکخستنێکیش گیانی بەبەر بەرەی نیشتمانیدا !!! کردبوو هەر ئەوان بوون ، ڕێك نەکەوتنی پارتی و حیزبی کۆمۆنیست لەوەش زێدەتر تەقینەوەی مەسەلەکە تا بەرەنگار بوونەوەی چەك و لە یەکدی کوشتن بە قەدەر دووبەرەکی

chalakmuhamad@gmail.com

١٩٦٤ تاوی سلبی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی شۆڕش هەبوو ، ،، تافە لایەنێکیش کەڵکی لەوە وەرگرتبێ حیزبی بەعسی شۆفێنـــی و فەرمانڕەوایانی نازی عێراق بوو ، هەڵبەت هەڵەی سەرەکیـــش لەو ڕووەوە ئەوە بوو هیچ یەکێك لەو دوو حیزبە بەهێزە نەیـــان توانی بوو کە سایەتی و ئایدۆلۆژی و ڕەوشتی بەعس وەك هـەیـــە دەست نیشان بکەن ، لە کاتێکدا هەر یەکەیان لە مـەیدانـــی تاقیکردنەوەدا زیدەتر لە جارێك مامەلەیان لەگەڵدا کرد بوو .

شۆڕشی ئەیلوول بە هەرەسی ١٩٧٥ لاپەڕەی خۆی پێچایـــەوەو چووە خانەی میراتی کوردەوە ، عەقڵی چواردە ساڵ و بـــــازووی چواردە ساڵی میللەتەکەمانی لەگەل خۆدا برد ، لەو ماوەدا هەمـوو سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکان بە خودی هەرەسەکە نەمـــان و کارێکیشی کرد زۆری بردینە دواوە .

لە مێژووی میللەتاندا جاری وا هەیە ، لێدان و تاسانێکـــی گەورە،کارێکی بەرپەرچی وا دروست دەکا ، ئاکامەکەی ئێجگار مەزن و شادیهێنەر دەبێ ، هەرەس بۆ خۆی لێدانێکی دڵتەزێـن بوو ، بەلام چەندە هێزی دەرەوە هاوبەشی تێداکرد ، پتر هێـــزی ناوخۆ دروستی کرد ، بۆیە کارەساتی هەرەسەکە چەند قورس بوو ڕووداوەکانی بە دوایدا هاتن ڕۆژ بە ڕۆژ کارەساتەکەی تـــازە دەکردەوە .

ئەگەر چاوێك بە واقیعی شۆڕش لە پێش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و واقیعی شۆڕش لە دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٤ دا بخشێنین،ئەوا لایەنـی ئابووری و ماددی لەوەی دواییاندا پێشکەوتووتر بوو زۆریش بالاتـــر بوو ، ئیدی بۆ بەوەی یەکەم بەیانی ١١ی ئازار سەندراو بەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

دووەم بەیانی ١١ ی ئازار لە کیس چوو ، دیارە بۆ وەرامی ئەوە دەبێ بڵێین واقیع بە هەموو لایەنەکانیەوە ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازی و . . . پێوەندییەکی دینامیکیان لە نێواندایەو لە جوڵانەوەدا کار دەکەنە سەر یەکدی ، ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤ دا هەست پێکراو لە دوای ڕێککەوتنی٦ی ئازاری ١٩٧٥ بینرا ، عەقڵ و ژیری و ئایدۆلۆژی نەسلیمی واقیعە کە بوو ، تەماشاکردنی واقیعە کە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە نەدام و دەزگای ئابوری و نە دەستەو ڕێکخستنی دەسەڵات هیچ شتێکیان بەسەردا هات بوو ، نە هێزی پێشمەرگە و تەقەمەنی و ئازوقەلێی کەم بوو بۆوە ، کەچی هەرەسیش بوو !!! لێرەدا دەرکەوتنی پێوەندی نێوان بیرو واقیع بەگرینگی و بایەخەوە دەردەکەوێ ، زۆرتر پتەو بوونی ئەو پێوەندییە کاری شارستانیەتی گەورە دروست دەکا و بەرهەمی خەبات پێشکەش بە میللەت دەکاو واقیعێکی چاکترو نوێتر بنیات دەنێ ، لێك دابڕانی بیرو ژیری واقیع،لە بارچوون و ڕمانو پەرت بوونی لێ دەبێتەوە .

دووەم هۆی سەرەکی هەرەس نەناسینی دژمن بوو ، بێ شك ئەمیش ڕاستەو خۆ بەندە بە خاڵی لەمەوبەرەوە ،بەعس وەك دژمن و بەعس وەك ئایدۆلۆژی و بەعس وەك کردەوە ،دەبوایە حسابی بەقەدەر خۆی بۆ بکراباو مەترسی وەك خۆی ببینرێ، ئێمە پێمان وایە کەم کردنەوەی هێزو توانستی دژمن و بە هیچ تەماشا کردنی خۆی لە خۆیدا غەدر کردن و فێڵ لە خۆ کردنەو لەوەش پتر ئەگەر نادڵسۆزی نەبێت ئەوا ناتێ گەیشتنە ، دەبێ زۆر چاك حساب بۆ هێزو توانستی دژمن بکرێ ، بەعس دەیەوێ بمێنێتەوە،

chalakmuhamad@gmail.com

کوردیش بۆتە چەقلی چاوی و بزماری لە دلی داوە ، ویستی مانەوی بەعس لە سەرو هەموو بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی ئەخلاقی و فەلسەفی و مەنتیقییەوەیە ، دەبوایە ئەوە بزانرایە بەعس بۆ مانەوەی خۆی هەرچی ڕێگا هەیە دەیگرێ ! هەرچی وانە هەیە دەیخوێنێ ! هەرچی تەگبیر هەیە دەیکا ! هەرچی هەنگاو هەیە دەینێ ! هەرچی تۆ دەڵێی ناکرێ دەیکا ! بە کوردی و بە کورتی چوار چێوەیەکی تاریف بۆ بەعس نادۆزرێتەوە ، بۆیە دەبێ جگە لە کاری مەردانە و جوامێری چاوەڕوانی هەموو شتێکی لێ بکرێ ! ئەگەر هۆی یەکەم لە ۱۹۷۳ وەچوزەرەی دەرکەوتبێ ئەوا هۆی دووەم لە پشتی دامەزرێنەری بەعسەوە دیار بووە .

وەك گووتمان شۆڕشی ئەیلوول بووە میراتی نەتەوەییمان ، میراتێکی گەورە و گران ، جادەبێ چ وانەیەکی لێوە فێربین ؟!! چ کەڵك و قازانجێکی لێ هەڵێنجین ؟!

<u>یەکەم :</u>

دیاردەیەکی شۆڕشی ئەیلوول لەوەدا دەبینرا کە سنوورە دەستکردەکانی شکاند بوو ، کوردی وەك میللەتێك بە هەست و سۆز لە دەوری خۆی کۆکرد بۆوە ، جەمسەرەکانی جوغرافیا و مێژوو ، مەزهەب و دیالێکتی پێکەوە گرێ دابوو ، دیاردەی بەو شێوە فراوانیەی جەماوەر و شۆڕش بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی نوێی کورددا ، بەڵام نەگەیشتبووە ئەندازەی هاوبەشی جەماوەری کورد لە بڕیار و هەڵبژاردنی ڕێبازدا ، پرس پێ کردن نەبوو ، دەنگ نەدەخوێنرایەوە ، سەرکردایەتی چی دەویست ئەنجامی دەدا ،،، هەڵبەت بێ هاوبەشێتی میللەت لە کاروباری وڵاتدا مەحالە

chalakmuhamad@gmail.com

هه موو شتێکی چاك بکرێ ! بۆیه چاودێری میلله ت و بایه خ پێدانی ویست و ئاواته کانی مه رجی سه ره کین بۆ ئه وه ی کار له کار نه ترازێ . بۆ هه ر شۆڕشێك که له دوای هه ره سی ١٩٧٥ پێش بینی ده کرا به ڕپا ببێ،وا بیر ده کرایه وه که بتوانن گرینگی به جه ماوه ر بده ن و له و که م و که سریه فێر ببن ، که چی به داخه وه نه بوونی ئه و پێوه ندییه له ئێستادا پتر پێ ده زانرێ !

دووه م :

داخوازی شۆڕشی ئه یلوول ، دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو ، ئه وه هیچ دیموکراسییه ته که له توانستی جێ به جێ کردندا نه بوو ، چونکه خۆی له خۆیدا مانای چۆلکردنی ته خته له لایه ن فه رمانره واکانه وه و هه ڵبژاردنی بێ فێڵی کاربه ده ستانی نوێیه ، به شی دووه میش که ئۆتۆنۆمی بوو، به رنامه یه کی ئاشکرای نه بوو ، کۆمه ڵ و که سانێکیش که مانای ئۆتۆنۆمییان ده زانی ، بۆچوونی جوداوازیان هه بووه جا بۆ ئه وه ی سه رکه وتن به ده ست بێت ، پێویسته خه ڵك ئاگاداری ئامانج و ئاواته کان بن ، له م کاته شدا که به شی دووه می دروشمه که بۆته ئۆتۆنۆمی ڕاسته قینه بۆ کوردستان نادیاری و تارمایی پێوه دیاره ، به ر له هه موو شتێك چه ند جۆر پرۆژه ی ئۆتۆنۆمی ڕاسته قینه ! هه یه . که به پێی لایه نه کان جوداوازن ،،، که ئه وه بۆته هۆیه ك نه توانرێ له سه ر ئاستی میللی به هوش و دڵی خه ڵکی کوردستان ئاشنا بکرێ .

سێیه م :

له یه که م ته قه ی ده ست پێکردنی شۆڕشه وه ، ده بوایه هێزی

chalakmuhamad@gmail.com
پێشمه رگه وه ك هێزێكی به ره نگاربوونه وه ی داگیر كه رو دژمنانی میلله ته كه مان ، له شكرێك بێت بۆ لێدانی به رژه وه ندییه كانی داگیركه رانی كوردستان و هه ر شه ڕی ئه وه شی پێ بكرایه ، به دڵنیاییه وه هێزی پێشمه رگه هه موو ده ستكه وته كانی شۆڕشی ساندو توانی مل به دژمن شۆڕ بكا ، به ڵام هه زار موخابین ماوه یه كی دوورو درێژ شه ڕی ناو خۆو كاری وای بۆ هێنرایه پێشه وه كه ئیشی ئه و نه بوو ، له شۆڕشی ئه یلوولدا له و رووه وه سنوورێك هه بوو، كه چی له شۆڕشی دوای هه ره سی ١٩٧٥ ه وه هێزی پێشمه رگه چه ند به ره نگاری به عس بۆته وه ، زۆر له وه زێده تر شه ڕی خۆ به خۆیان كردووه ، له كاتێكدا هه موو لایه ك حه قیقه تی ئه وه ده زانن كه په رت كردنی هێزی پێشمه رگه خزمه ت به دژمن ده كاو بێ سه ركردیه تییه كی یه كگرتوو سه ركه وتنی ڕاسته قینه وه ده ست نایه ت ، داوای هه موو خه ڵكی به شه ره فی كورد یه كێتی و ته بایی و له یه كدی گه یشتنه .

چواره م :

ڕاگه یاندن و بانگاشه هێند گه وره و گرانه ، گوڕو تین به شۆڕش ده دا ، له شۆڕشی ئه یلوولدا زوو بیر له وه كرایه وه ، ئه گه رچی له ئاستی ته واوی شۆڕشه كه دا نه بوو ، به ڵام ئاوڕی لێ درایه وه و كۆمه ڵێك دۆست و پشتیوان دۆزرانه وه ، ئێمه مه به ستمان دۆست و پشتیوانی نه گۆڕه ، وه ك میلله تان و ڕێكخراوانی خێرخوازان و پێشكه وتنخوازان و مرۆڤ دۆستان ، نه ك دۆزینه وه ی دام و ده زگای وڵاتان كه ناسینیان پاساوی نیه و هه رگیز ڕه وا نیه ، چونكه ئه و ده زگا ده وڵه تیانه بۆ ئامانجێك تێ ده كۆشن ، ئامانجی ڕق له

chalakmuhamad@gmail.com
مرۆڤ بوون و توانەوەی هەرچی هەیە بۆ قازانجی خۆیان .

خەباتی ڕاگەیاندن و دۆست پەیداکردن و ئاشناکردنی مەسەلەکەمان ، پێویستە بیری لێبکرێتەوە ، ئێمە دەبێ بچینە هۆش و ژیری و بیری میللەتان و ڕێکخراوانی مرۆڤ دوست و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانەوە ، بێناساندن و تێگەیشتنی لایەنەکانی شۆڕشەکەمان ، پرۆسێسی سیاسی سەرکەوتوو دروست نابێ ، کە بمانەوێ کارێك بکەین ، دەبێ بزانین کۆمەڵگای هەر میللەتێك پتر خولیای خوێندنەوەو سینەماو تەلەفزیون و شانۆن، چوونە ئەو مەیدانانەوە چاکترین بواری ناساندنی کوردن .

ئەوەی سیاسەتمەدارێك لە حیزبێکی دیاریکراودا دێتە ئەوروپا و بۆ حیزبەکەی خۆی قسەیەك دەکا ، شێواندنی ڕاگەیاندنی یەکێتی شۆڕشە ، ئێمە بەقەدەر ژمارەی حیزبەکان، ژمارەی ڕاگەیاندنمان ناوێ ، ئێمە پێویستمان بە ڕاگەیاندنی ناوەندییە کە لە ئاستی قۆناغی پرمەترسی ئێستاماندا بێت ، لەم بارەوە هەموو حیزب و ڕێکخراوو مرۆڤێکی کورد بانگکراوان کە بیرێك بکەنەوەو تەگبیرێك بکەن .

پێنجەم :

بەدرێژایی سالانی شۆڕش ، چەندان ڕێککەوتن و هاوکاری لەگەڵ لایەنی عێراقی و دەرەوەی عێراقدا بەسترا بوون ، زۆریان بارو دۆخێکی شاز دروستی کردبوون ، بۆیە ڕێککەوتنەکان خۆیان نەدەگرت و دەتوانەوە ، لە شۆڕشی ئێستاشدا ئەوە هەیە ، بەلام کەس ئاگاداری ئەبعادی هەمە لایەنەی ئەو ڕێککەوتنانە نییە و

chalakmuhamad@gmail.com

بەرنامەیان بڵاو نەکراوەتەوە، هیچی بۆ کورد تێدایە؟!، بەر لەگەیشتنە فەرمانڕەوایەتی کۆڕو کۆمەڵ ئاسانتر قسەیان لەگەڵ دەکرێ، کە چووە سەر تەخت، نە بەڵێن دەمێنێ!! نە باوەڕ دەمێنێ!! نە ڕابووردوو دەمێنێ!! بۆیە با دەداتەوە سەر کورد، ئەمیش بەشی خۆی لەگەڵ دەکا، لێرەدا بە پێویست دەزانرێ داوای بەڵێن‌نامەو شاهیدی دۆست و بەدەسەڵات بکرێ، لەهەمان کاتدا میللەت لە کەین و بەین ئاگادار بکرێ.

ئەوانە چەند تاقیکردنەوەو وانەیەك بوون لە شۆڕشی ئەیلوولەوە، لێوردبوونەوەو بیرکردنەوە زۆر شتی دیکەمان فێر دەکەن.

chalakmuhamad@gmail.com

# شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و
# نوێنوێی بۆ کوردستان

## - ئاشتی -

ئه وی راستی بێت شۆڕشی ئه یلوول بۆ نه ته وه ی ژێرده ست کراومان داستانێکه به هه مووکه س ناگیڕێته وه،کارێکی ئاسانیش نیه به تاقه که سێك بگێڕێته وه ،،با ئه و که سه زۆر ئـاگادارو شاره زاو پایه بڵندیش بووبێت.

هه ل ومه رجی درووست بوونی ،خۆ بۆ ئاماده کردن و ده ســـت پێ کردنی ،ته قینه وه ودرێژه پێدانی ، سه رکه وتنه کانی و ژێــــر که وتنه کانی ، تێرو ته سه لی و که م و کورپیه کانی ،به رهه مه کانیو له ده ست چووه کانی ، ئه مانه هه مووی بێجگه له که لێك لایه ن و ره نگ و که لێنی هه مه جۆر له هه موو هه نکاوێکیدا، مه گه ر به چه ندان کۆمه ڵی پسپۆڕو لێهاتوو بتوانن به وردی لێی بکۆڵنه وه و بۆ سود وه رگرتن و بۆپاریزگاری کردنی و دانانی له جێگه ی شیــــاوی خۆیدا وه ك هه ر داستانێکی گرینگی مێژوومان که بۆته سامانــی شابازی پێوه کردن بخرێته بـەرده ستی ڕۆڵه ی ئه مڕۆو دوا ڕۆژی گه لی سه رفرازی کورد.

له سه رێکی دیکه وه شۆڕشی ئه یلـــوول پـتر لـه هه مـو و شۆڕشه کانی دی نه ته وه که مان ، ئه مه نده فراوانو بــه ربیں بوو که گه رمی و جۆشی ئاگری هه ڵگیرساوی له چوارچێـــــوه ی کوردستانی خوارووداهه موو سنووره (نه )دامه زراوه کانی دوشمنانو داگیرکه رانی سڕی بۆوه و سه رماوسۆڵه ی دابه ش کردن و لـــه

chalakmuhamad@gmail.com

یەك كردنی هەموو كوردێكی ڕاستی لە سەرانسەری كوردستاندا لە بیر بردبۆوە بە جۆرێك گیانی كوردایەتی لە هەموو لایەك جۆش دابوو كە ئومێدی بزركراومان سەر لە نوێ زاخاو دابۆوە و بۆ دۆست و دوشمنی دەرخست بوو كە كورد خاوەنی مافە و هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرێت ، بەڵێ ئەو شۆڕشەی وەك ئاگرێك كوژێنرایەوە بەڵام ژیلەمۆكەی سارد نەبۆوە، بەڵكو تەشەنەی سەندە ناو گشت پارچەكان و ئاگری خەباتی لە هەموو لایەك خۆش كرد، ڕۆڵەكانی ئەم گەلەش زۆر بە دڵسۆزییەوە لە پاداش دانەوەیدا هیچ درێغییەكیان نەكردووە .

بۆیە هەموو كوردێكی پاك پێویستە نازی ( هیچ نەبێت ) بیرەوەری ئەم شۆڕشە بكێشێت و بە جۆریك یادی بكاتەوە ، ئاسایی ترین و ئاسانترینی ڕەنگە ئەم شێوە بێت كە بە نووسین ئەنجام بدرێت . بەداخەوە بۆ كەم توانایەكی وەك، من ئەم نووسینە تەنها سەرنج ڕاكێشانێكە بۆ بەشێك لە لایەنە زۆرینەكانی ئەم شۆڕشە ، بەو ئومێدەی لەلایەن كەسانی خۆیەوە ڕوون بكرێتەوە .

ئەو بەشەش كە من لە یادمدایە ئەو دروشمە سەرەكیەی (پ.د.ك) ە كە ڕابەری گیانی نەك هەر شۆڕشە كە بوو بەڵكو هی هەموو كەلی كورد بوو لە هەموو بەشەكانی كوردستاندا ئەوەش دروشمی " دیموكراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانە "

ڕەوادار و یاسایەتی ئەم دروشمە تایبەتی كەرتی دووەمی " ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان " لە شیكردنەوەی كێشەی نەتەوەیەكی

chalakmuhamad@gmail.com

پارچه پارچه کراو و داگیرکراوی وه ك ئه وه ی ئێمه دا له گه لێك کۆڕو کاتدا هاتۆته پێشه وه و گفتوگۆی له سه ر کراوه، زێده تر له پاش ئه نجام نه هێنان و تاقیکردنه وه ی ساڵانی ته مه نی شۆڕشی ئه یلووله وه که فێرگه یه کی پڕ زانیاری بوو بۆ گه لی کورد، گه لێك خاڵ و پرسیار له م باره یه وه هاتنه کایه وه:

وه ك ئاشکرایه دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان له م شۆڕشه دا ورده ورده گه ڵاڵه بوو تا وای لێهات گشت مافی نه ته وه که مان له م دروشمه دا ڕه چاو ده کرا ، له گه ڵ ئه وه شدا ئه وی من ئاگادار بم نه له پڕوگرامی پارتیداو نه له نووسراوه کانیدا فراوان و به قووڵی لێی نه کۆڵرایه وه . ئه وه بوو له دوا ڕۆژه کانی ته مه نی بڵاوکراوه ی " 11 " ئازاردا به په له پرسێکی سه رکردایه تی و ژماره یه ك له ڕۆشنبیرانی کورد که وتنه جرم و جوڵ بۆ دانانی پرۆژه یه ك بۆ ئه م دروشمه که له ڕاستیدا له زۆر شێوه دا دوور بوو له خواست و هه ست و چاوه ڕوانی گه لێك له کۆمه ڵانی ناو کورده واری و هه ندێکیان به دڵ شکاویه وه ده یان ڕوانیه پرۆژه که . که چی له گه ڵ ئه وه شدا ڕژێمی به عسی دوژمن به کورد ئه و پرۆژه ئاسایه شی به زۆر زانی و بڕیاری دا که کورد نه نانه ت ئه وه ش هه ڵناگرێ "!" بێ گومان بڕیاری به عس نه له ناو دۆستانیداو نه له ناو دوشمنانیدا جێگه ی سه رسڕمان نه بوو زۆربه ی هۆشیارانی کورد لایان سه یر نه بوو، چونکه که رتی یه که می دروشمه که ، که مه رجی سه ره کی بوو بۆ هێنانه دی که رتی دووه م نه برایه سه رو دیموکراسی له عێراقدا فرۆشرا به " به ره ی نیشتمانیه نه ته وه ییه پێشکه وتنخوازه که ی به عس " .

chalakmuhamad@gmail.com

ئینجا با لێره دا سه رنج بده ینه هه ڵس و که وتی وڵاتێکی وه‌کو عێراق یا هه ر یه کێك له و وڵاتانه ی که هاوبه شن له داگیرکردنی نیشتمانی کوردا ، به ڵام بۆ ئه وه ی ئاسان بێت با جارێ واز لـه دیموکراسی بهێنین ، با ته نها له وه بیر بکه ینه وه : که ی ده بێت ده سه ڵاتێکی ئه و تۆ بێته دی که هیچ نه بێت ئازادی ئه و خه ڵکه بچه سپێنێت که به ناویانه وه ده سه ڵاتداری ده کات ، بۆ نموونه عه ره بی عێراق ، تورکی تورکیا . . . . ؟ واته هه نگاوێك بـه ره و دیموکراسی بێ ترسی کوده تاو چه ته گه ری و ده سه ڵات دزیـن بنرێت . من له و بڕوایه دام ئه م پله یه له ژیانی ئه و وڵاتانه دا، به داخه وه له هیچ لایه که وه تروسکاییشی دیارنیه . له مه دا بـێ گومان هه مه جۆر هۆ خۆیان ده نوێنن که گرینگترینیان کێشه ی به رژه وه ندی چینه ده سه ڵاتداره کانه به رامبه رو دژ بـه به رژه وه ندی چینه ژێر ده سته کان ، ده سه ڵاتداره‌کانی ئه ورۆ به هۆی هێزو تواناو له پێناوی خواست و پێویستی ئیمپریالیزمـه رۆژ ئاوایه کان له سه ر ته خت ڕاگیراون ، هه روه ها ئاشکـراو ڕوونه که بزوتنه وه ی ڕزگاری خوازی کورد نه ك هه ر پـاڵ پشتێکی به هێزه بۆ خه باتی ژێر ده سته مان به ڵکو له زۆر شێـوه و هه نگاویشدا به شێکی دیارو چالاکی ئه و خه باته یه .

له ئه نجام و دروست بوون و لێکدانی ئه م په یوه ندیانه،لێدانی ئه م بزوتنه وه یه له که لله ی داگیرکه ران و ئاغاکانیاندا بـۆتـه گرینگترین و پێویستترین ئه رکی سه ر شانیان ، به جۆرێك بـێ شه رمانه و به به ر چاوی هه موو جیهانه وه گه له کۆمه کێی ده کرێتـه سه ر . خۆ ئه گه ر یه کێك له م ڕژێمانه ئه م لێدانه چه په ڵـه ی

chalakmuhamad@gmail.com

بە تەنها بۆ نەچێتە سەر ، یا ئەگەر بلێسەی ئاگری شۆرشی کورد هەڵمەتی بۆ بهێنێت ئەوا چەکی ناتۆی مەزنیش بەپەلە دەستی خۆی لە م لێدانەدا سەوز دەکات !

جا ئەگەر ئازادی ناو براو تروسکایشی دیار نەبێت ، خۆ هێنانەدی دیموکراسی و جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی بۆ دانیشتوانیکوردستان دەبێت چەنگێکی ئەتۆمی لە سەر بە رپابکرێت !

بەکورتی بۆمان دەردەکەوێت کە هێنانەدی دیموکراسی چەند بە ئەرك و ئاڵۆزە و دوا بە دوای ئەمەش چەند دوورە ، ئۆتۆنۆمی راستەقینەش لەوە دوورتر ، واتە چەند درێژ خایەنە کە ئەم ئومێدانە ببنە راستییەك ونەتەوەکانی ئەو جۆرە وڵاتانە لە ژێر سایەیدا پشوویەکی ئاسوودەیی بدەن . خۆ ئەگەر بەوردی بڕوانینە چەقینی کوردو خۆمان گێل نەکەین لە ئاستیدا دەبینین ئەم هێرشە درندانەی لە سەر مانە بە جۆرێکە مەگەر یەکێتی کورد دەنا تا بە و پلەیە دەگەین تین لە کێشەی کوردا نامێنێت و ئەوسا وەك نەتەوەیەك هیچ حسابێکمان بۆ ناکرێت لە سەر رێکی دیکە وە ئەگەر پاش چەندان ساڵ " دەیان سەدان " دیموکراسییەت بەرهەم هێنرا و ئەگەر کورد وەك ئێستەی هەر مایەوە دوور نیە کە دیکتاتۆریەتی*دیموکراسی دژ بە ئێمە بەکار بهێنرێت بەوەی کە زوربەی دانیشتوانی با بە نموونە بڵێین تورکیا*** بەرهەڵستی ئەوە بکەن کە کورد بە مافی نەتەوایەتی رەوای خۆی بگات ، چونکە ئەم مافە لەوانەیە لە بەرژەوەندی ئەو وڵات و گەلەدا نەبێت !

ئەمە چەند دێرێك لە رووی کردارەوە ،خۆ ئەگەر لە رووی

chalakmuhamad@gmail.com

ڕامیاری و یاساییه‌ی ئه‌م دروشمه‌ ورد بیکه‌ینه‌وه‌ ئه‌وا له‌ پێش هه‌موو شتێکدا ئاشکرایه‌ که‌ کوردستان به‌م جۆره‌ی ئێسته‌ هه‌یه‌: وڵاتێکه‌ نه‌ك بێ پرسی به‌ڵکو به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ دژ به‌ خواستی دانیشتوانی پارچه‌ پارچه‌ کراوه‌، ده‌ربڕینی هه‌ر جۆره‌ به‌رگرییه‌ك دژ به‌ کاره‌ساتی دابه‌ش کردنی کوردستان به‌ ئاگر و ئاسنی دوژمن ده‌م کوت کراوه‌، یا هه‌ر نه‌بێت هه‌ولی ده‌م کوت کردنیان داوه‌، هه‌روه‌ها ئاشکراشه‌ که‌ داگیرکه‌رانی جیهانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی کوردی تیا کوت کرا "واته‌ ئیمپریالیسته‌ ئه‌وروپاییه‌ کان به‌ سه‌رۆکایه‌تی به‌دفه‌ ساڵوتۆپیوی به‌ریتانیا" له‌ پێناوی هێندی سوودی چه‌په‌ڵی خۆیاندا بوو که‌ تا ئێسته‌ش هه‌ر له‌ ئارادان. له‌مه‌ چیمان بۆ ده‌رده‌که‌وێت:

١- پارچه‌ کردنی کوردستان پرۆژه‌یه‌کی ئیمپریالیسته‌ کان بوو له‌ پێناوی به‌رژه‌وه‌ندی و قازانجی خۆیاندا. که‌ واته‌ په‌سه‌ند کردنی بۆ یه‌کێك له‌م پارچانه‌ و خۆ به‌ خۆ جیاکردنه‌وه‌ی پارچه‌یه‌ له‌وانی دی له‌ لایه‌ن هه‌ڵگرانی ئه‌م دروشمه‌وه‌ پێ بزانرێ یا نه‌، شه‌رعییه‌تێك ده‌دا به‌و کاره‌ ناهه‌مواره‌.

٢- ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی ڕژێمه‌ داگیرکه‌ره‌ کانی ئه‌ورۆ به‌سه‌ر ئه‌م پارچانه‌دا هه‌ر بۆ پارێزگاری هه‌مان به‌رژه‌وه‌ندی ئیمپریالیزمییه‌. په‌یوه‌ندی کوردستان و ئه‌و رژێمانه‌ش په‌یوه‌ندی داگیرکراو Colonialised داگیرکه‌ر Colonialist واته‌ خه‌باتێکی ڕزگاری خوازو ڕه‌وایه‌ و به‌ هه‌ر جۆرێکی دی ته‌ماشا بکرێت لادانه‌ له‌ ڕێگه‌ی ڕاست و تاوانێکه‌ هه‌رگیز لێ بوردن هه‌ڵناگرێت.

٣- به‌ گوێره‌ی هه‌موو یاساو پێڕه‌وێکی جیهانی کێشه‌ی کورد

chalakmuhamad@gmail.com

نه ك هه ر په يوه ندييه كه له چوار چێوه ی ئه و وڵاتانه دا كــه به زۆر كوردستانی پارچه كراويان پێوه لكێنراوه به ڵكو به شێكه له و زۆران بازييه ی ساڵه ها ساڵه گه لان دژ به ئيمپريــالــيـزم به ر پايان كردووه و نه ته وه ی كورد يه كێكه له و نه ته وانه ی هێشتا له ژێر چه پۆكی بێگانه دا ماوه و ده ناڵێنێ .

٤ ـ كێشه ی كورد يه كه و پارچه پارچه كردنی ره وا نــيـيه، پێكه وه به ستنی خه باتی هه ره جۆر له گشت ناوچه كه‌داو دروست كردنی په يوه ندييه كی پته وو ستراتيژی كه تا ئێستا دروســت نه بووه ئه ركێكی پێويست و به په له ی سه ر شانی تێكۆشه رانه.

٥ـ ته نها دروشمی ره وا ئه وه يه كه دانيشتوانی كوردستان له كێشه ی خۆی ئاگادار بێت و مافی هه بێت بريار لــه ســــه ر چۆنيه تی ژيانی راميارى ، ئابووری ،كۆمه ڵايه تی .... له ژێـــر سێبه ری ئازاديدا بۆ دوا رۆژی خۆی بدات . ئه و دروشــمـه ش دروشمی " مافی چاره نووس " ه

⁂ ئه م وشه يه ره نگه له ناچاريدا بێت له كاتێكدا كه به ناوی ديموكراسيه وه و له پێناوی ديموكراسيه تدا گه لــێـــك تاوان ده كرێت به رامبه ر ژێر ده ستان،ديموكراسيه ت ئه‌گه ر هه ش بێت داره ستی ده سه ڵاتداره كانه .

* ⁎ بروانه فه ره نسا و سه ربه ستی دوورگه ی كاليدۆنيای فه ره نسی . چونكه فه ره نسايی نيشته جێ به ژماره زۆرتـــرن

chalakmuhamad@gmail.com

له دانیشتوانی ئه و دورگه یه . ئه گه ر ئه سا ده یه وێت بـــــه دیموکراسی چاره نووسی ئه و سه ربه ستیه بڕیار بدات، واتـــه به گوێره ی ویستی زوربه ی ئه وانه ی که له دورگه که داده ژین که فه ره نسین !

** * بۆ نموونه بڕوانه Charter of TheUN به شی "١" بڕگه ی "١" خاڵی ٢،٣.

بڕوانه :

The International Bill of Human Rights.

International Covenant on Econmic,Social،and Cultural Rights. به شی "١" بڕگه ی١ ،خاڵی ١ .

International Covenant on Civil and PoliticlRights به شی ١ بڕگه ی ١ خاڵی ١ .

بێجگه له گه لێك ڕاگه یاندن و بڕیاری جیهانی چ له ناو نه ته وه یه کگرتووه کاندا چ له ناو کۆمیته دامه زراوه کانی و یـــا لـــه ڕێکخراوه ناوچه یه کاندا له هه موو شوێنێکی سه ر ئه م زه مینه .

به م بۆنه یه وه ڕه نگه جێی خۆی بێت که بووترێت له ٢٩ بڕگه له و مافانه ی دیاری کراون له

Universal Declaration of Human Rights.

گه لی کورد ته نها یه کێکیشی پێ نه براوه .

chalakmuhamad@gmail.com

# یادی شۆڕشی ئەیلوول لە ڕوانگەی بیرەوەریمەوە

د.شفیق قزاز

لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئێستا گەلێك جار و بە زۆر شێوە ئەو شۆڕشە هەڵسەنگێنراوە ، هەر کەسە بە پێی بڕواو بۆچوونی خۆی لێی دواوە ، بێگومان دڵسۆزی و خەمخۆری ، نائومێدی و ناڕەزایی ، ستایش و بەتان و پۆداهاتن ، هەروەها ڕەنگە مەبەستی تایبەتیش لەو هەڵسەنگاندنانەدا خۆیان نواندبێ ، هیوادارم ئەمەی من باسی دەکەم کەمتر بە چاوی هەڵسەنگاندن و زیاتر بە شێوەی بیرەوەرییەك سەیر بکرێت کە بۆ یادی ئەو شۆڕشە نووسراوە کە لە مێژووی سیاسی نەتەوەی کورددا زۆر گرینگ و کارەساتاوییە .

لە مانگی مارتی ١٩٧٤دا ئاشکرا بوو کە ڕێگای ڕێکەوتن لەگەڵ بەعس بۆ گەیشتن بە چەسپاندنی شێوەیەکی باوەڕپێکراوی یاسای ئۆتۆنۆمی زۆر تەنگ و ئاڵۆز بووە ، پاش چوونی سکرتێری گشتی پارتی بۆ بەغداو گەڕانەوەی بە نائومێدی و ناردنی بە پەلەی کاك ئیدریس بارزانی لە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٨دا بۆ هەمان مەبەست و دووبارە گەڕانەوەی بە بێ گەیشتنە ئەنجام ، ئەوە بوو ڕژێمی بەعس لە ١٩٧٤/٣/١١ دا یاسا لاوازو کاڵ و گوێ کراوەکەی خۆی بڵاو کردەوەو پەیوەندی گفت و گۆی نێوان شۆڕش و میری پچڕاو قۆناغێکی تازەی خەباتی چەکداری دەستی پێ کردەوە ،،،

chalakmuhamad@gmail.com

بەلای منەوە ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر سەرنج ڕاكیشەر بـووبێت لەو كاتەدا ئەو خۆپیشاندانە سیاسیە بوو كە جەماوەری خەڵك لە هەموو پلەی كۆمەڵایەتی و جۆری ژیان و تەنانەت هەموو چین و كۆمەڵێكی كوردەوارییەوە ڕێگای ناوچەی ئازادكراویان گرتەبەر لە دەوری شۆڕش و سەركردایەتییەكەی كۆبونەوەو بەمەش نەتەوەی كورد دەری خستەوە كە لە كاتی تەنگانەدا بێلایەن و بەركەنار نابێت لە پشتگیری شۆڕشەكەی ، لە سەرەتاوە لە ناو هەندێك دام و دەزگای شۆڕشدا بیری ئەوە هەبوو كە هاندانی خەڵك بۆ هاتنـــە دەرەوە نەك هەر پێویست نیە بەڵكو كارێكی بەجێ‌نیەو دەبـــێ ڕیگای نەدرێت ، جا پێش ئەو ڕووداوانە بەماوەیەك ـ ڕۆژێـــك تاقمێك گەنجی خوێن گەرمی دڵسۆز لە ناوپردان پەیدا بــــوون ، مەكتەبی سیاسی منیان ڕاسپارد كە لە بڕیاری هاتنە دەرەوەیـان پەشیمانیان بكەمەوە ، بەبەڵگەی ئەوەی كەوا مانەوەیان لـــە جێگای خۆیان زیاتر پێویستەو نابێت ناوچەی كوردستانی ژێـــر دەستی میری و ئازاد نەكراو چۆڵ بكرێت ، گەیاندنی ئەو بڕیارە بەو گەنجە كوردانە زۆر ئەركێكی سەخت بوو چونكە لە لایەكەوە ئەركی هاتنیان بۆ ناو شۆڕش و بـڕوایان بە شۆڕشەكە مایـــەی شانازی و پتەو بوونی بڕوای ئێمەش بوو بەڵام لە لایەكی دیكـــەوە نەمانزانی كە هاتنی ئەو چەند لاوە سەرەتای قافڵەی هەزارانــــە، كە دام و دەزگای شۆڕش توانای نەبوو بە شێوەی پێویست و بەجێ پێشوازیان لێ بكات و بیانگرێتە خۆی ، جا هەرچەندە بەسەرزاری ئەو لاوە كوردانە گوێیان بۆ وەلامەكەی ئێمە شل كرد بەڵام گومانـم نیە كە نەگەڕانەوە و ئەوە بوو هەزارانی دیكەش هاتنە دەرەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

لێرەدا مەبەست تەنیا لە ڕاددەو شێوەی ئەو خۆپیشاندنە نیە کە خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی پیرۆزو دڵخۆشکەر بوو ، بەڵکوو دەبێت سەیری ئەنجامی بکرێت ، گرینگی ئەو خۆپیشاندانە تا ڕاددەیەکی زۆر لە جۆری ئەو کەسانە و ڕاددەی خوێندەواریان و جیاوازی پیشەو جۆری کارو پلەی لێوەشاوەییان دا دەردەکەوت ، ئەمەش لەخۆیدا سامانێکی گەورەو هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ بەهێز کردنی ناوەرۆك و سووککردن و ڕێکخستنی ئەرکی ڕۆژانەی دام و دەزگاکانی شۆڕش ، بۆ وێنە ژمارەی پزیشك و برین پێچ پێش هاتنی ئەو خەڵکە لە پەنجەی دەست زیاتر نەبوون بەڵام پاش ئەوە ژمارەیان گەیشتە پتر لە ١٠٠ کەس و ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە دەزگای تەندروستی شۆڕش بتوانێت لە هەموو ناوچەی ئازادکراودا بۆ خزمەتی خەڵك پزیشك و دەرمان و خەستەخانە تا ڕاددەیەکی باش تەرخان بکات هەر لە هێرشی جەماوەری ئەو خەڵکەوە بوو کە دەیان نووسەرو شاعیرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندو ڕۆشنبیر پەیدا بوون و ئیستگەی رادیۆو چاپخانەی شۆڕش و دەزگای ڕاگەیاندنیان ئاوەدان کردەوە، بەرهەمی شۆڕشیان لەم ڕوانەوە زیاترو دەوڵەمەندتر کرد، دڵسۆزی و خوێنگەرمی گەلێك ماموستاو خوێندکاران بوو کە ڕوویان کردە شۆڕش و بوون بە هەوێنی دامەزراندنی بنچینەی دانیشگای ئازادلە قەڵادزە، هەرچەندە کردەوەی نامەردانەو دڕندانەی بەعس لە بۆمبارانی قەڵادزەدا مەودای ئەو چالاکیوجموجوڵەی بری .

هەتا ساڵی ١٩٧٤ یش دەتوانین بڵێین کە لە ناو شۆڕش دا باوەڕێکی ئەوتۆ هەبوو کە گوایا هەر خەڵکی دەرەوەو پێشمەرگەی کۆن و ئەفسەرو سەرباز و پۆلیس توانا و لێوەشاوەیی خەباتی

chalakmuhamad@gmail.com
چه‌كدارانه‌و تاكتیكی شه‌ڕ به‌كارهێنانی چه‌كی هه‌مه‌جۆره‌یان هه‌یه‌، به‌ڵام ئاماده‌بوونی گه‌لێك گه‌نجی خوێنده‌واری شاری و به‌شداربوونیان له‌ ده‌وره‌ی ڕاهێنان ( تدريب ) له‌ سه‌ر زۆر جۆری چه‌ك و سه‌ركه‌وتنیان له‌و ده‌ورانه‌دا باشترین به‌ڵگه‌ بوو بۆ نه‌هێشتنی ئه‌و باوه‌ڕه‌ی پێشوو .

ئه‌وه‌ش ئاشكرایه‌ كه‌ هاتنه‌ ده‌ره‌وه‌ی خه‌ڵك به‌و جۆره‌ بووه‌ بنچینه‌ی دروست بوونی كێشه‌ی په‌ناهه‌نده‌یی و ده‌ربه‌ده‌ری و تا ڕاده‌یه‌ك سه‌رگه‌ردانی ژماره‌یه‌كی زۆری كورد بوو ، كه‌وا بوو خۆپیشاندان و پشتگیری گه‌لی كورد بۆ شۆڕشه‌كه‌ی ڕوویه‌كی زۆر گه‌شی ئه‌و شۆڕشه‌ ده‌رده‌خات و له‌ هه‌مان كاتدا هۆكارێكی گرینگ بووه‌ له‌ هه‌ندێك گۆڕان و ڕووداوی ناهه‌مواریشدا .

ڕوویه‌كی دیار و ئه‌ركێكی پێویستی هه‌موو شۆڕش و بزوتنه‌وه‌یه‌ك نوێنه‌رایه‌تی ده‌ره‌وه‌و شێوه‌و توانای ڕاگه‌یاندنی سروشت و هه‌وو ئامانجی ئه‌و شۆڕشه‌یه‌ به‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات ، جا له‌م سنووره‌دا لام وایه‌ كێشه‌ی په‌یوه‌ندی ناو كوردستان به‌ ده‌ره‌وه‌ شتێكه‌ كه‌ ده‌توانم بڵێم هه‌تا ئێستاش به‌ ته‌واوی چاره‌سه‌ر نه‌كراوه‌ ، ئه‌گه‌ر مه‌به‌ست له‌ ڕاگه‌یاندن ته‌نیا ئه‌وه‌ بێت كه‌ جۆره‌ په‌یوه‌ندییه‌ك له‌ نێوان سه‌ركردایه‌تی شۆڕش و نوێنه‌رانی له‌ ده‌ره‌وه‌دا هه‌بێت ئه‌وا ناتوانین بڵێین كه‌ ئه‌و جۆره‌ په‌یوه‌ندییه‌ نه‌بووه‌ ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر مه‌به‌ست گورج گه‌یاندنی هه‌واڵی تازه‌و ته‌واوو ئاگاداری وردبین و به‌رده‌وام له‌ ڕووداوی ناو شۆڕش و لێدوان و لێكۆڵینه‌وه‌ی به‌رنامه‌و پرۆگرامێكی باوه‌ڕپێكراو بێت ئه‌وا له‌م حاڵه‌ته‌دا كه‌م و كورتییه‌كی زۆر به‌رچاو ده‌كه‌وێت ، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌م ڕه‌خنه‌ پێشه‌كییه‌شدا

chalakmuhamad@gmail.com

دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی ئەیلوول لەم مەیدانەدا بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٥ دا هەندێك هەنگاوی چالاکانە و سوود بەخشی ناوە.

ئەوە بوو پاش ڕێککەوتنی ١١ ی مارتی ١٩٧٠ ئیستگەی شۆڕش وەستاو هەتا شەڕ دەست پێکردنەوەی ساڵی ١٩٧٤ نەکەوتەوە گەڕ، لە هاوینی ١٩٧٣ دا بیر لەوە کرایەوە کە بۆ پەیوەندی دەرەوە بە شێوەیەك سوود لە ئیستگە کە وەربگیرێت، ئەنجامی ئەو بیرە ئەوەی بەخشی کە هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەیەك و لە کاتێکی تایبەندا ئیستگە دەخرایە کارو لەسەر شەپۆلێکی نهێنی و بە جفرە هەواڵی پێویستی شۆڕشی بە نوێنەرێکی شۆڕش لە وڵاتێکی دەرەوە دەگەیاند.
من هەتا ساڵی ١٩٧٤ یش کە بەرپرسیاری دەزگای ڕاگەیاندن بووم لەوە ئاگادار بووم و تەنانەت وابزانم ئەو ماوەیەی کە ئەو ئەرکەمان لەئەستۆ بوو تا ڕاددەیەك گیرو گرفتی گەیاندنی هەواڵ بە دەرەوە چارەسەر کرا بوو

هەنگاوێکی دیکەی چالاکانەی شۆڕش هەر لە سنووری نوێنەرایەتی دا پێکهێنانی لیژنەی کاروباری دەرەوە بوو لە چەند برادەرێکی لێزان و بەرپرسیاری لیژنەکەش دوکتۆر مەحموود عوسمان بوو، واتا لیژنەکە ڕاستەوخۆ بە مەکتەبی سیاسییەوە بەسترا بوو، منیش بە حوکمی ئەوەی بەرپرسیای مەکتەبی ناران بووم و پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵ هەموو نوێنەرانی دەرەوەی شۆڕشدا هەبوو ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم، لە ماوەی کارکردنی ئەم لیژنەیەدا هەوڵی زۆر بۆ ریکخستن و پەرەپێدانی پەیوەندیدەرەوەو نوێنەرایەتی دراو تا ڕاددەیەکی زۆر لیژنە لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو

chalakmuhamad@gmail.com

بوو ، هەموو مانگێك ڕاپۆرتێكی دوورو درێژی لیژنە دەچوو بۆ هەموو نوێنەران لە دەرەوەو نوێنەرانیش ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیان بۆ لیژنەکە دەنارد ، هەروەها ژمارەی نوێنەران زیادکران و نوێنەر بۆ وڵاتانێ کەلەوە پێش نوێنەرمان نەبوو دانرا، وەکو وڵاتانی سکەندناڤیا ، سویسرا ، قاهیرە ، نیو یۆرك بۆ کارو باری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ( ئەمە بێجگە لە نوێنەری هەموو ئامریکا کە لە واشنتۆن بوو ) پەیوەندی بە ردەوامی تەلەفون لە نێوان مەکتەبی تاران و نوێنەرانی دەرەوەو پەیوەندی ڕاستەو خۆی نێوان نوێنەرانی تاران و کوردستان بە چاکی ڕێکخرا .

وا بزانم ڕێکخستنی کارو باری دەرەوە و نوێنەرایەتی شۆڕش هۆکارێك بوو بۆ پتەوبوونی بڕوای دام و دەزگای بێگانە بە چالاکی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥ دا ، ئەوەی لەم سنوورەدا شایانی باسە زۆربوونی هات و چۆی ڕۆژنامەنوس بوو بۆ کوردستان زۆری و فراوانی ئەو ڕاپۆرت و نووسراوو باسانەبوو کە لە لایەن ئەو ڕۆژنامەنووسانەوە بڵاو دەکرانەوە ، جا لێرەدا چالاکی و لێوەشاوەیی نوێنەرانی دەرەوەی ئەوکاتە هەروەها کاربەدەستانی پەیوەندیدار بەم کارەوە لە کوردستان پێویستە بخرێتە بەر چاو، بێگومان ئەگەر هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی دەرەوە نەبوایە، ڕۆژنامەنووس و دەزگای تەلەفزیون و نوێنەرانی ڕێکخراوە خەیریەکان دەست نەدەکەوتن و هان نەدەدران کە ڕێگای کوردستان بگرنە بەر و لە کێشەی کورد بکۆڵنەوە ، لە هەمان کاتدا گیانی لە خۆبوردن و چالاکی گەلێك کارمەندی زرینگ و بە سەلیقەو بە پشووی شۆڕش نەبوایە ئەرکی وەرگێڕان و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست و

chalakmuhamad@gmail.com

به رده وام و سازکردنی داواو ویستی ئه وه نده تاقم و ده زگای جـــۆر جوری بێگانه وه ده ست نه ده هاتن .

لێره دا به پێویستی ده زانم که یادی ئه و رێکخراوه مــــرۆڤ په روه رانه بکرێ که زۆر دۆستانه و ئازایانه بۆ یارمه تی دانـــی کوردو شۆرشی ئه یلوول هاتنه ده ست ، له وانه ئه وه ی له بیرم بن :

Swedish Red Cross , Save the Children Fund , Swiss Red Cross , Terre des Homme , Internation Committee of the Red Cross , Oxfam , War on Want. بوون .

هه ولی بێ وچانی نوێنه رانی ئه و رێکخراوانه و ئه رکی هات و چۆیان بۆ کوردستان ده رگای یارمه تی کرده وه له ده رمان و که ره ســـه ی پزیشکی و خه سته خانه ، جل و به رگ ، شیری وشك و ڤیتامین بـــۆ منداڵان ، به تانی و چادر ، قوماش و هه ندێك جار پاره بۆ کرینـــی ئه و بابه تانه ، هه روه ها هه ندێك له و رێکخراوانه خه سته خانــــه ی گه رۆك به که ره سه و کارمه ندییه وه یاخود تیپی کوتان روویـــــان ده کرده کوردستان و خزمه تی زۆر سوپاسگوزارو له بیر نه چویـــان پێشکه ش ده کرد ، ئه وه ش شایانی باسه که له م مه یدانه دا کـــار به ده ستانی کۆمه ڵی مانگی سووری کوردستان که له کوردستان و لـــه ده ره وه ی وڵات پێکهاتبوو زۆر کاریگه رانه ئه رکی سه ر شانـــی خۆیان جێ به جێ ده کرد و ده ستی بالایان له سه رگـــــرتـــن و سه رکه وتنی ئه و کارانه دا هه بوو .

روویه کی ناهه مواری شۆرش له سنووری سیاسه تی ده ره وه دا ـــ ئه وه بوو که دوو سه رچاوه ی سه رکردایه تی واتا باره گـــــای

chalakmuhamad@gmail.com

بارزانی و مەکتەبی سیاسی ئەوەندە لە یەک نزیک و تێکەڵ نەبوون کە بە یەک بیرو بۆچوون ئەو سیاسەتە دابرێژن و وەک سەرکردایە- تییەکی کۆ یەکدگیر پەیوەندی دەرەوەی شۆڕش ببەستن و بەڕێوەی بەرن، وەکو لە هەموو بزوتنەوەیەکی دیکەدا ڕوو دەدات لە شۆڕشی کوردستانیشدا چەند کەسێك دەست نیشان دەکران کە ئەرکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی شۆڕش ببەن بەڕێوە، دانانی ئەو کەسانە هەرچەند پارتی لێی بێ ئاگا نەبوو بەڵام وا ڕۆیشتبوو کە زیاتر بە پرس و ڕای بارەگای بارزانی دادەنران و زیاتریش بە رامبەر بەو بارەگایە بەرپرسیار بوون وەک لە مەکتەبی سیاسی و ئەمەش بە تایبەتی لە دوا ساڵانی شۆڕشدا کە ئەو پەیوەندیانە زیاترو فراوانتر بوون، لێرەدا وەنەبێت کە بڵێین مەکتەبی سیاسی تەواو بێ ئاگا مابێتەوە لە جۆری ئەو پەیوەندیانە و شێوەی ڕاگرتنیان ... تەنانەت هەمیشە ئەندامێکی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی زۆر نزیکەوە لە وردو درشتی ئەو پەیوەندیانە ئاگادار بووە و لە بەستن و ڕاگرتنیان بەشدار بووە، بەڵام ئەوەی سەرنج رابکێشێ ئەوەیە کە ئەو ئەندامە کەمتر وەکو نوێنەری مەکتەبی سیاسی و زیاتر وەکو کەسێکی باوەڕپێکراوو پشت پێ بەستراو بووە لەلایەن بارەگای بارزانیەوە، کە وابوو بە حوکمی ئەوەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی و دەزگایەکی باڵای سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی زانیاری تەواو پەیوەندی بەردەوام بەو پەیوەندیانەوە تا ڕاددەیەك لە تاریکیدا بوون، بێگومان ئەو بێ ئاگایی و نەزانینە بوونەتە هۆی ئەوەی کە بۆچوون و بیرو ڕای دوو سەرچاوەی هەرە بەرزی دەسەلاتی

chalakmuhamad@gmail.com

شۆڕش لە یەك ئاشكرا نەبن و یاخود بواری ئەوەیان نەبێت وەكو هەموو سەركردایەتییەكی كۆو یەك قسەو یەك بیر سیاسەتی شۆڕش دابڕێژن و بەڕێوەی بەرن ، ئەگەر بێت و بەوردی لەم بارەوە بكۆڵینەوە ڕەنگە هۆیەكی گەورەو گرینگی ناڕێكی باری سیاسی شۆڕشی ئەیلوول دەربكەوێت و دوور نیە ئەو بارە لەگەڵ هەندێك هۆی دیكە لە تێكچوون و ڕوخانی ئەو شۆڕشەدا كاریگەر بوو بێ .

زۆر جار وتراوە كەوا شۆڕشی كورد ئەوەی بە تفەنگی پێشمەرگە لە كۆڕی شەڕدا دەستی دەكەوێت لە سەر مێزی گفتوگۆ لە دەستی دەدات ، پاش هاتنەوە سەر حوكمی بەعس لە تەمووزی ١٩٦٨ دا ئەوە بوو دوای ماوەیەكی كەم هێرشی چەكداری و دڕندانەی كردەوە سەر كوردستان ، پاش نائومێدی و نەمانی هەستی سەركەوتن هەڵوێستی خۆی گۆڕی و كەوتە پەیوەندی كردن لە گەڵ شۆڕشدا ، ئەوە بوو لە سەرەتای ١٩٧٠ دا گفت و گۆ دەستی پێ كردو ئەنجامی ئەوەش ڕێككەوتنی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بوو ، پێش ئەم ڕێككەوتنە و كاتێك كە بەعس هێشتا هەوڵی ئەوەی بوو كە بە زەبری چەك شۆڕش بێنێتە ژێر بار ، ئێمەی نوێنەرانی دەرەوە خەریكی پەیوەندی بووین لە گەڵ وڵاتێكدا كە چاوەڕوانی پشتگیری شۆڕشی لێ دەكرا ، تەنانەت هەندێ ئەندامانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە نیازی ئەوەیان هەبوو كە لە ساڵی داهاتوودا پاڵپێوەنەری بڕیارێكی وڵاتەكەی خۆیان بن بۆ باسكردنی كێشەی كورد لە كۆمەڵی نەتەوە یەكگرتووەكان ، ئێمە لە گەرمەی ئەو جموجوڵەدا بووین كە گفت و گۆ لە گەڵ میری دەستی پێ كرد ، بۆ ئەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

هەڵوێست و جموجوڵەکان لەگەڵ [illegible] ری گفت و گۆ یەك ئاهەنگ بن هەمیشە چاوە ڕوانی هەواڵ بووین لە کوردستانەوە ، لە ۱۹۷۰/۲/۲۲ دا من وەکو نوێنەری شۆڕش لە ئامریکا نامەیەکم لـــە دوکتۆر مەحمود عوسمانەوە وەرگرت کە ئەو کاتە سەرۆکی وەفـــدی گفت و گۆی شۆڕش بوو ، پوختەی نامەکە ئەوەی دەگەیاند کە گوایـــا وەفدی کوردی بەکجار ناڕازییە لە شێوەی گفت و گۆ چونکە زۆر گیرو گرفت هەیە کە چارەسەر ناکرێن و ئومێدیان بە هیچ جۆرێك بـــە ڕێککەوتن نیە ، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەندامانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە پەیتا پەیتا داوامان لێ دەکەن کە گفت و گۆ گەیشتووەبە چی ؟ ،،،، ئێمەش لەبەر ڕوناکی ئەو نامەیەدا کە هەموو دەرگایەکی لـــە ڕووی ڕێککەوتندا داخستبوو کە وتینە زیاتر هاندانی ئەو دۆستانە کە هەوڵی ئەو پشتگیرییەیان دەدا ، ئەوە بوو بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئـــەو نامەیەوە لە ۱۱ی مارت دا ڕێککەوتن پێك هات .

جارێ با باسی ئەوە نەکەم کە ئێمەی نوێنەرانی شۆڕش بـــە ڕێکەوت و لە ڕێگای ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنی بێگانەوە لەو ڕێککەوتنە ئاگادار بووین کە ئەمە لە سنووری نوێنەرایەتی دەرەوەی شۆڕشێکدا بارێکی ناتەباو هەڵوێستێکی لاوازە ، خۆ ئەوەش با بخەینە لاوە کـــە بەرامبەر بەو دۆستانەی کە ئەو هەوڵەیان بۆ دەداین ئێمەی نوێنەرانی شۆڕش دەممان بوو بە تەڵەی تەقیو و پاشگەزبووینەوە ، لە هەمـــان کاتیشدا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان نەبوو لە ڕێککەوتنە کە کـــە ڕوویەکی تۆزێك قایم و یاخود بەڵگەیەکی سەلمێنەر پیشان بدەین ، لێرەدا ئەوەی سەرسووڕهێنەرە و تا ڕاددەیەك سەرچاوەی مەترسی بوو ئەوە بوو کە وا پاش ئەو هەڵسەنگاندنە ڕەشبینیە لە لایـــەن

chalakmuhamad@gmail.com

سەروکی وەفدی گفتوگووە دەبێت چی پالی بە شۆڕشەوە نابێت کە قایل بێت بە ڕێککەوتنەکە؟، وابزانم رووداوی چوار سالی پاش ڕێککەوتنەکە و بە تایبەتی شێوەی داڕشتن و بەرنامەی چەسپاندنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ١١ ی مارت لە خۆیاندا بەلگە بوون بۆ گومانی هەندێك کەس و ئاوێنەی هەستی بێبڕواو تا رادەیەك ڕەشبین بوون بە دوا ڕۆژی ئەو ڕێککەوتنە .

لە دوا مانگەکانی ١٩٧٣ و لە کاتێکدا کە گفت و گۆ لە نێوان شۆڕش و بەعسدا بۆ داڕشتنی یاسای ئۆتۆنۆمی و شێوەی دامەزرانی دەستی پێکردبوو لە لایەن سەرۆکایەتی شۆڕشەوە کۆمیتەیەك بۆ دانانی یاسایەکی فراوان و پڕ دەسەلات بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان پێك هاتبوو، ئەندامانی ئەو کۆمیتەیەش ئەمانە بوون: مامۆستا ئیبرایم ئەحمەد ، پارێزەر جۆرجیس فەتحوللا ، پارێزەر عومەر مستەفا ، خوالێخۆش بوو عەلی عەسکەری ، شەفیق قەزاز ، دکتۆر جەمیل شەرەف و شێخ محەممەدی هەرسین . ئێمەی ئەندامانی کۆمیتەش کورد وتەنی " دۆم بێت و کلاش بۆ خۆی بکات " دەستمان بەو کارە پیرۆزە کردو لە ماوەی چەند کۆبوونەوەیەکدا یاسایەکی چاك ـ لێکۆلراوە و تێرو تەسەلمان دانا کە هەموو باروو دەسەلاتێکی ڕەچاو کردبوو ، تەنانەت لە تەواو کردن و دوا باسی ئەو یاسایەدا یەکێك لە برادەرانی کۆمیتەکە هەلی دایەو وتی : هەموو شتێکمان لەم یاسایەدا داناوە ئالاکە نەبێت ، نەیسا پاش ئەنجامدانی ئەو کارەی پێمان سپێرا بوو یاسامان پێشکەش بە سەرکردایەتی شۆڕش کرد ، ئینجا کەوتینە چاوەڕوانی ئەوەی بزانین ئەو یاسایە چۆن و لە چی چوارچێوەیەکدا خۆی دەنوێنێت ،

chalakmuhamad@gmail.com

ڕەنگە پێویستە ئەوە بڵێم کە یاساکە بە کورپەیی نێژرا چونکە ئاشکرایە کە هەتا ئێستا بێجگە لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیەو بەشێك لە سەرکردایەتی شۆڕش هیچ کەسێك بە چاك یا خراپ ، زۆر یا کەم باسی ئەو یاسایەی نەبیستووە .

جا لێرەدا وابزانم ئەو پرسیارە جێگای خۆیەتی کە ئایا مەبەستی شۆڕش لە دانانی ئەو یاسایە چی بوو ؟ گومانم نیە لەوەی کە مەبەست دەرخستنی ڕاددەی زانیاری و لێوەشاوەیی ئەندامانی کۆمیتەکە نەبوو ، سەرنجێك لە هەل و مەرج و کاتی دانانی ئەو یاسایە وا دەردەخات کە پەیوەندییەك لە نێوان دانانی ئەو یاسایەو گفت و گۆی ئەو کاتەدا هەبووبێت ، جا ئەگەر هەل و مەرجی ئەو دەمە بخەینە پێش چاو بۆمان دەردەکەوێت کە چ ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ١١ ی مارت ی ١٩٧٠ و چ هەڵوێستی ڕژێمی بەعس کە لە ماوەی ٣ساڵی دواییدا دەرکەوتبوو هیچ بارو شێوەیەکی گونجاویان نەبوو لەگەڵ ئەو یاسایەی کە لەلایەن ئەو کۆمیتەوەو بە ڕاسپاردەی سەرکردایەتی شۆڕش داڕێژرابوو ، کەوا بوو لە هیچ بڕوایەکدا نەبوو کە ئەو یاسایە بکرێت بە بناغەی لێدوان و گفت و گۆ لەگەڵ ڕژێمێکی وەکو بەعسدا .

بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە شۆڕش نیازی ئەوەی بوو بێت کەوا لە حاڵێکدا ئەگەر گفت و گۆ ئەنجامێکی نەبەخشی ئەوا بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی یەك لایی بەعس بۆ یاساکەی خۆی شۆڕشیش ئەو یاسایە وەکو شێوەی دیاری کراو و باوەڕپێکراوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بڵاو بکاتەوەو خەبات بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی بکات ، بەلام ڕووداوو کارەساتی ئەو کاتە دووبارە

chalakmuhamad@gmail.com

بۆمان دەردەخات کە مەبەست ئەوەش نەبوو ،یاخود ئەگەر ئەوەش مەبەست بوو بێت دیارە ئەنجامدانی لە توانساو وزەی شۆڕشدا نەبوو لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك هەوڵ بۆ ئەو مەبەستە نەدرا ، ڕەنگە هەندێك کەسیش بۆ ئەوە بچێ کە گوایا بە دانانی ئەو یاسایە شۆڕش بەڵگەی نیازی ڕێك نەکەوتنی خستۆتە بەرچاو بەتایبەتی لە کاتێکدا کە سوور بزانێت کە وا بەعس بە هیچ کلۆجێك ئۆتۆنۆمی و ڕێککەوتنی ١١ ی مارت بە شێوەی فراوان و دەسەڵاتداری ئەو یاسایەی شۆڕش لێك ناداتەوە ، یاخود ئەو هەنگاوە بە ڕاسپاردەی ئێران بووبێت بۆ ئەوەی ڕێگاو مەودای ڕێککەوتنی نێوان شۆڕش و بەعس سەخت و ئاڵۆز بکات ، لێرەدا ئەوەمان لە بیر نەچێت بە بڕوادان بە هەر یەکێك لەو بۆچوونانە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبوایە لە پلەیەکی گفت و گۆدا ئەو یاسایە بۆ مەبەستی ڕێککەوتن وە یان ڕێکنەکەوتن بخرایەتە مەیدانەوە . بەڵام لەبەر ڕووناکی ئەو زانیارانەدا کە یاسای ناوبراو یەکسەر پاش دانانی دیزەبەدەرخۆنە کرا ، ئاشکرایە کە ئەو یاسایە بۆ هیچ یەکێك لەو مەبەستانەی باسمان کردن بەکار نەهێنراوە . کە وا بوو بەهەر بارێکدا لێکی بدەینەوە و لە هەر بۆچونێکەوە تێی بڕوانین ، دانانی ئەو یاسایە تەنیا بێ سەرو بەری بیرکردنەوەی سیاسی و تاکتیکی و دیپلۆماسی و نەزانینی سنووری دەسەڵاتی خۆو نیازو بیری هێزی بەرامبەر دەردەخات .

خەباتی چواردە ساڵی گەلێك ، بێگومان زۆر لەوە زیاترە کە بە چەند لاپەڕەیەکی نووسین یان بە باسی چەند ڕووداوێك لە سەنگی مەحەك بدرێت و ببێتە تەرازوو و کێشانی تەواو ،هەروەها

chalakmuhamad@gmail.com

شۆڕشێکی هێندە درێژخایەن دیارە گەلێک ڕووی گەش و هەروەها بۆچوونی هەڵە و تەنانەت هەندێک باری ناهەمواریشی هەیە ، جا لەبەر ئەوەی لێدوان لە هەموو ئەو بارانە پێویستە با هەندێکیشیان دڵ تەزێن بن ، هەروەکو هیچ شتێك ناتوانێت لە تۆماری مێـــژووی نەتەوەی کورددا ڕێگا لە شۆڕشی ئەیلوول بگرێت کە جێگـــــای تەرخانکراوی خۆی پڕ بکاتەوە ، بێگومان ئەو شۆڕشەش ناتوانێت لە حوکمی مێژوو ـ و بڕیاری ڕەوای دواڕۆژی نەتەوەی کورد خـــۆی کەنارگر و بێباك بکات .

******************

ئەوینی گـــــــــــەورە

چی زۆر بەنرخە و من شکی دەبەم　　　نیشتمان بەدڵ پێشکەشتی دەکەم

من ئەوینی وام بۆت کەوتۆتە دڵ　　　ئاواڵمە کاتێ دەشکەومەبن گـــڵ

ئەوینێ هەرگیز ناکا پرسیـــــار　　　تاقی کەرەوە جارێك نا صەدجار

ئەوینێ هەرچی تۆبڵێی دەویـــرێ　　　زۆر ئامادەیە نرخی بژمێـــرێ

ئەوینێك هەرچی هەسی زۆرو کەم　　　دەڵێ ئامادەم قوربانتی دەکەم

بۆ کـــــوردستان

هـــەژار

chalakmuhamad@gmail.com

# Schutz der kurden

## بەكوردی «خۆپاراستنی كورد»
## بەعەرەبی «دفاع الاكراد» یان «حمایة الاكراد»

نووسه ر :عبدالمصور سلێمان بارزانی. — سەعد —

ساڵ و شوێنی چاپ : ١٩٨٥ ڤیه نا.

ده زگای چاپه مه نی : ده ستنیشان نه كراوه.

ژماره ی لاپه ره : به شی یه كه م ٢٨٠ل ،به شی دووه م٤٦٦ل.

ئه م بەرهه مه له بنه ڕه تدا نامه ی دوكتۆرایه كه به زمانی ئه ڵمانی نووسه ر له ١٩٨٥دا له زانستگای ڤیه نا بڕوانامه ی دوكتۆرای پێ وه رگرتووه ، هه ر له هه مان ساڵدا به چاپی ئوفسێتی گه یاندووه و له شێوه ی كتێبدا به دوو به رگ بڵاوی كردۆته وه.پیاو ده توانێ به بێ زیاده ڕۆیی ئه م كتیبه وه ك دووه م خۆلاسه ی كورد و كوردستان له قه ڵه م بدا .له سه ره تای مێژووی میلله تی كورده وه تا نێوه ڕاستی ساڵی ١٩٨٣ ڕووداوێك، كاره ساتێك یان ڕاپه ڕینێك نه ماوه نووسه ر هه رچه نده زۆر سه ر پێیش بێت ئاوڕێكی لێ نه دابێته وه ، پارسه نگی كتێبه كه كوردستانی خوارووه تایبه ت شۆڕشی ئه یلوول كه نووسه ر كردویه تی به كرۆكی كتێبه كه و به وردی سه ره تای به رپا بوونی و په ره سه ندنی و هۆی ڕووخاندنی ، پاشان ده ورو ئه نجامه كانی له بزووتنه وه ی گشتی میلله تی كورددا ، ده خاته به ر باس و لێكۆڵینه وه .

chalakmuhamad@gmail.com

کتێبە کە [illegible] .هە ر بە رگـە ش لە دوو بە ش پێك هاتووە . بە شی یە کە م لە بارە ی بن و بنچینـەو ڕە چڵە کی کوردە وە دە دوێت و مێژووی کوردو کوردستان تا شە ڕی یە کە می جیهان باس دە کات ، بە شی دووە م پە رە سەنـــدنو گۆڕانی باری سیاسی لە کوردستاندا تا سالی ١٩٨٥چارە سە ردە کاتو ڕۆڵی وڵاتە زلهێزە کان و ڕۆژئاواییە کان لە دابە شکردنی کوردستان بە سە ر پێنج وڵاتدا دە ست نیشان دە کات .لە بە شی ســێیە مـدا نووسە ر درێژە بە باسی سیاسی و مێژوویی کوردستان تا سالی ١٩٧٥ دە دات . بە شی چوارە م و کۆتایی تە رخان کراوە بۆ قۆناغـــی دوای هە رە س هێنان تا ساڵی ١٩٨٣ . لە کۆتایی ئە م بە شە دا چە ند جۆرە چارە سە رێك بۆ کێشە ی کورد پێشنیار کراوە .ئێمەش لـــە پاشدا چاوێکیان پێدا دە خشێنین .

لە پێشە کی نووسە ر بۆ بە رگی یە کە م هاتووە و دە ڵێت : ئە م بە رهە مە تە قە لایە کە بۆ دۆزینە وە ی وە ڵامی چە ند پرسیارێك وە ك کورد کێن ؟کێشە کە یا ن چیە ؟هۆی چیە ئە م کێشە یە تـــــا ئێستا بە بێ چارە سە رماوە تە وە ؟ ئایە چارە سە ر هە یە بۆ ئـــە م کێشە یە ؟

بۆ وە ڵامی پرسیاری یە کە م نووسە ر گە شتێك بە ناو چــە ندا ن تیوری و لێکدانە وە و بۆچوونی جیاواز جیاواز دە کات بە ڵام مەسەلەکەی بۆ ساغ نابێتە وە ،بۆیە لە کۆتاییدا پە نا دە بات بۆ د. ئارشـــاك سافرستیانی ئە رمە نی و لە زمانی ئە وە وە دە نووسێت "هێشتاناتوانیین بن و بنچینە و ڕە چڵە کی کورد بە تە واوی دە ست نیشان بــکە یــن ئە مە یش وە کی گشت دە زانین تایبە ت بە کورد نیە ، بە ڵکو گشت

chalakmuhamad@gmail.com
میللەتان دەگرێتەوە تایبەت میللەتانی ڕۆژهەلات بە هۆی نیشتەجێ گۆڕکێ و تێکەڵ بوونەوە بە درێژایی مێژوو.

کێشەی میللەتی کورد، بە ڕای نووسەر کێشەیەکی میللی ناسیونالیە و تەنها لە سەر بناغەی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس چارەسەر دەکرێت. ئەم کێشەیەش لە خۆڕا پەیدا نەبووە بەلکو لە ئاکامی سیاسەتی نێو دەولەتی و لە پێناوی پاراستنو پەرەپێدان بەبەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان هاتۆتەکایەوە، چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە بەرژەوەندی گشت ناوچەکەدایەومەرجێکی سەرەکیە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و تەبایی وگوزەرانی گشت میللەتانی ڕۆژهەلات، لە کۆتایی بەرگی دووەمدا نووسەر سێ جۆر چارەسەرکردنی بۆ کێشەی کورد خستۆتەبەرچاو :

** چارەسەرکردن لە چوار چێوەی یاسای ئیسلامیدا، ڕەنگدانەوەی کێشەی ناسینالی لە ئیسلامدا نیە بەلام مافیەکسانیو خۆبڕیاردان لە گشت ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیدا بێ جیاوازی ڕەنگی پێست و ڕەچلەك پارێزراوە. ئەم بناغە فیکرییەی خۆشکەرەبەرەو بەیەکەوە گوزەران کردنی موسلمانان بە ئاشتیوتەبایی و یەکسانی لەمەیش زێتر نووسەرلە و بڕوایەدایە کە ئەم جۆرە بەیەکەوە گوزەرانە بێ جیاوازییە لە ژێر ئالای وڵاتێکی ئیسلامیدا سەربەخۆی سیاسی و ئابووری و سەربازی بەدەمەوەیە، لە داهاتووشدا دەبێت بە بنکەیەکی جیهانی ئیسلامی و بەرەو یەکگرتنەوە دەڕبات، هێزەکەی جارانی پێ دەبەخشێت و لە ژێر زوڵم وژێردەستەیی ڕزگاری

chalakmuhamad@gmail.com

ده كات .

** چاره سه ركردنێك به هۆی ئۆرگانیزاسیۆنی نه ته وه یه كگرتووه كانه وه : كێشه ی كورد وه ك كێشه نه ته وه یه كانی دیكه ی جیهان شایانی لێدوان ولێكۆڵینه وه و چاره سه ركردنه له لایه ن نه ته وه یه كگرتووه كانه وه.بڕیاره كانی نه ته وه یه كگرتووه كان ده رباره ی مافی خۆبڕیاردانی چاره نووس ، كه بۆ سوودی چه نده ها كۆڵونی خراوه ته كایه وه و ئازادیان وه ده ست هێناوه، ده بێت بۆ كوردیش به كار بهێنرێت چونكه كوردستان ، با داگیركه رانی وڵاتی كۆلۆنیالی ئه وروپی نه بن ، كۆلۆنیه و زۆر خراپترو دڕنده تر له كۆلۆنی حوكم ڕانی ده كرێت .

** چاره سه رێك به هۆی وڵاته زلهێزه كانه‌وه: چه ندان سه ده یه وڵاته زلهێزه كان كار ده كه نه سه ر چاره نووسی میلله تانی بچووك و كه م هێز . به یارمه تی ئه وان هه ندێك له و میلله تانه ئازادیان وه ده ست هێناوه ، شۆڕشی ڕزگاریخوازی زۆری دیكه یان وه كی كورد به به رهه ڵستی كردن ودژایه تی ئه وان سه ركوت كراوه.له‌به‌ر چه ند هۆیه ك، بۆ وێنه باری سیاسی له ناوچه ی ڕۆژهه ڵات به گشتی تا ئێستا ئامانجی میلله تی كوردو به رژه وه ندی وڵاته زلهێزه كان یه كیان نه گرتووه . بێجگه له هه ندێ یارمه تی پروپاگنده یی بێ سوود تایبه ت له لایه ن سۆڤیه ته وه . وڵاته زلهێزه كان نه ك هه ر یارمه تی كوردیان نه داوه به ڵكو زۆر دڕندانه دژایه تییان كردووه و كێشه كه یان له پێناوی په ره پێدان و پێشخستنی به رژه وه ندی هه مه چه شنه ی خۆیاندا به كاریان هێناوه و ده هێنن . ئه م هه ڵوێسته به ڵام ده شێ له ئاكامی گۆڕانی باری سیاسی له ناوچه كه و جیهان بێته

chalakmuhamad@gmail.com

گۆڕین ، ئه و کاته نووسه ر دروست کردنی وڵاتێکی کوردی سه ربه خۆی بێ لایه ن له و ده رفه ته ی دێته پێشه وه وه دوور نازانێت .

نووسه ر به دوورو درێژی له شۆڕشه کانی بارزان ده کۆڵێته وه و ده وری بارزان و بارزانیه کان له بزوتنه وه ی کوردایه تی دیاری ده کات "بارزانیه کان بۆکورد وه ك پروسیه کان بۆ ئه ڵمانیا وان " نووسه ر ده ڵێت "هه ردوو لایان توانای سوپابیان بووه و یه کیتی و یه ککرتنه وه ی میلله ته که یان ئامانجی مه زنیان بووه" بارزانیه کان له سێ به شی کوردستان دژ به سێ داگیرکه ر شۆڕشیان به رپاکردوه و هێشتا له مێژوویاندا نه بوون به کۆسپێك له رێگای شۆڕشی کورددا ، نووسه ر پاشان دێته سه ر باسی دووبه ره کی له نێوان بارزانیه کانداو سه ره تای ئه م دووبه ره کیه ،به ڕای ئه و ده گه ڕێته وه بۆ ساڵی ١٩٦٨ پاش مردنی شێخ ئه حمه د ، که نووسه ر پایه و ده ورێکی باڵای پێ ده دا "تا شێخ له ژیاندا بوو خیانه ت و زوڵم و زۆر نه ده کرا "پاش مردنی شێخ و ڕێنه که وتن له سه ر جێگره که ی ،بارزانیه کان ده بنه سێ به شه وه : شێخ خورشید (هه لبژارده ی شێخ ئه حمه د خۆی ) ،شێخ عوسمان و شێخ محه مه د خالید ، مسته فا بارزانی و کوڕه کانی . به م جۆره بارزانیه کان بۆ یه که م جار له مێژوویاندا به بێ سه رۆك ده مێننه وه .

مسته فا بارزانی ئه م ده رفه ته ده قۆزێته وه و خۆی ده کات به سه رۆکی بارزانیه کان ، که به ڕای نووسه ر شایانی ئه و شوێنه نه بووه، به م جۆره دوو به ره کی ده بێت به ڕاستییه ك و به هه موو لایه کدا باڵ ده هاوێت ، له بارزانیه کاندا لوقما وعوبه یدوڵلاو شێخ عوسمان و کێ و کێ (له ترسی گیانی خۆیان )به ره و به غدا هه ڵدێن ، شۆڕش له

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستانی خوارووشەوشۆڕی دەبێت و خیانەت وناپیاوی سەر هەڵدەدەن، نووسەر دووبەرەکی بارزان لە تەنیشت دووبەرەکیەکەی ١٩٦٤ ەوە دادەنێت لەگەڵ یەك جیاوازی : دووبەرەکی ١٩٦٤ تێشکاندنی سیاسی بەدەمەوە بوو ، ئەمیان تێشکانی سەربازی ، بەهەرحاڵ ئەگەر لەنگییەك لەم بۆ چوونانەی سەرەوەی نووسەردا هەبێت،ئەوەیەدە ربارەی مستەفا بارزانییە، مەلا مستەفا هەرلە پەنجاکانەوە ، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و بەرپاکردنی شۆڕشی ئەیلوول وەك سەرۆکی کورد نەك هەر بارزان ، ناسراو بۆیەکەم جار لە مێژووی کورددا گشت سنوورێکی خۆماڵی ناوچەیی شکاندو ناوبانگی جیهانی دەرکرد.

نووسەر لە کتێبەکەیدا گرنگی تەواو بە جۆرەها تێگەی سیاسی و نێو دەوڵەتی وئابووری و رامیاری دەدات و پەیوەندییان لەگەڵ کارتێکردنیان لە کێشەی کورد لێك دەداتەوە ، یەکێك لەو تێگانە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسە کە نووسەر بۆ کوردی بەڕەوا دەبینێت " مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس خۆماڵییەکی شۆڕشگێڕانەی لەگەڵ دایە ،چونکە نادرێت بەڵکو دەسێنرێت "

** تا ئێستا ئەم مافە لە بواری ترادیسیۆنی خۆیدا واتە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی سنوور یان کێشەی کەمایەتی نەخراوەتەکایەوە .

*× هەڵوێستی زووربەی وڵاتان دەربارەی ئەم مافە زۆر جار لەبەر تیشکی بەرژەوەنیی خۆیان دەستنیشان دەکرێت .

* ئەم مافە تەنها لە ڕێگەی شۆڕشەوە دەخرێتە کار و سوودی لێ وەردەگیرێت چونکە دەرگای ئاشتی یا دیبلۆماسی خڕ بەستراوە .

chalakmuhamad@gmail.com

به ڕای نووسه ر چێتر ده بوو ئه گه ر بهاتبایه و کوردستان لـه ژێر مانداتی یه کێك له وڵاته زلهێزه کاندا بوایه . له م مانـداتـه پاشان ده بوو به بناغه و ڕێخۆشکه ر بۆ ئازادی وه ده ست هێنـــان، بۆ نموونه کوردستان وه ك ماندات (کۆلۆنی )ده یتوانی زۆر چـاك (وه ك چه نده ها کۆلۆنی دیکه )سوود له مافی خۆبڕیاردانی چاره نووس وه ر گرێت و سه ربه خۆیی وه ده ست بێنێت . ته قه لای شه ریف پاشا له م بواره دا شایانی باسه ، ئه و ده یه ویست خۆی بکات به مه لیکـی کوردستان له ژێر مانداتی ئینگلیزدا به و نیازه ی له پاشـــه ڕۆژد ا (ئه و ڕۆژه ش بێ گومان ئێستا له مێژ بوو هاتبووه دی ؟) سه ربه خۆیی وه رگرێت ،ئه م ڕێگه یه به لا ی نووسه ره وه زۆر پیرۆزتر بوو لـــه وه ی کورد له ژێر ده ستی داگیرکه راندا بمێنێته وه ،ئه وه بوو دوای شه ڕی یه که م و دووه می جیهانی ڕووداوه کان به پێچه وانه ی به رژه وه نـدی میلله تی کورده وه هاتنه پێشه وه و له ئاکامی ئه و ڕوووداوانـــــه دا کوردستان کرا به پێنج به شه وه و به سه ر پێنج کیشوه ردا دابـه ش کرا ،ئه م چه پوکه هه نده به هێز بوو چۆکی به بزووتنه وه ی کوردیدا داو بێ هێزی کرد،ئه نجامه که شی گۆڕینی ستراتیژی شۆڕشی کـورد بوو له یه کگرتنه وه و ئازادی و درووست کردنی کوردســـــتانــی یه کگرتووه وه بو داوای ئۆتۆنۆمی

نووسه ر جارێکی دی له گه ڵ ئه مین زه کی به گـــدا یــــه ك ده گرێته وه و په یمانی سیڤه ر- ۱۹۲۰ تاوان بار ده کات .

* *** به پێی ئه و په یمانه به شێکی زۆری کوردستان ده خرێته سه ر وڵاتی ئه رمه ن .

**** ئه و ماف و ده سکه وتانه ی بۆ کورد ڕه چاو کرابوون ئه وه نده

chalakmuhamad@gmail.com

مه رج و شه رت و شروتی له گه ل دا بوو که له وه ته ده چوو بتوانرێت بخرێته کاره وه ۰

* ** ته نها سوودی ئه و په یمانه بۆ کورد له وه دا بوو نێوی کورد بکه وێته نێو نێوی ده وڵه تانی جیهانه وه و کێشه که ی له دۆکیومێنتێکی نێو ده وڵه تیدا باس بکرێت ۰

له م کتێبه دا وه ك له زوربه ی به رهه مه نوێکانی نووسه رانی کورد، رێبازێکی ( Tendenz) ڕه خنه یی به دی ده کرێت، د۰ بارزانی په رده له ڕووی سه رکردایه تی کوردو چینی ئێلیته له کوردستاندا داده ماڵێ و ئۆباڵی کاره ساته کانیان ده خاته پاڵ ، له دوای جه نگی یه که می جیهانیه وه ئێلیته ی کورد زێتر ئه ودالی بیرو باوه ڕی چه پی ده بێت ،له لایه که وه له ئاکامی نائومێدی له هه ڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا له مه ڕ مه سه له ی کورد ،له لایه کی دیکه وه به شومێدی یارمه تی وه رگرتن له سۆڤیه ت ،هه ر چه نده زوربه ی ئێلیته ی کورد خۆی به مارکسیزم ـ لینینیزم وه ك چه پ ڕه و ده داته قه ڵه م، له هه ڵس و که وتدا بۆرژوان و له واقیع دا ژیانی ئیروستۆکراتیانه به سه ر ده به ن ، واته جیاوازییه کی گه وره له نێوان بیرو باوه ڕو ته تبیق دا هه یه ، له م ڕووه وه نووسه ر چینی ئێلیته وه ك کوسپێك داده نێت له ڕێی یه کێتی له نێو کورددا ،گشت ئه مانه، سه رۆك یان ئێلیت،باسی خه بات و شۆڕش ده که ن،به ڵام که سیان له خۆبووردن و دڵسۆزیان تێدا نیه،هه موو کاتێك دروشمیان "بۆ پێشه وه به ڵام نه ك له دوای منه وه " یه ، به کورتی ئه مانه گشت شۆڕشگێڕی سالۆنن، به ڕای نووسه ر ته نها جیاوازی له نێوان سه رکرده ی کوردووانقلاب چیه عه ره به کان ئه وه یه که کورده که وڵاتی نیه ده ستی به سه دابگرن!.

chalakmuhamad@gmail.com

# کوردانی ئەورۆ

کوردۆ عەلی

**پێشەکی :**

ساڵی ١٩٨٥ ، لە زانستگەی ڤییەننا ، سێ لاوی کوردی لێ هاتوو ، سێ کارنامەی دوکتۆرایان ، دەربارەی کێشەی ڕەوای نەتەوە زۆڵێ کراو و دیل کراوەکەیان پێشکەش کرد .

١ـ کاک عەبدولصەمەد سلێمان بارزانی " پارێزگاریی کوردان " (*)

٢ـ کاک فازڵ مەلا مەحموود " سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد " (**)

٣ـ کاک فازڵ مەلا خەلیل " کوردانی ئەورۆ "

کە برایانی دەستەی نووسەرانی گۆڤارە سەرکەشەکەی " هەڵوێست " ، رووبیان لێنام ، بە گوتارێک دەربارەی شۆڕشی ئەیلول ، لەو ژمارە تایبەتی یەدا بەشداری بکەم ، کە بۆ یادی پڕ شکۆی شۆڕشی ئەیلولی کوردی ڕاپەڕیوی تەرخان دەکەن ، کە پێم وایە هەنگاو و هەڵوێستێکی هێجگار کوردانە و مەردانەیە ، چونکە شۆڕشی پیرۆزی ئەیلول ، شۆڕشی نیو ملیۆن شەهیدی کورد ، نەک هێشتا مافی پێویستی خۆی پێ نەدراوە و لە جێگەی شایانی خۆی دا دانەنراوە ، بەڵکە گەلێک جار لە سەرکۆنە و چەموڵەی داخ لە دڵان و ناحەزانیشی یەدا ، زێدەڕەوی یەکی بێ ویژدانانە و بێ تام کراوە .

---

(*) هەڵسەنگاندنێکی پوخت دەربارەی ئەم کارنامەیە ، لەلایەن برا و هاوبیری هێژام "کاک سەعدوڵلا" وە نووسراوە و هەر بۆ ئەم گۆڤارە نێردراوە .

(**) بە نامیلکەیەک کە ئێستا لە ژێر چاپ دایە ، ئەم کارنامەیەم هەڵسەنگاندووە .

chalakmuhamad@gmail.com
حەزم کرد لەم ژمارەیەدا بەم گوتارە هاوبەشی ی بکەم . بەو هیوایەی تیشکێك بخەمە سەر لایەنێکی مەسەلەکە و هەڵسەنگاندنێکی کورتیش دەربارەی کارەکەی کاك " فازڵ مەلا خەلیل " پێشچاو بخەم و بەخوێندەرانی بناسێنم .

لەم ژمارەیەدا پێناسە و هەڵسەنگاندنێکی کورت و پێویست دەربارەی کارنامەکەی کاك فازڵ دەنووسم . ئەوجا گەشتێك بەو گوتارانەدا دەکەم کە ڕۆژنامە ئەوروپایی یەکان تا ساڵی ۱۹۶۳ لەمەر شۆڕشی ئەیلول نووسیویانە و کاك فازڵ لە کارنامەکەی دا سەرپاکیانی تۆمار کردووە . بەهیوام ئەم گۆڤارە ئازیزە دەروازەم لەسەر دانەخات و هەلم بۆ برەخسێنێت ، تا لە ژمارەکانی داهاتوودا گەشتێك بە گوتاری ڕۆژنامە ئەوروپایی یەکانی پاش ساڵی ۹۶۳ دا بکەم و خوێنەرانی بەڕێزی پێ ئاشنا بکەم .

بابەتەکە :

ئەم کارنامەیە کەکاك فازڵ لەبەشی ڕۆژنامەگەری زانستگەی ڤیەننا پێشکەشی کردووە و پاشان کراوەتە کتێب و لەلایەن بنکەی چاپەمەنی ی ( Europaverlag ) ەوە لە ۱۹۸۵ دا و هەر لە ڤیەننا چاپ کراوە ، بەبەڵگە نامەکانەوە تێکڕا ۲۳۵ لاپەڕەی گرتۆتەوە . کارنامەکە دەربارەی مەسەلەی کوردە لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۶۱ ـ تا ـ ۱۹۸۰ ، لەڕۆژنامە ئەوروپایی یەکان دا . بەڕێز " هاینز فیشەر " وەزیری زانست و لێکۆلینەوەی نەمسا ، کە لە سۆسیال ـ دێموکراتەکانە و یەکێکە لە دۆستانی کورد ، پێشەکی یەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە و دەڵێت :

(( کێشەی کورد لەوڕۆدا ، بەو شێوە ئاڵوزەی ، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە جیۆسیاسی یە و ئەو گۆڕانە سیاسی یانەی پاشڕمانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هات . لەکێشانی سنووری

chalakmuhamad@gmail.com

ئەو وولاتە نوێیانەی پاش یەکەم جەنگی جیهانی دامەزران ، هیچ ئاوڕێك لە باری ئیتنی میللەتان نەدرایەوە و خاکی کوردستان بە سەر چوار وولاتدا بەخشرایەوە، کە لەو کاتەوە کورد وەکو کەمنەتەوەیەکی ئیتنی ، لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پسیخۆلۆژییەوە لە چوارچێوەی ئەو وولاتانەدا لە قاڵب دەدرێت .

راستی یەکی بەڵگە نەویستە کە هەستی یەکێتی نەتەوایەتی کورد لە سەردەمێکدا سەری هەڵداوە ، کە باری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، بەهۆی بەرژەوەندی یە ستراتیژییەکانی زل هێزەکانەوە و بە هۆی سیاسەتی نەوتاوی جیهانەوە ، بەهۆی گەلەك کێشەی رەگ داکوتاوی دیکەوە ، بە تایبەت کێشەی چارەسەر نەکراوی فەلەستینی یەکانەوە ، تا دێت گرژتر و دژوارتر دەبێت .

لەو هۆیانەوە کە کێشەی کوردیان لە کەنار خزاندووە ، بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد کە بۆ ئۆتۆنۆمی و مافی چارەنووسی تێدەکۆشێت ، لە مل ملانێ ی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بە زەحمەت شوێن پێ ی دەبێتەوە . بۆیە کەمتر سەرنج رادەکێشێت و بایەخی دیپلۆماسی یانەی کەمتری پێ دەدرێت . لەبەر ئەو هۆیانەیە کە کورد خۆیان بە " گەلێکی بێ پارێزەر " دەزانن . هەرچەندە چارەنووسی سیاسی یان هاودەنگی یەکی لە بڵاوکراوە جیهانی یەکاندا پێ براوە ، بەڵام کاریگەری یەك و جێ پەنجەیەکی ئەوتۆی بە جێ نە هێشتووە )) .

نووسەر ، پێشەکی یەکی ٣٨ لاپەڕەیی بۆ کارنامەکەی نووسیوە . لەو پێشەکی یەدا تێڕوانینێکی کورتی مێژووی کوردی پێشچاو خستووە . کە شتێك بە مێژووی کورددا دەکات ، هەر لە ئیمپراتۆرێتی میدیاوە تا یەکەم جەنگی جیهانی و بەشکردنی کوردستان و پەیمانی سێڤەر و دان نانێکی ساختە بە مافی کورددا .

نووسەر دەڵێت : ( راستە کە دەڵێن " کورد دێرینترین کۆمەڵگەی ئۆروستوکراتی جیهان " . پاشماوە نووسراوەکانی سۆمەری یەکان ، کە دوو هەزار ساڵ

chalakmuhamad@gmail.com

پێش زایین هەڵکۆڵراون ، ئەو ڕاستی یە بەدەردەخەن . بۆ نموونە لە سەر یەکێك لەو بەردە هەڵکۆڵراوانە ، نێوی " کاردا کا " نووسراوە . بە هەرحاڵ باب و باپیرانی کورد ، بەلای کەمەوە ، لە هەزار ساڵ پێش زایینەوە لە کوردستانی ئێستادا نیشتەجێ بوون . گەزەنەفۆن لە " ئەنا باسیس " ەکەیدا گەواهی ئەوە دەدات . شك لەوەدا نی یە کە گەلی کورد یەکێکە لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست . بنەچەی دەگەڕێتەوە سەر مادەکان . مادەکان ( کورد ) کێونشین بوون و لە وەچەی ئێرانی یەکان کەوتوونەتەوە . لە سەدەی حەوتەمی پیش زایین دا بە ڕادەیەك بە هێز بوون کە پاش مردنی ( ئاشور پانیپال ) ی پاشای ئاشووری ، دژی گەلەکەی جەنگان و لە ٦١٢ ی پێش زایین دا شاری نەینەوایان داگیر کرد ) .

پاشان لە ل ١٤ دا باسی هێرشی ئیسلام دەکات و ئەو خوێنڕێژی یانەی لەشکری ئیسلام لە کوردستان دا دەستیان دایە . بۆ بەڵگەی ئەو ڕووداوانە شیعرە ساختەکەی ، گوایە لە سەر پیستی ئاسك نووسراوە ، لە کارنامەی دوکتۆراکەی کاك " کەمال فوئاد " ەوە دەخوازێت و دەیکاتە پشتگیری کەمری ڕاستی ی ئەو ڕووداوانە . ئەو شیعرەی بەم دێرە دەست پێ دەکات :

" هورمزگان ڕمان ، ئاتەران کشان "

دیارە نووسەر ئاگای لەو دەمەتەقێ و نووسینانە نی یە کە لە مەڕ ئەدەبی ساختە و ئەم شیعرە کراوە . تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نی یە کە ئەو پێستەیە هەبوو بێت . جگەلەوەی زمانی شیعرەکە لە کوردی ی هیچ سەردەمێك ناکات و تێکەڵەیەکی چەند زاراوەیەکە .

پاشان نووسەر باسی سەرپاکی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد دەکات و دەڵێت : ( ئەو ڕاپەڕینە فارمانانەی کورد ، بۆیە سەرکەوتوو نەبوون ، چونکە کورد توانای ئەوەی

chalakmuhamad@gmail.com
نەبووە کە ستراتیژییەکی نیشتمانی یانەی یەکگرتوو بهێنێتە کایەوە . قسووره خۆیی یەکە ، کەرت و پەرتی ی هێز و توانای کورد ، یەکێکە لە خەسڵەتە زەقەکانی کە تا ئەورۆش لە دەستی نەداوە .

پاشان لە لاپەرە ۲۳ بەدواوە ، نووسەر باسی باری کورد لە یەکەکەی پارچەکانی کوردستان دا ، لە پاش ۱۹۲۰ ەوە پێش چاو دەخات .

لە لاپەرە ۵۰ بەدواوە دێتە سەر مەسەلەی کورد لە رۆژنامە و بلاوکراوە ئەوروپییەکان دا . هەر لە ۱۹۶۱ ەوە تا ۱۹۸۰ . کە ئێمە وەکو لە پێشەکی ئەم گوتارە دا بەڵێنمان دا . لە بەرەوە گوڵبژێریکی گرنگترینی ئەو گوتارانە بۆ خوێندەران دەکەینە کوردی .

لە لاپەرە ۲۱۷ بەدواوە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ئینگلیزی و ئالەمانی و فەرەنسی پێش چاو خستووە .

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامان بێت ، کاك فازڵ لەگەڵ ئەوەدا کە ئەرکێکی هێجگار فرەی کێشاوە و ماتریالێکی زۆری لەمەر مەسەلەکە کۆ کردۆتەوە ، بەلام کارنامەکەی زێتر گە شتێکی مێژوویی یە بەرووداوەکان دا و بە پاڵپشتی ئەو گوتارانەی لە رۆژنامەکان دا بلاوکراونەتەوە و کەمتر دەدیترێت شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بە خۆیەوە دیتبێت .

لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە دەستخۆشانە و پیرۆزبایی لە نووسەر دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و تەقەلا زانستانەیەی لە پێناوی خزمەتی مەسەلەی رەوای میللەتە دیلە ژێردەستەکەیدا بە خەرجی داوە ، هیوا دەخوازین کە ئەمە دوا بەرهەمی کاك فازڵ نەبێت و بە دەمیان شاکاری دیکەی ئاوها و لەمەش نایابتر چاومان روون بکاتەوە . بە پێویستی دەزانین لێرەدا چەند هەڵەیەکی کەم پێش چاو بخەین کە لە خوێندنەوەی کارنامەکەیدا هەستمان پێ کرد و راستکردنەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

بە ئەرکی خۆمان دەزانین :

١- من پێم وایە نووسەر لە هەڵبژاردنی نێوی کارنامەکەی دا سەرکەوتوو نەبووە . چونکە جگەلەوەی کارەکەی دەربارەی ساڵەکانی ١٩٦١ - ١٩٨٠ نوسراوە ، ( کوردانی ئەورۆ ) چ بە کوردی و چ بە ئاڵمانی واتاو مەودایەکی فراوانی نی یە و کاریگەرێتی و تین و تاوێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر خوێندەر . هەمان راو بۆچوونم بەرامبەر نێوی کارنامەکەی کاك " عەبدولصەمەد " یش هەیە . " پارێزگاریی کوردان " چ کارێکی بە تام و چێژ لە سەر هەستو دەروونم ناکات . بە رای من هەڵبژاردنی نێوی کتێب یا سەردێری گوتار کارێکی سادە نی یە و پێویستە زۆر بایەخی پێ بدرێت و نێوێکی وای بۆ هەڵبژێردرێت کە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت .

٢- لە ل ١٧ دا ، پەراوێزی ژمارە ١٦ ، کە لە ل ١٨١ دا روون کراوەتە وە و لەوێ دەست بۆ سەرچاوەکەی راکێشراوە و ل ٤٢ ی " کوردستان و شۆرشەکەی " جەمال نەبەز " دیاری کراوە ، راست نی یە . رەنگە هەڵەی چاپ بێت . لە بریتی وی دەبێت کتێبەکەی " عیسمەت شەریف وانلی : مەسەلەی نیشتمانی ی کوردستانی تورکیا " بێت .

٣- لە لاپەرە ٢١ دا نووسەر پاش باسکردنی رێکخراوە سیاسی و رۆشنبیری یە کوردی یەکانی ئەستەمول ، ئەوجا دێتە سەر دەور و رۆڵی هۆزە کوردەکانی خوارووی کوردستان و دەڵێت : ( شێخ عەبدولسەلام بارزانی ی لە ١٩٠١ دا لە پێشەنگی ئەو راپەرینانەی دژی تورك دا بوو . بەڵام ١٩١٣ بە گفتی والی موسڵ فریوی خوارد و ساڵێك پاشتر بە گیانی باجی ئەو فریوخواردنەی دا . مستەفا بارزانی ی کوری ، ئەو دەمەی بابی بە دار دا کرا ، هێشتا کۆرپە بوو ) .

هەرچەندە نووسەر هیچ سەرچاوەیەکی بۆ ئەم پەرەگرافە دەست نیشان نەکردووە بەڵام وا پێ دەچێت ئەمەی لە " کوردستان و شۆرشەکەی " ەوە وەرگرتبێت . چونکە

chalakmuhamad@gmail.com

هەمان هەڵەی مامۆستا " جەمال نەبەز " ی دووبارە کردوتەوە ، کە من لە پەراوێزی لاپەڕە ١٦٧ ی تەرجەمەی کوردی " کوردستان و شۆڕشەکەی " دا ڕاستم کردوتەوە .
شێخ عەبدولسەلام بابی مەلا مستەفا نەبووە ، بەڵکە برای بووە . بابی مەلا مستەفا ناوی شێخ محەمەد بووە .

٤ـ لە ل ٣٠ دا دەنووسێت : ( قاسم ئیجازەی بە پارت دا و ڕێگەی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی یەکانی دا . لە نێوان ١٤ ڕۆژنامەی کوردی یەدا ، " خەبات " یش وەکو ئۆرگانی پارت ، ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پێ درا ) .
مەبەستی نووسەر ساڵی ١٩٥٩ یە . لەو ساڵەدا جگەلەوەی سەرپاکی ئەو بڵاوکراوانەی بە کوردی نووسراون یا بە شێکی کوردییان تێدانووسراوە ، ١٣ گۆڤار و ڕۆژنامە بوون بەرۆژنامەی " خەبات " یشەوە ، نەك ١٤ ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆریان گۆڤاری مانگانە بوون نەك ڕۆژنامە . هەندێکیشیان حەوتەنامە بوون . ( بروانە " روزنامە نگاری در کردستان " ، تألیف جمال خزنەدار ، ترجمە° احمد شریفی ، آذرماە ١٣٥٧ ، ص ٢٤ــ٢٨ ) .
ڕەنگە هەڵەیەکی لەو بابەتە بۆ کەسێکی دیکە هێندە گرنگ نەبێت . بەڵام بۆ کەسێك کە کارنامەی دوکتۆراکەی لە بەشی ڕۆژنامەگەری یەدا نووسرابێت ، زۆر هەڵەیەکی زەقە و نەدەبوو بە سەر کاك فازڵ دا تێپەڕی با .

٥ـ لە ل ٣٨ دا نووسیویە ( کۆمەڵە ی ژیانەوەی کوردستان ) ، ڕاستی یەکەی " کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد " ە .

یەکەم هەواڵەکانی شۆڕشی ئەیلول لە ڕۆژنامە ئەوروپایی یەکان دا :

ئەو گێژاوە سیاسی یەی شۆڕشی ئەیلول لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بەرپای کرد ، سەرنجی گەلێك لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە جیهانی یەکانی ڕاکێشا . بەرادەیەك کە دەتوانین بڵێین شۆڕشی ئەیلول سەرەتای ناساندنی کورد بوو بە جیهانی ڕۆژئاوا . دەنا

chalakmuhamad@gmail.com

وەکو نووسەر لە ل ٥٠ ی کتێبەکەیدا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ، پێشان بڵاوکراوە ئەورۆپایی یەکان بە دەگمەن هەواڵی کورت و سەرپێ یی یان دەربارەی ئەو ئاهەنگانەی جێژنی نەورۆزی کورد بڵاودەکردەوە کە خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا دا دەیانگێڕا . ئەو هەواڵانە بە شێوەی ڕۆمانتیکانەی ڕۆمانەکەی "کارل مای" باسی میللەتی کورد و خاکەکەیان دەکرد .

نووسەر گوتارەکەی ( ئارنۆلد هۆتینگەر ) ی پەیامنێری ڕۆژنامەی (Neue Zürcher Zeitung) ، کە لە ١٩٦٥ دا نووسیویە ، دەکاتە نموونەیەکی ئەو گوتارانەی ، بابەتانە ، لەمەڕ مەسەلەکە نووسراون و بارە سیاسی یەکە زانستانە و ڕاستگۆیانە هەڵدەشێلن . ( هۆتینگەر ) دەنووسێت :

( بە هۆی ئەو نا ئارامی یەی عێراقەوە ، گشت ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست تووشی گێچەڵ و دەردی سەری بووە . سوریا خۆی بە هەرەشە لێ کراو دەزانێت . میسر بەردەوام خەریکە نەخشە بکێشێت چۆن کۆمەك بە عێراق بکات . ئەردەن دڕدۆنگە . ئێران خۆی لە بەردەم مەترسی یدا دەبینێتەوە ، چونکە بەو ئاژاوەیەی عێراق ، وولاتانی کەناری کەنداوی فارسیش دەئاڵۆزێن و بەشێکی گرنگی خاکی خۆیشی لە خەتەردایە . تورکیا کە لە عێراق زیتر کورد لە خاکەکەی دایە ، دەزانێت پروپاگەندەی کورد سنوورەکەی دەبەزێنێت و لەوێش بەربڵاو دەبێت . تا عێراق لەو ئاڵۆزی یەدا بێت ، دەبێت بەرهەمی نەوتی کوێت و عارەبی سعودی و وولاتانی دیکەی کەنداو بە هێزی سوپایی بپارێزرێت ) .

لە ئۆگوستی ١٩٦١ دا ، ڕۆژنامەی (Die Presse) ی نەمساوی گوتارێك لە ژێر سەردێری ( پێکدادانی نوێ لە عێراق دا . کوردەکان دەردی سەری بۆ قاسم دەنێنەوە ) بڵاودەکاتەوە و دەنووسێت : ( ئەوکەسانەی تازەکی ی لە عێراقەوە گەیشتوونەتە ڤیەننا ، وا ڕادەگەیەنن کە پێکدادانێکی توند لە نێوان

chalakmuhamad@gmail.com

پۆلیسی عێراق و هێزە کوردەکان دا ڕووی داوە و گوایە ٤٦ پۆلیسی تێدا کوژراوە) .

لە ٨ ی سێپتەمبەری ١٩٦١ دا ڕۆژنامەی (Süddeutsche Zeitung) گوتارێك لە ژێر سەردێڕی ( جەنگێکی خوێناوی لە ژوورووی عێراق دا) بڵاودەکاتەوە و دەنووسێت : ( هەڵبەندی سەرەکی ی یاخی بوونەکە نێوچەکانی زاخۆ و دهۆك و سلێمانی یە ) .

دەربارەی بارزانی ی ئاوها دەنووسێت : ( بارزانی ی ، بە هۆی ئەو ماوە دوور و درێژەی لە سۆڤیەت ژیاوە و بەو هۆیەوە کە باوەڕی بە بیری کۆمۆنیست هێناوە ، بە " مەلای سوور " ناسراوە . ئەو کاتەی لەوێ بوو ، پلەی فەخریی مارشاڵی سوپای سۆڤیەتی پێ درا ) .

ڕۆژنامەی (Frankfurter Allgemeine Zeitung) لە ١٩٦١/٩/٢٥ دا گوتارێك لە ژێر سەردێڕی ( ڕاپەڕینی کورد لە عێراق دا سەرکوت کرا ) ، دەربارەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسی یە پێنج کاژێری یەکەی قاسم دەنووسێت ، کە گفتی دا لە دوو حەوتوو دا شۆڕشی کورد خامۆش کات .

ڕۆژنامەکە دەنووسێت : ( قاسم ، ئینگلتەرە و ئەمریکا بە دنەدەری کورد تاوانبار دەکات و دەڵێت گوایە باڵوێزی ئینگلتەرە پێنج ملیۆن مارکی بە کوردە کۆچەرە یاخی بووەکان داوە ) .

( هانس فلایگ ) لە ١٩٦١/٩/٢٦ دا ، لە ڕۆژنامەی (Zürcher Woche) دا ، لە ژێر سەردێڕی ( خەبات لەرێی کوردستان دا . بنەمای کێشەی کوێت ئاشکرا دەبێت) دەنووسێت : ( ڕاپەڕینی کورد چ دەخلێکی بە سەر فیتی ئینگلیزەوە نی یە . بە ڕێکەوت کورد و ئینگلیز هەمان وەرەقیان بە دەستەوە گرتووە . ئەمە پێشهاتێکی بێژووە . دەنا ئینگلیز هەمیشە دژی بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد بووە ) .

chalakmuhamad@gmail.com

رۆژنامەی ( Die Presse ) لە ١٩٦١/٩/٢٦ دا لە ژێر سەردێڕی ( قاسم راپەڕینەکە سەرکوت دەکات . عێراق هەرەشە لە ئینگلتەرە دەکات ) ، دەنووسێت : ( حوکومەتی بەریتانیا بانگاشەکانی عێراق دەداتەدواوە و بە توندی دژی دەوەستێتەوە . هەواڵێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد وارادەگەیەنێت کە ٥٠ هەزار کورد لەو راپەڕینەی دژی قاسم دا بەشدارن . کوردە راپەڕیوەکان هۆزەکانی " زێباری و لۆلانی " ی کۆمەك کەری قاسم لە تورکیا دەخزێنن . لەو شەڕانەدا کوردەکان ٦٠٠ چەکی مۆدێرنی سۆڤیەتی یان دەست بە سەردا گرتووە . ئەمە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان تەلەگرافێك بۆ خرۆشۆف بنێرن و ئەوە ئاشکرا بکەن کە عێراق ئەو چەکە نێردراوانەی سۆڤیەت دژی دوژمنی دەرەکی نا ، بەڵکە دژی دانیشتوانی بێ دەسەڵاتی کورد بە کاردەهێنێت . هەمان کات داوا لە سۆڤیەت دەکەن کە کێشەی کورد بە نەتەوە یەك گرتووەکان بگەیەنێت . بەڵام هانا بردنی کورد بۆ مۆسکۆ ، بە فەرامۆشی سپێردرا ) .

رۆژنامەی ( Freiheit ) ی نەمساوی لە ١٩٦١/٩/٢٨ دا ، لە ژێر سەردێڕی ( عارەب دژی دەوڵەتێکی کوردە ) ، دەنووسێت : ( دوو حەوتووە راپەڕینی کورد لە پێناوی ئازادی یاندا بۆتە شۆڕشێك . مەڵبەندێکی بەرتەسك لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی عێراق دا ماوە . زۆربەی نێوچەکە لە ژێر رکێفی کوردە شۆڕشگێڕەکان دایە . پارتی دیموکراتی کوردستان نامەیەك بۆ کۆنگرەی وولاتانی بێ لایەن ، کە لە بەلگراد بەسترا ، دەنێرێت . لەو نامەیەدا دەڵێن : " زۆربەی سەرکردەکانی میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا ، تەنها ئەوکاتە دروشمی دژی کۆلۆنیالیزم و دژی ئیمپریالیزم بلند دەکەنەوە کە مەسەلەکە بە میللەتانی خۆیانەوە پەیوەندی یدار بێت " . بەڵام بەلگراد نامەی کوردەکان پشت گوێ دەخات ، لە ترسی ئەوەی نەبا ئاغایانی عارەبی بەشداری کۆنگرەکە دڵگیر ببن ) .

chalakmuhamad@gmail.com

( هاری د . ) له ٣٠/٩ – ١٩٦١/١٠/١ دا ، له رۆژنامەی ( Münchner Merkur ) دا ، له ژێر سەردێڕی ( کوردەکانی قاسم ) دا دەنووسێت : ( بەداخەوە ، ئەو هەواڵە دژ بەیەکانەی بەغدا شتێکی کەم رووداو نین ) . ( ئەو هەڵوێستە ناجۆرانە – تۆو بڕ کردن و راگوێزان – بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك ، سەرئەنجامی خۆگێل کردنی سیاسەتی جیهانی یە ) .

رۆژنامەی ( Kurier ) ی نەمساوی ، له ٩ ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١ دا له ژێر سەردێڕی ( شۆڕشی کورد له عێراق دا بەردەوامە . شەری پارتیزانی ی دژی هێزەکانی قاسم ) ، دەنووسێت : ( هیچ یەکێك له وولاتانی دێموکرات و بێ لایەنی جیهان غیرەتی ئەوەیان نی یە ، کورد له دەست چەوساندنەوە و سەرکوت کردنی " قاسم " ی عێراق و " گورسێل " ی تورکیا بپارێزن ) .

کۆتایی ١٩٦١ ، گفتوگۆ له نێوان رژێمی بەغدا و کوردە ئۆتۆنۆمی خوازەکان دا دەست پێ دەکات . خۆشبەختانە ، بارزانی ی ئامادەی چوونە بەغدا نابێت . قاسم پێنج نوێنەر بە بەیداخی سپی یەوە بۆ گفتوگۆ دەنێرێت . رۆژنامەی ( Wochen Presse ) ی ڤیەننایی له ١٩٦٢/١/٣ دا داخوازی یەکانی کورد بلاودەکاتەوە : ( ئازادی ی بلاوکردنەوە و بیر و بزووتنەوەی گەلی کورد . لێ خۆش بوون له گیراوە سیاسی یەکانی کورد . رێگە دان بەکورد کە چەك هەڵبگرن . بەگەڕخستنی بەرنامەی گەشەکردن له کوردستان دا ) .

بەغدا ئەو داخوازی یانە دەداتە دواوە و هەمدیسان هەلی ئاشتی له دەست دەچێت .

chalakmuhamad@gmail.com

ڕۆژنامەی ( Die Presse ) لە ١٠/٣/١٩٦٢ دا ، لە ژێر سەردێری ( شەش مانگ شۆڕش لە عێراق دا . تێك شكان و زیانی قاسم ) دەنووسێت :( لە سەرەتای یاخی بوونەكەی پاییزەوە ، تێكڕا ٢٥ پێكدادان لە نێوان هێزەكانی حوكومەتی عێراق و كوردەكان دا ڕووی داوە . ژمارەی كوژراوەكان بە نزیكەی ٥٠٠ كەسێك دە قسرێندرێت ) .

ڕۆژنامەی ( The Times ) ی لەندەنی لە ٣/٥/١٩٦٢ دا دەنووسێت كە ١١ كەسی نێرداری عێراقی ، بانگەوازێكیان بە حوكومەتی عێراق داوە ، كە بە شێوەیەكی ئاشتی یانە و ژیرانە كێشەكە چارەسەر بكات .

هەمان ڕۆژنامە لە ٤/٥/١٩٦٢ دا دەنووسێت : ( بارزانی ی بە هیوای نێوچەیەكی ئۆتۆنۆمی یەداری لە بابەتی نێوچە ئۆتۆنۆمی پێدراوەكانی سویسرا و یوگۆسلافیا و هندستان و چیكۆسلۆفاكیا یە ) .

( هاری هام ) لە ٥/٥/١٩٦٢ دا گوتارێك لە ڕۆژنامەی ( Frankfurter Allgemeine Zeitung ) دا لە ژێر سەردێری ( شۆڕشی كێوەكانی كوردستان ) دا دەنووسێت و دەڵێت :( هۆكاری شۆڕشەكە چ پێوەندی یەكی بە هێزی دەرەكی یەوە نی یە ، بەڵكە دەبێت ماكەكەی لە حاڵ و باری كورد دا بدۆزرێتەوە ) . پاشان دەڵێت : ( دەردناك ئەوەیە كە ڕژێمی بەغدا هیچ بایەخێك بە باری كورد نادات . لە بریتی وی زەبر و زۆر جێگەی ژیرێتی و ویژدانی گرتۆتەوە . بەڵام ئەوە سەر بەكورد نەوی ناكات . قارەمانانە و نەبەزانە خەبات دەكەن . بەڵام جێ بێ یان قایم نی یە . وا پێدەچێت هیچ لایەك ئامادە نەبێت خۆی لە مەسەلەكەیان بگەیەنێت . بە جۆر و شێوازێكی بەربەری یانە سەركوتیان دەكەن . ڕای گشتی ی جیهانی ی وا خۆی گێل كردووە ، دەڵێ ی هەر هیچ ڕووی نەداوە . ئەمە هەمان هەڵوێستی سەردەمی كۆمەڵەی

chalakmuhamad@gmail.com

گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکانە درێژەی پێ دەدرێت . ئا ئەو وەرەقەیە زەحمەتە جارێک لە مێژووی کورد دا بەکار ببرێت . هەرچەندە ئەو گەلە ڕۆژهەڵاتی یە چیا نشینە ، ئێستاکە هێندە بیر لە خەونە کۆنەکەی ئیمپراتۆرێتیکی کوردی مەزن ناکاتەوە و لە هەوڵی دەستخستنی ئۆتۆنۆمی یەک دایە ) .

ڕۆژنامەی ( Christ und Welt ) ی شتوتگارتی لە ١٨/٥/١٩٦٢ دا کەسایەتی قاسم و بار و دۆخەکە چاک هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت : ( خودی قاسم لە سەر لوتکەی هەرەمەکە وێستاوە . تەنها و بێ هیچ پشتگیری کەرێک . چاک لێی وەشاوەتەوە . ئەوێک لەم چوار ساڵەی دوایی دا دووجار یا سێ جار بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت بەغدای جێ نەهێشتبێت ، ناوێرێت بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت بۆ شاییەک جێ بهێڵێت . چ دەربارەی دەرەوە دەزانێت ، ڕوون نی یە . نوێنەرە ڕۆژئاوایی یەکان لە بەغدا زۆر کەم دەیبینن . گەر بیشیبینن زەحمەتە بواری هاتنە گۆیان بدات . قاسم یەکێکە لەو دیکتاتۆرە هەڵەوەرانەی کە توانای بیستنی دەنگی کەسی نی یە . ئەو پێی وایە کە فەلسەفەی مرۆڤایەتی لە گیانی دا قوڵپ دەدات . بە ڕاستیشێتی . کەچی لە ڕەفتاری دڕندانەش ناپرنگێتەوە ، وەکو ئێستا لەو پلانە بەردەوامەی خاپوور کردنی گوندە کورد نشینەکان دا بەدەردەکەوێت ) .

ڕۆژنامەی (Badische Neueste Nachrichten ) لە شاری ( کارلسروهە ) ، لە ١٤/٦/١٩٦٢ دا لە ژێر سەردێڕی ( کوردەکان هانا بۆ یوتانت دەبەن) دەنووسێت : ( لە ٣ی ژوونی ١٩٦٢ دا "کۆمیتەی پارێزگاری ی مافی میللەتی کورد " . کە ڕێکخراوێکی کوردەکانی عێراقە لە سویسرا ، نامەیەک بۆ ( یوتانت ) ی سکرتێری گشتی ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرن . داوای لێ دەکەن بکەوێتە نێوان کورد و حوکومەتی عێراقەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

تا بە چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان گەل پرسێك لە کوردستان دا بکرێت ،
« بەڵکە سەرکوت کردن و چەوساندنەوەی میللەتەکمان کۆتایی پێ بێت و
گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق دا بۆ خواست و ئامانجەکانی پرسی پێ بکرێت ».

رۆژنامەی ( Arbeiterzeitung ) ی ڤیەننایی لە ١٩٦٢/٧/٣ دا ،
لە ژێر سەردێری ( کوردستان خەبات بۆ خەونێك دەکات ) دەنووسێت :
( بەدرخان لەگەڵ وەفدێك دا دەچێتە نیو یۆرك ، تا خواستی ١٢ ملیۆن کورد
بە نەتەوە یەکگرتووەکان رابگەیەنێت . « دەربارەی جەنگێکی خوێناوی ، بەلام
بەتەنها باڵی » ، لە پێناوی ئۆتۆنۆمی یەك دا ) .

( ماوەیەك پێشتر ، بارزانی ی بانگەوازێکی ئاراستەی رای گشتی ی جیهانی ی
کرد . لەو بانگەوازە دا ، داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان و خاچی سوور و کۆنفرانسی
ئەفرۆ ئاسیایی کرد کە بکەونە خۆ بەڵکە کۆتایی بەو رەشکوژی یەی دانیشتوانی
بێ دەسەلاتی کورد بهێنن ، کە لەلایەن هێزی هەوایی عێراقەوە بە دڕندانەترین
شێواز دەستی دراوەتێ ).

رۆژنامەی ( Der Tagesspiegel ) ی بەرلینی رۆژئاوایی لە
١٩٦٢/٧/٨ دا لە ژێر سەردێری ( شۆرشی کورد پەل دەهاوێژێت ) دەنووسێت :
( رژێمی ئێران ترسی پەلاماری یاخی بووەکانی هەیە ) .

هەمان رۆژ ، رۆژنامەی ( Wiener Zeitung ) لە ژێر سەردێری
( یاخی بوونی کوردەکانی سەرووی عێراق ) دا و رۆژنامەی
( Neues Österreich ) لەژێر سەردێری ( شۆرشی کوردەکانی
عێراق هەمدیسان لە کلپەدایە ) ، هەمان مەترسی ئێران ، رادەگەیەنن .

رۆژنامەی ( Deutsche Zeitung ) ی شتوتگارتی لە ١٩٦٢/٧/١٦
دا ، لە ژێر سەردێری ( پەژارەی نوێ سازبووی کوردان بۆ ئەنقەرە ) دا، دەنووسێت

chalakmuhamad@gmail.com

که تورکیاش هەمان ترسی لێ نیشتووە . " بەڵام خۆی هێندە بە هێزدار دەزانێت کە بتوانێت بەرەنگاری خەتەری کورد بێتەوە " .

ڕۆژنامەی ( Die Welt ) ی هامبورگی ، لە ١٩٦٢/٨/١٤ دا لە ژێر سەردێری ( قاسم شمشێری کورد لە دروشمەکەدا لە بیر دەکات ) دەنووسێت : ( لە سەر ڕۆژئاوا پێویستە ببنە پارێزگەری گەلێکی لەت لەتکراو کە نایەوێت زمان و داب و نەریتی ژیانی خۆی لە دەست بدات و خۆی لە بە بێگانەکردن لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە ، دەپارێزێت . وەلێ زۆربەی زۆری میللەتی کورد لە وولاتانی سەر بە " ناتۆ " دا دەژین . لەو وولاتانەدا کە بەرژەوەندی و توانا و هێزی پارێزگاریی وولاتانی ڕۆژئاوا داکراوە ) .

ڕۆژنامەی ( Volksstimme ) ی ڤیەننایی لە ١٩٦٢/٨/١٤ دا لە ژێر سەردێری ( کورد لەعێراق دا ) ، ڕای پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە سەر کێشەکە دەنووسێت : ( کۆمۆنیستەکان بەهیوان بزووتنەوەیەکی هاریکاریی ئینتەرناسیۆنالانە بەر بەو خوێن لە بەرچوونە بگرێت . بەڵکە ڕژێمی عێراق ناچارکەن کە دەستبەرداری سەرکوت کردنی کورد بە هێزی سوپایی ببێت ) .
نووسەر لێرەدا چاکی بۆ چووە کە دەڵێت : " هەتا ئەوڕۆکەش کورد چاولەڕێی ئەو هاریکارییە ئینتەرناسیۆنالانەیە . لە پێوەندییە ئینتەرناسیۆنالەکاندا بە گەلێکی بێ پارێزەر ماوەتەوە " .

ڕۆژنامەی ( Die Zeit ) لە ١٩٦٢/٨/١٧ دا لە ژێر سەردێری ( گەلێکی بێ پارێزەر ) دا دەنووسێت : ( کە مرۆ باسی نەتەوە کەرت و پەرت کراوەکان دەکات ، بە ئاسانی کورد لە یاد دەکات . لەگەڵ ئەوەشدا کە باری ئەوان لە گشت هاودەردەکانیان دەردناک ترە ) .

لە ئۆگۆستی ١٩٦٢ دا ، گۆڤاری ( قضايا السلم والاشتراكية ) گوتارێکی

chalakmuhamad@gmail.com

( جبار علی ) له ژێر سەردێری ( پارتی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد ) دا بڵاودەکاتەوە و دەڵێت : ( ئەمڕۆ لە راستی یدا ، بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد رەنگێکی دیموکراسی یانەی قووڵی داکوتاوە . چونکە خەباتی گەلی کوردی پارچە پارچە کراو ، لە پێناوی ئازادی ی نیشتمانی و یەکگرتنەوە دا رەنگ بێ دەداتەوە و دژی سەرکوتکردنی نەتەوایەتی و دژی ئیمپریالیزم و بەکرێ گیراوانی وەستاوەتەوە . هاوپەیمانێکی بەهێزی چینی کرێکار و گشت هێزە دیموکراسی یەکانی وولاتانی رۆژهەلاتی نێزیك و نێوەراستە . بەهۆی بارە هەڵکەوتووە جوگرافی یەکەی کوردستانەوە بزووتنەوەی نیشتمانی ی کورد گەورەترین پلە و پایەی لە خەباتی میللەتان دا هەیە ، دژی پیلانە دڕندانەکانی ئیمپریالیزم کە هەڕەشە لە ئاشتی ی جیهان دەکات ) .

رۆژنامەی ( Volksstimme ) لە ٢١/٨/١٩٦٢ دا لە ژێر سەردێری ( کوردستان بە دەست پارتیزانەکانەوەیە ) دەنووسێت : ( سیستێمی بەرگری عێراق تەواو تێك شکاوە . پۆلیس داوێتی یە پاڵ کوردەکان . لەگەڵ ئەوەشدا بە پەنهانی هاریکاری ی لەگەڵ پارتیزانەکان دەکەن ) .

رۆژنامەی ( Christ und Welt ) لە ٢٤/٨/١٩٦٢ دا لە ژێر سەردێری ( شۆڕشی بێ کۆتایی کوردەکان ) دا گوتارێکی ( کورت گیباوەر ) بڵاودەکاتەوە و دەنووسێت : ( ماکی سەرکەوتنە سوپایی یەکانی کورد ، هاریکاری ی کوردە ، شارەزایی و متمانەیانە لە مەڵبەندەکە دا ، سوارچاکی یانە لە جەنگی چکۆلە دا . خۆیان چەك و تەقەمەنی خۆیان وە دەست دەخەن . تۆڕێکی چاکی جاسووسی یان لە نێوچەکە دا هەڵداوە . کلیلی شیفرەی تەلەگرافی سوپای عێراقیان وەگیر کەوتووە ) .

رۆژنامەی ( Der Spiegel ) ی هامبورگی لە ٢٦/٩/١٩٦٢ دا لە ژێر سەردێری ( گەلی پاشە رۆژ ) دا گوتەکانی بارزانی ی لە چاوپێکەوتنی

chalakmuhamad@gmail.com

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی ( دانا ئادەم شمیت ) دا بڵاودەکاتەوە و دەنووسێت :

( گەر ئێوەی ئەمریکایی هەتا ئێستاش بیر لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێران دەکەنەوە و بەو هۆیەوە ناتانەوێت کۆمەك بە ئێمە بکەن . گەر ئێوە قەت لە بەرژەوەندیی ئێمە نەپرسنەوە ، ڕەنگە گەلێك خەتەرناك بێت . ئێمە ناچار دەبین کۆمەك لە کۆمۆنیستەکان وەربگرین ) . لە سەری دەڕوات و دەڵێت :( گەر ئێوە یارمەتیمان بدەن ، بۆخۆتان سوود بەخشە . چونکە کورد گەلی پاشەڕۆژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە ) .

ڕۆژنامەی( پراڤدا ) لە ١٩٦٢/١١/١٥ دا چاوپێکەوتنێکی پەیامنێری ( تاس ) لەگەڵ یەکێك لە سەرکردە بەرچاوەکانی کورد دا ، لە دیمەشق ، بڵاودەکاتەوە کە فیشاڵی بڵاوکراوە ڕۆژئاواییەکان بەدرۆ دەخاتەوە و وا رادەگەیەنێت کە نە ( دانا ئادەم شمیت ) داوەتی کوردستان کراوە و نە کورد داوای کۆمەکی لە ئەمریکا کردووە و دەڵێت : ( ئێمە چەکی تەواو و پێویستمان هێندە هەیە کە بتوانین درێژە بە خەباتمان بدەین لە پێناوی مافەکانمان دا . ئەو قاوەی گوایە بارزانی ی لەگەڵ ئیمپریالیزم دا هاوکاری بکات ، بۆ ئەوەیە کە کەسایەتی بارزانی ی زیندە بەچیاڵ کەن ) .

ڕۆژنامەی ( Wiener Samstag ) لە ١٩٦٢/١٠/٢٠ دا لە ژێر سەردێری ( بۆمبای ناپاڵم بە سەر گوندە کوردنشینەکان دا دەبارێت ) ، دەنووسێت : ( رژێمی بەغدا هێشتا " بە کەللەرەقی ی ڕۆژهەڵاتانە " ڕووبەڕووی واقیعە کە دەبێتەوە . دروشمی " خوێن خوێنی نوێ دەخوازێت " پێش چاو دەگرێت ) .

ڕۆژنامەی ( Neue Zürcher Zeitung) لە ژێر سەردێری ( ڕاپەڕینی کورد دژی قاسم ) لە ١٩٦٢/١١/٧ دا دەنووسێت :

chalakmuhamad@gmail.com

( ڕۆژنامەکانی عێراق ، بارزانی ی بە " چەتە و ڕێگر " نێودەبەن کە " لە ئەشکەوتەکان توند بووە " و کۆمەك لە " ئیمپریالیزم و تورکیا " وەردەگرێت ) .

ڕۆژنامەکە لە سەری دەڕوات و دەڵێت :( گەر کۆمۆنیستەکان بخوازن دەست بەسەر کوردستان دا بگرن ، دەبێت نەك تەنها پارتەکە ( مەبەست پارتی دێموکراتە ) بپووکێننەوە و بەسەریدا زاڵ ببن ، بەڵکە سەرکردەکانی شۆڕشەکەش کە بیری نیشتمانی یانەیان هەیە ، جێ پێ ی قایمیان بسڕنەوە ) .

ڕۆژنامەی ( Washington Post ) لە ١١/١٠/١٩٦٢ دا ، دەنووسێت کە بەدرخان هەمدیسان چۆتەوە ئەمریکا و چاوەڕوانی سەرئەنجامی بریارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لە مەڕ چارە نووسی میللەتەکەی .

( ماوێتی )

chalakmuhamad@gmail.com

خالد حسامی هێندی

وه ره سه یری دڵی منکه چ هه زارو ڕه بــه نــــــه

گیر بووه له و هه ڵه ت و به نده ن و دارو ده وه نــــه

مه سه لی کوردی هه مووی ڕاست و به ڕێ و جێیـــــــــه

ده ڵێ : هه ر دارێ که نه هاتی بوو ده بێته چه قه نــه

که ده بینی که سێ سه ودای له سه ریدایه جنونێکی هه یه

وه ره گوێ بگره له ده ردی دڵی ، پیێ پێ مه که نــه

گه ر ئه ویندارى وڵاتی ده بێ ئاگر بــگـــــــــــــرى

ئه وه هه ستێکه که پێك نایه به ئه زمان و چه نــــه

ئه وی ئه و ڕێگه یه ده گرێ ده بێ چنگ به خوێن بـــــێ

که ڵکی کورد ناگرێ له شی ناسك و ده ستی به خه نه

گه ر ده ترسی مه یه به زمی مه ، که ئه و مه یدانـــــــــه

پاڵه وانی ده وێ ئه وڕۆ شه ڕی گیوو په شـــه نــــــــه

chalakmuhamad@gmail.com

لێرە هەر کۆسە ترازاندنە خەنجەر ســــــونــە

هێرشە، دەس بە یەخە بوونە ، گەفی تەن بەتەنە

" دوو برا " ڕۆژی هەرا دەس بخەنــە دەستی یــەك

کێهەیان باکی لە هێزی نەتەوەی نارەســەنـــە

گەل بە بارزانی هەتیو کەوتەوە وێــــرای " هێـدی "

ئەرێ کێ دیتی هەتیو کەوتنەوە لەو تەمـەنـــە

کوردەواریم کە نەبێ گیان و ژیانم نـــــــــاوێ

گیان ئەوە ، ئەو کە نەبوو بۆچی دەبێ ئەو بەدەنە

دەردی ژێر دەستییە دەم کوژێ ، بەسەرهــاتی مــن

خۆ نە چیرۆکی سیامەندو پەلی دارە بـــەنـــە

پێی دەڵێم ئەی دڵە جا لەو کەژو کێوانە بەوە

کەچی کوڵ دەیگرێ دەگری دەڵێ : چ بکەم وەتەنە

chalakmuhamad@gmail.com

# بەیانێک بۆ ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی
# گەلی کورد

# دەربارەی چوونی وەفدەکەمان
# بۆ عێراق و
# کوردستانی
# عێراق

## لە ئاب-ئەیلولدای ١٩٧٥ دا

عیسمەت شەریف
وانلی

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# ڕوون کردنەوەیەك

ئەم باسە لە سێ بەش پێك دێت .

بەشی یەکەم کە بە تیپی A دەست نیشان کـــراوە بـرێـتـیـیـە لە پێشەکییەکی گشتی دەربارەی چۆنیەتی و قۆناغەکانی و سوودی گەشتەکە .

بەشی دووەم کە بە تیپی B دەست نیشان دەکرێت ، ژمارەو بەڵگەو چاو پێکەوتنە جۆراو جۆرەکانە لە کوردستان .

بەشی سێیەم کە بە تیپی C دەست نیشان دەکرێت ، باسی وت و وێژو چاو پێکەوتنە سیاسییەکانی بەغدا دەکات .

هەر بەشێك لەم بەشانەش کراوەتە چەند لقێك و لقەکانیش بە پەل و هەمووشی بە کورتەیەك کۆتایی پێ دێت کە بە تیپی D دەست نیشان کراوە .

ئەم باسەم لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا دەست پێکرد ، ئەو مێژووەیە کە لە لاپەڕەی یەکەمدا دەست نیشانم کردووە ، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی نۆفەمبەردا تەواوم کرد .

وەك لە پێشەکییەکەدا باس کراوە ،ئەم باسەم بە شێوەیەکی "بابەتی - موضوعی "نووسی ،ڕووداوەکان و ڕاستییەکان و چاوپێکەوتنەکان هەر چۆنێك ڕوویان داوە هەر وا باسم کردوون ، دوا بــە دوای ئەوەیش تێبینییەکان و شی کردنەوەی سیاسی و بیرو ڕای تایبەتی خۆم دەر بڕیوە ، لە بەر ئەوەی باسەکەم بە ناوی خۆمەوە بــڵاو کردۆتەوە ،تەنها خۆم لە بارەی ناوەڕۆکەکەیەوە بەر پرسیارم و مەرج نیە بیرو ڕای هاواڵەکانی وەفدەکەمان بێت .

chalakmuhamad@gmail.com

له کۆتاییدا داوای لێبوردن ده که م له وه ی وشه ی "من" لـــــه باسه که دا زۆر به کار هاتووه: وه کو "ڕۆیشتم ، گووتم" چونکه که مێك سه خته به کارنه هێنانی له ڕاپۆرتێکدا ده رباره ی گه شتێك که تێیدا به شداریم کردبێت و گفت و گۆیه ك که له گه ڵ کاربه ده ستانــــدا کردبێتم .

ع٠ش ٠ و

١٧ای نۆڤه مبه ری ١٩٧٥

chalakmuhamad@gmail.com

براكانم ، خوشكه كانم ، هاوولاتيه خوشه ويسته كانم

پاش سلاويكى تيكوشه رانه

پيشه كى

ميرى عيراق بانگهيشتنى كردبووم كه سه ردانى ئـــــــه وى و كوردستانى خواروو بكه م ، به ر له رويشتنم له ١٤ ى ئابى رابوردوودا بانگه وازيكم بلاو كرده وه ، له ويدا باسى ئه و تاوانانه م كردبووكـه به ته ماى به دى هاتنيان بووم له چونه كه مدا و به لينى بانگه وازيكى ديكه شم دابوو پاش گه رانه وه م .

ئه م گه شته له ١٨ اى ئابدا ده ستى پيكردو له ٦ ى ئه يلوولـــدا كوتايى پيهات ـ نوزده روژى خاياند ـ ده روژى له ٢١ تا ٣٠ ى ئاب له كوردستان و شه ش روژى دوايشى له به غدا به سه رمان برد ،له و ماوه يه دا چه ند كوبوونه وه يه كى سياسيم له گه ل ليپرسراوانـــدا كردو پيشنياره كانى خوم ده رباره ى گه لى كوردو گيرو گرفته كانى به نووسراويك پيشكه ش كردن .

ئه و برايانه ى له م گه شته دا هاوريم بوون سى كه س بـــوون ، دوانيان له دوسته ناسراوه كانى گه لى كوردن كه تيكوشه ر كـــاك به شير بومه عه زه M.Bećhir Boumaza و ئه وى ديكه يان كاك جان كلود لوتى M.Jean Claude Lüthi نوينه رى يه كيتى جيهانى مافه كانى مروڤ F.I.D.H, بوو ، سييه ميان قه شه يه كى كـــوردى عيراقى بوو به نيوى يوسف په رى ، هه لبژاردنى ئه م سى كه ســه ش به پيى پيشنياريك بوو كه من كردم و ميرى عيراقيش په سندى كرد .

ماموستا به شير بومه عه زه كه له به يانه كه ى ١٤اى ئابـــدا ناويم بردووه پياويكى عه ره بى ناسراوه ، وه كو ده زانن يه كيـــكه

chalakmuhamad@gmail.com

لە ڕابەرە گەورەکانی پارتی سەربەخۆیی جەزایر، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی ڕزگاری جەزایریشە، لە حکومەتی سەرۆك "بن بێللا"و سەرۆك "بۆمدیەن" دا پلەی وەزیری (کاروباری کۆمەڵایەتی ،ئابووری و دارایی، پیشەسازی، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لە ئەستۆ بوو ، ئێستا بەربەرەکانی لە گەڵ حکومەتی "بۆمدیەن "دا دەکات و لە دەرەوەی جەزایر دەژی .

داوام لە مامۆستا بومەعەزە کرد کە بەهاو ڕێیەتی کردنم لەو گەشتەدا سەربەرزم بکات ، چونکە دەم زانی لە جیهانی عەرەبدا چ لە نێوان میللەت و چ لە لای دەوڵەتان بە تایبەتی دەوڵەتی عێراق ڕێزیکی زۆر بەرزی هەیە ، هەروەها دەربارەی بیرو بـاوەڕە سۆسیالیستییە ڕاستەقینەکەی و باوەڕی بە مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی گەلی کورد و تێکوشانی لە پێناوی بەدی هاتنی برایەتی کوردو عەرەبدا دڵنیا بووم ، حەز دەکەم ئەمەش بڵێم کە لە ٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٤ دا "لە گەرمەی شەڕدا " پێشنیاری کرد لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو دەوڵەتی عێراقدا بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژی و لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەرکردنی سیاسیانەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق ببێتە ناوبژیکەر ، منیش بە نامەیەك لە ١٥ ی تەمووزی ١٩٧٤ دا بۆ سەرکردایەتی شۆڕشم نووسی وپرسیارم کرد کە داخۆ ئەم ناوبژیکردنە پەسند دەکەن ؟ هەر لەو کـاتەدا کۆمەڵێك خێرخوازی دیکەش پێوەندیان لە گەڵ دەوڵەتی عێراقـدا کرد کە ئایا بیری ناوبژیکردن قبوڵ دەکەن ؟ ئەوەی جێی داخـە بەهۆی وەڵام نەدانەوەی هەردوو لاوە ئەم بیرە نەهاتە دی .

بەڵام ئەرکی کاك "جان کلۆد" تەنها لە لایەنی مرۆڤایەتییەوە

chalakmuhamad@gmail.com
بوو ، لە پێوەندییە سیاسیەکاندا بەشداری نەکردو لـــە " ٢ " ی ئەیلوولدا بەغدای بەجێ هێشت و بۆ ئەورووپا گەڕایەوە

دەرهێنانی ئەم بەیانە بۆ دواکەوت ؟

بەر لە باسکردنی ئەوەی لەم گەشتەدا ڕوویداو بەر لـــــە دەربڕینی بیرو ڕا ، بە پێویستی دەزانم کەوا هۆی دواکەوتنـــی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسراوە ــ تاکو ئێستا ــ ڕوون بکەمەوە ٠
وەرامی ئەوە زۆر ئاسانە و ئەوەیە کە ئەو لایەنە عێراقییـــــەی پێشنیارەکانم بە نووسراو پێشکەش کرد تا لە عێراق بووم وەلامیان لی نەگێڕامەوە،لە ڕاستیشدا ئەگەر بیانویستبا وەلام بدەنـــەوە، لەبەر کورتی ماوە نەدەکرا ئەو کارە بکرێ ، بەلام بەلێنـــی ئەوەیان دامێ کە پێشوازی لە بەردەوام بوونی وت و وێژ لەگەلمدا پاش گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا بکەن و وتیان "هەموو شتێك دەکرێ چارەسەر بکرێت " .

حەز دەکەم ئەمەش بلێم کە تاکو ئێستا بێ دەنگی من لــــەم ڕووەوە "نسبی " بووە ، چونکە دەربارەی ئەم گەشتە بە زمانی بۆ هەموو ئەو برا کوردانەی لە سویسرا دەژین و چاوم پێ کەوتوون یا ئەوانەی سەردانیان کردووم بۆم باس کردوون ،جگە لەو نامانـــەی لەگەڵ هەندێ لە برایاندا ئاڵ و گوڕم کردوون و بۆم نووســـیون ، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕۆژی ٩ تا ١٠ ی ئەیلوولی ڕابووردوو لـــە کۆبوونەوەی مەکتەبی بەڕێوەبردنی " دەزگای جیهانی پارێزگاری لە زمان و کەلچەرە مەترسی لێکراوەکان " کە لە شاری "لیۆن " ی فەرەنسادا کرا بەشداریم کرد ، بە سیفەتێ کە ئەندامی مەکتەبی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەم و یاریدەدەری سەرۆکی ئەم دەزگایەش

chalakmuhamad@gmail.com

بەسەرهاتەکەم بۆ هاوڕێکانم گێڕایەوە ،بەهۆی ئەو کۆبوونەوەیەوە ئەو دەزگا جیهانیە ئاگادارییەکی دەربارەی چەند نەتەوەیەکی جۆراوجۆر لەوانە نەتەوەی کورد لە عێراق و نەتەوەی باسك و . . . بڵاو کردەوە .

هەروەها لە ١٨ تا ١٩ ی ئەم مانگە "تشرینی یەکەم "لە شاری بۆلۆنیا لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی ئیتالیا ـ لە سەر داخوازی ئەو لقە بەشداریم کردو قوتابیە کوردەکانم دەربارەی چاوپێکەوتنەکانی وەفدەکەمان و پێشنیارە پێشکەش کراوەکان ئاگادار کرد .

دوای ئەو هەموو چاوەڕوانی و سەرگەرمییەو بێ ئەوەی وەڵامێکی ئاشکرا وەربگرمەوە ئەوا بەیانەکە بڵاو دەکەمەوە ، لەوەش دەترسام کە ئەگەر زۆرتر درێژە بکێشێت ، بێ سوود بێ ، یا ئەو وت و وێژەی کە میری عێراق ئارەزووی دەکات وت و وێژێکی ڕاستەقینە نەبێت ، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێك لە برا کوردەکان و چەند هاوڕێیەك پاش گەڕانەوەم پرسیاری بڵاونەکردنەوەیان دەکرد ، ئەوی ڕاستی بێت وەك بەڵێنم دابوو مافیان بەدەست بوو بەڵام لە هۆی چاوەڕوانییەکەی من تاکو ئێستا بێ ئاگابوون .

ئەگەر میری عێراق بە ڕاستی دەیەوێ وت و ویژ بکات و وەك چەند جارێك لەبەغدا پێم وترا "هەموو شتێك دەکرێت چارەسەر بکرێت " ، دەبا دەقی وت و وێژەکان ئاشکرا بکرێن و بخرێنە بەر چاوی گەلی کوردو لاوە ڕۆشنبیرەکانی، یا بخرێنە بەر چاوی دۆستانی گەلەکەمان لە دەرەوە .

chalakmuhamad@gmail.com
ئه گه ر بێت و حکومه تی عێراق وه لامی داواو پێشنیاروویسته کان نه داته وه و له سیاسه تی ئێستایدا به رامبه ر گه لی کورد درێژه به باره ناره واکانی بدا "که ئه و سیاسه ته سیاسه تێکی نه سه لمێندراوه و مشت و مڕی توندیشم له گه ڵ کاربه ده ستاندا کرد، تایبه ت ئه وه ی پێوه ندی هه یه به ڕاگوێزان و گواستنه وه ی خه ڵك له هه ندێ شوێنه کانی کوردستاندا ـ ته ماشای خواره وه بکه ـ له و باره وه ئه وا له داهاتوودا به یانێك به زمانێکی ئه وروپایی بلاو ده که مه وه و له پێناوی تێگه یاندنی لایه نه کاربه ده سته کانی جیهانی له باری میلله ته که مانه وه نه ك ته نها له کوردستانی عێراقدا به ڵکو له هه موو به شه کانی کوردستانی خۆشه ویستدا .

دیاره ئه مه ئه وه ناگه یه نێت که گه شته که مان بێ که ڵك بووه به ڵکو سودێکی زۆری هه بوو ، که ئه مه ش کورته ی که ڵکه که یه تی ·

( ١ ) ئاگادارکردنه وه یه کی بابه تی چاك بوو له باره ی گه له که مانه وه ، ئه ویش به ئاماده بوونی مرۆڤێکی سیاسی و په سه ندی عه ره ب و به ئاماده بوونی نوێنه ری یه کێتی جیهانی بۆ مافه کانی مرۆڤ، ئه م ئاگادارکردنه وه یه جیاوازییه کی زۆری هه بوو له گه ڵ ئه وه دا که نوێنه رانی "ئه نجومه نی جیهانی که نیسه کان کردیان ، که ته نها گه شتێکی به په له یان به ناوچه کوردییه کاندا کردو پاشان بۆ ئه ورویا گه ڕانه وه بۆ ده ربڕینی ئه وه ی که له لێپرسراوان بینی ـ بوویان و بیستبوویان به بێ هیچ شی کردنه وه و لێکۆڵینه وه یه ك به ڵکو زۆر به سووکی و به بێ هه ست کردن ئه و ئه رکه ی خرابووه ئه ستۆیان ئه نجامیانه‌دا ، بێگومان لەم باره وه گله ییه کی قورسیان لێ ده کرێت .

chalakmuhamad@gmail.com
(٢) پیمان ناوتری که هه موو ئه و لایه نه کوردانه ی که وا دژایه تی میریان له کاتی شه ڕدا ده کرد ئاره زووی سه رنج دانی هه لویستی خویان له باری تازه ی پاش ته واو بوونی شه ڕ نه ده کرد ، یا هه ولیان نه ده دا بو وت و ویژکردن له سه ر شیوه یه کی شایان که مافه کان و به رژه وه ندی گه لی کوردی تیدا مسوگه ر بکریت . ئه م هه ول دانه پاش ته واوبوونی شوڕشه چه کدارییه که به و شیوه یه که هه موو که س ده زانیت پیویست بوو پاش ئه و هه لانه ی که وا سه رکردایه تی تیی که وت " پیویست به باس کردن ناکات چونکه له سه ر زمانی هه موو که سیکه و هه موو ئه وانه ی که وا پایه یه کی سه رکردایه تیان هه بوو و ئیستا له " نه غه ده " له ژیر ده ستی "ساواك "دا ده چه وسینه وه ددان به وه دا ده نین .

پاش پشت گوی خستنی هه موو ئه و بیر کردنه وانه ی که ده مزانی بوم هه لده به ستریْن،ده ستم کرد به م هه وله،چونکه به رژه وه ندی گه لی کوردو هه ولدان بو ڕزگارکردنی له و کوسپه ی که پاش پیلانه کونه په رستانه که ی " جه زایر " تووشی بوو بوو خستبوومه سه ر هه موو بایه خ و نرخیکی دیکه وه ، له م په یمانه دا هینده لومه ی حکومه تی کونه په رستی ئیرانم نه ده کرد وه ك لومه ی ده وله تی عیراقم ده کرد چونکه وه ك وتراوه شه ڕ فرو فیله ، به لام ده بوایه ده وله تی عیراق پاش گه یشتن به ئاوات و کوتایی هینان به شه ڕ داوا ڕه واکانی گه لی کوردی جی به جی بکردایه و هه موو ئه و زورو سته مانه ی له سه ریانه لای بردنایه ، چونکه له راستیدا به شیکی سه ره کین له گه لی عیراق و نه ته وه یه کی ددان پیدانراون و مه رج بوو هه ولی له ناو بردنی هه موو لایه نه ناڕه واکانیان بدایه که به هوی شه ڕی برا کوژییه وه هاتبوونه

chalakmuhamad@gmail.com

کایەوە ، لە بەر ئەم هۆیانە بە دڵێکی پاك و دڵسۆزانەوە هەوڵمدا کە ئەم کارە بکەم و هەموو وەزیرە بەعسییەکان ددان بە وتەکانمـــدا دەنێن و ئەوەی مایەی دڵشادییە زۆر لە برایان کە لە ئۆردوگـــای "نەغەدە" شن ددان بەمەدا دەنێن (ئەو برایانەی لە گەڵ زۆریانـدا پێوەندییەکی دوورو درێژی تێکوشانمان لە پێناوی گەلەکەمانـــــدا هەیەو پێویستە هەوڵی دەرهێنانیان لەوێ بدەین و کەڵك لە توانایان لە دەرەوەی وڵات وەربگرین یا ئەگەر حکومەتی عێراق بیەوێ و بار لە کوردستاندا بە ڕاستی بەرەو چاکی چوو ئەوا بە رێزو سەربەرزی بۆ عێراق بگەڕێنەوە .

( ٣ ) ئەم گەشتە و ئەو بەیانانەی بەر لە چوونم بڵاوم کردنەوە لـــە پێناوی پتەو کردنی برایەتی کوردو عەرەب و کۆمارەکەیانــــــدا پێویست بوو،ئەمە لە سەرەتادا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیـــــش تێبینی دەکردو لە قۆناغەکانی دواییدا هەر وەکو دەوڵەتی عێراق پشت گوێی خست بوو ئەوانیش گرینگیان پێ نەدەدا .

(٤) پێویستییەکی مێژوویی شۆڕشی ئازادیخوازانەی کورد بوو بـــۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی جیهانی عەرەب و هێزە سیاسییەکانی ، کە ئەمە لەوەبەر چ لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو چ لە لایەن هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبەوە بایەخی تەواوی پێ نەدەدرا .

( ٥ ) پاش تەواو بوونی ئەم گەشتە ئیدی حکومەتی عێراق بـــــە هاوکاری لە گەڵ ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران سڵ لە سیاسەتی ناڕەواو نادروستی بەرامبەر گەلی کورد دەکاتەوەو لەوە پتر بۆی نالوێ لایەنە پێشکەوتنخوازو سۆسیالیستەکان لە جیهاندا قایل بکات کە سیاسەتی سۆسیالیستی بەتایبەت دەربارەی مەسەلەی نیشتمانیی کورد گرتۆتە بەر .

chalakmuhamad@gmail.com
سەرنج راکێشان و پشتیوانی هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوا-
زەکانی جیهانیشمان لە بیر نەچێت کە مەرجە لە تێکۆشانماندا لە
پێناوی مافە ڕەواکانماندا لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئاگادار
بکرێن، ئەمەش خاڵێکە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ساڵەکانی
دواییدا هیچ بایەخێکیان پێ نەدەدا.

ئەوەی پێوەندی بە منەوە هەبێت لە قوناغی دوایی شۆڕشدا
بە پێی توانا هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەم گیرو گرفتەم داو توانیم
پێوەندییەکی باش لەگەڵ هەندێك لە پارتە دیموکراسی‌وسۆسیال و
کۆمۆنیستە ئەوروپاییەکاندا بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان دروست
بکەم، هەروەها لەگەڵ زوربەی جولانەوە نەتەوەیی و پێشکەوتن
خوازەکانی ئەوروپاشدا و چەندان دەزگای جیهانی و مرۆڤایەتیدا
پێوەندیم بەست.

(٦) لە کۆتاییدا ئاواتەخواز بووم کە ئەم گەشتەکەمێك هیواو
دلخۆشی بۆ گەلی کورد لەماڵەکەی خۆیدا بەدی بهێنێت، کەپێم وایە
بریێك لەم ئاواتەم هاتە دی.

بەڵێ گەلی کورد بەم گەشتە دڵشاد بوون و ئەوەش لە خەڵکی
شارو گوندو کێوو دەشت و دۆڵەکاندا بەدی دەکرا، لەگەڵ خەمی
ئەستووری ئەو میللەتەدا، پێشوازییەکی گەرمیان لە وەفدەکەمان
کرد کە تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە، چەماوەرەکە پێخۆشحاڵ بوون
بەوەی کە ئێمە-برای تێکوشەر کاك بەشیر بومەعەزە و کاك
جان کلوّد و من لە باری ژیانیان دەپرسین و لەبەرامبەر ڕژێمی
بەغدا بەرگری لە مافەکانیان دەکەین.

خەڵك شاد بوون بە گفت و گۆکانم - جار جارە توونە - لەگەڵ

chalakmuhamad@gmail.com
نوێنه رانی ڕژێم له ناوچه کانیان و له به رامبه ر ئه و خه ڵکانـــه دا که کۆده بوونه وه ، ئه و نامانه ی که ده خرانه گیرفانه کانمه وه یا ئـــه و چاو پێکه وتنانه ی دوور له چاوی چاودێرانی ڕژێم ئه نـجـــام ده دران، هه رگیز له بیر ناچنه وه ، وته ی ئه و مامۆستا (شێخ) به ڕیزه ی خه ڵکی سلێمانی که هاتبووه سه ردانم و له ژوری ئوتێله که دا چرپاندی به گوێمدا هه تا هه تایه له بیر ناچێته وه ، مامۆستاکه وتی :

"هه موویان به جێیان هێشتین و چوونه ئێران و سوریاو که سێك لـــه مه یداندا نه ما ، ئه گه ر توانیت ڕژێم قایل بکه یت ده ست هه ڵگرێ له به عه ره ب کردنی هه ندێك له ناوچه کورده کان ، ئه مه ئه و په ڕی ئاواتمانه "

حه قیقه تی گێڕانه وه که :

به ر له وه ی بکه ومه گێڕانه وه ی باسی گه شته که مان بۆ عێراق و کوردستانی عێراق به پێویستی ده زانم ئه وه ڕوون بکه مه وه که ڕژێم حه زی ده کرد به په له به سه ر (سلبیاته کاندا)تێپه ڕم و گوێیان پــێ نه ده م ، به ڵکو بلایه خی ته واو به (ئیجابیات )ی سیاسه تیان به رامبه ر به گه لی کورد بده م.هه ندێ که س پێیان وابوو که بۆ درێژه پێدانی "وت و وێژ " پێویسته ئه وه به نه زه ر وه ربگرم ، ئه مه له لایه کـــه وه له لایه کی دیکه وه هه ندێ برای کورد ! ده یانه ویست به پێچه وانه وه بکه م واتا سلبیاته کان به زه قی پیشان بده م و ئیجابیات له بـیر بکه م یا له بایه خیان که م بکه مه وه .

ئه م به یانه به شێوه یه کی بابه تی زانستیانه ده نووسرێت ،یانی ناوبردنی ڕوداوه کان به و شێوه یه ی که له لایه ن وه فده که مانـــه وه بینرا بوون و بیسترابوون،له پاشاندا به گوێره ی ویژدان و مه نتیق و

chalakmuhamad@gmail.com

حیکمەت قسەیان لە سەر دەکرێ ، مەوزوعیەت و گەڕان بەشوێن ڕاستیدا چاکترین ڕێگایە کە بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە و لە کێشانەی کە هەست و دیماگۆکی و هەڵپەرستی و توند ڕەوی پاڵمان پێوە دەنێن خۆمان بە دوور بگرین ، بێ پەردەییش بنچینەیەکی پتەوی هەر جۆرە وت و وێژێکی ڕاستەقینەیە ، ئەگەر هەر وت و وێژێك هەبێ ئەوا داوا لە برا کوردەکانم دەکەم بە چاوێکی بابەتانەوە بڕواننە مەسەلەکان و دوور بن لە ناوی ئەو خراپ کاریانە ، ئێمە لەم کاتە ناسکەدا کە بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە قوناغێکی ناخوشدا تێ دەپەڕێ پتر پێویستمان بە یەکێتی و هاوکاری هەیە ، لە بەر تەنگی وەخت و شوێن ناتوانم لەم بەیانەدا باسی هەموو ئەو شتانە بکەم کەدیمان و بیستمان ، بۆیە ناچارم زۆر بە- کورتی شتەکان باس بکەم ، ئاواتەخوازم کە چاوم بە براکانم لە ئەوروپا کەوت زۆرتریان بۆ باس بکەم تا بە بیرو ڕای هەموو لایەك لە پێناوی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا چاکترین ڕێگای تێکوشان بگرینەبەر .

چۆنیەتی پرۆگرامی گەشتەکەمان بۆ کوردستان :

لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتی وەفدەکە لە ئەستۆی مندا بوو، سێ ئەندامەکەی دیکە کاروباری بە ڕێوەبردنیان بە من سپارد ، بۆیە پرۆگرامەکەمان بە ویستی خۆمان ڕێکخست و وەزارەتی ڕاگەیاندنیش بێ مشت و مڕ بڕیاری لە سەر دا ، هەمان وەزارەت دوو ترومبێل بە شۆفێرەوە خستیانە ژێر دەستمانەوە ،،، دوو فەرمانبەریشیان بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ ناردین کە کاك (س) و كاك (ع) بوون ، بێگومان لە ئەندامە ڕوناکبیرەکانی "یەکێکیان

chalakmuhamad@gmail.com

دوکتورای هەبوو "حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست بوون ، ئەو دوانە هەم یارمەتیان دەداین هەم چاودێریشیان دەکردین ، ( ئەمە کارێکی باوە و لە زۆر وڵاتاندا پەیرەو دەکرێ ) هەندێ قۆناغی گەشتەکەمان هەلیکۆپتەرمان بەکار هێناو ئیدی گەشتەکەمان بە کوردستاندا لە خانەقینەوە دەست پێ کرد .

لە ڕۆژی ٢١ ی ئابدا سەرمان لە خانەقین و دەوروبەری دا ، بۆ شەوێ بە ترومبێل لە ڕێگای دەربەندیخانەوە بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین و دوو ڕۆژ لەو شارەماینەوە ، کاربەدەستانی پارێزگاو شارەوانی پێشوازیان لێکردین ، چووینە بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بارەگای یەکێتی جڤاتەکانی کریکاران ، دوای سلێمانی چووینە قەڵادزێ و گوندی بنگردیسەر بە ڕانیە ، لە ٢٣ی ئابدا سلێمانیمان بەجێ هێشت و لە ڕێگای بازیان و چەمچەماڵەوە چوینە کەرکوك ، لەوێ چوینە یانەی مامۆستایان و هەندێك لە دەزگاکانی کۆمپانیای نەوت ، لە هەمان ڕۆژدا لە ڕێگای ئاڵتوون کوپرییەوە بەرەو هەولێر بووینەوە ، لە ٢٣ تا ٢٨ ی ئاب بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ لە هەولێر ماینەوە ، لە لایەن لێپرسراوانی شاروپارێزگاوە پێشوازی کراین،لەم پارێزگایە شاری ڕەواندوزو ناوچەکانی شەقڵاواو سەلاحەدین و مێرگەسوور گەڕاین ، لە مێرگەسوورەوە بۆ بارزان ئەگەرچی ڕێگایەکی نزیکە و هەلیکۆپتەریش هەبوو ، بەڵام لەبەر ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ڕابووردووی پڕ لە تێکۆشانی مستەفا بارزانی وکە سایەتی ئەو جوامێرە دڵم بە رایی نەدا بچمە ئەوێ .

chalakmuhamad@gmail.com

له هەولێر لەگەڵ کاک هاشم عەقراوی سەرۆکی بە ناو "ئەنجومەنی راپەڕاندن" ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆبوینەوە ،نەم ویست کاک بابەکر پشدەری سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی یاسادانان ببینم چونکە دەم زانی ئەو ئەنجومەنە نوێنەری گەلی کورد نیە ،هەر لەوێ بە نێو شارو بازارەکاندا گەڕاین و چوینە کۆمپانیای گشتی قالّی نیشتمانی و کۆمپانیای گشتی جگەرەی هەولێر .

کاک (جان کلۆد لوتی) لە ٢٧ ی ئابدا بەجێی هێشتین و بەرەو بەغدا بووە ، ئەوەش بەهۆی نەخۆشییەوە و دەشیەویست لەبارەی کارە ئینسانیەکەیەوە سەر لە خوارووی عێراق بدا و لەگەڵ کاربەدەستاندا کۆبێتەوە ، ماینەوە سێ ئەندام و درێژەمان بەگەشتەکەمان دا ، لە ٢٨ ی ئابدا بەرەو موسڵ بووینەوە ،،،،، پارێزگارەکەی پێشوازی لێکردین و لەهەمان ڕۆژدا لەتەکماندا هات بۆ شاری بەعشیقە و شاری ئاکرێ و لە پاشان بۆ عەین سفنی سەر بە شێخان ، ئەوجا چووینە بارەگای شێخ عودەی دامەزرێنەری ئایینی یەزیدی ، لە ٢٩ دا چوینە دهۆك و لەوێوە بە ترومبیل بەرەو زاوێتە و سەرسەنگ و ئامێدی بەڕێ کەوتین ، پارێزگاری دهۆك لە سەرسەنگ پێشوازی لێکردین ، بەڕێز حەننا قلو (مەترانی ئامێدی ) یش سەری لێداین ، لەبەر ماوە کورتی نەمان توانی بچینە زاخۆو بەرواری بالاو شەنگار و زەمار ، لە ٣٠ ئابدا بە فڕۆکە لە موسڵەوە بۆ بەغدا گەڕاینەوە .

چەند تێبینییەك دەربارەی گەشتەکە :

( أ ) وەفدەکەمان میوانی میری بوو ، لە لایەن کاربەدەستانی ناوەندی ناوچەییەوە بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا ، لەپارێزگاو

chalakmuhamad@gmail.com
قه زاکان به شێوه یه کی ڕه سمی و بایه خێکی زۆره وه به پیرمانه وه ده هاتن و جارو بار کۆمه ڵێك سه رباز سلاوی سوپاییان بۆ ده کردین .
(٢) وه ك له سه ره وه باس کرا ، پرۆگرامی گه شته که مان له لایه ن خۆمانه وه دانراو لێپرسراوانیش به گوێره ی ویستی ئێمه جولانه وه ، جارێك نه بێ ناره زایی ڕویدا ئه ویش من ده مه ویست سه ر له ناوچه کانی قه ره توو و به مۆ بده ین که بیست بووم به هۆی ئاساییشی سنووره وه دانیشتوانیان ڕاگویزراون ،به لام لێپرسراوان به بیانووی ئه وه ی ڕێگا زۆر ناخۆشه و لوغمی تێدا ماوه ناڕازی بوون ، منیش پێم وتن که وه کو گه ڕۆك نه هاتووین و به پێویستی ده زانم بچین ، پاش به ینێك ده مه ته قه ڕێگایان داین ، به لام دوای نیو سه عات به ترومبیل ڕۆیشتن له ناکاو بۆم ده رکه وت که له بری ناوچه ی قه ره توو که له سه رووی خانه قینه وه یه ئێمه له خوارووی خانه قینین ،بێ ئه وه ی پێ بزانم ئه وه ڕویدا بوو ، وتیان که کاك (جان کلۆد ) له ڕێگا داوای کردبوو،شوفیره که شی به پێی قسه ی ئه وی کردبوو ، شوفیره که ی منیش دوای که وتبوو .
(٣) به شێوه یه کی گشتی گه شته که و کۆبونه وه له گه ڵ خه لکدا ئازاد بوو ، به لێنی ئه وه شمان به ر له ده ست پێکردنی گه شته که پێدرا بوو ، به لام زۆر جار ناچار بووم ئه و ئازادیه ته نها بۆ خۆم ته رخان بکه م ، له چه ند شوێنێك داوام له نوێنه رانی وه زاره تی ڕاگه یاندن کرد که له ئیداره کاندا بمێننه وه تا ئێمه ئازادانه به شارو گونده کاندا بسوڕێینه وه ، دیاره بوونی ئه وان ئازادی ئێمه ی که م ده کرده وه ، ئه وانیش داواکانمانیان جێ به جێ ده کرد ، چه ند جارێکیش کاك جان کلۆد ناره حه تی خۆی له بوونی ئه وانه

chalakmuhamad@gmail.com

دەردەبڕی و گلەیی لای من دەکرد .

(٤) من بۆ خۆم لەو ئازادییەی‌هەمان بوو کەڵکی زۆرم وەرگرت، جارێکیان لە بەرامبەر پارێزگاری دیالەو قایمقامی خانەقین و جارێکیش بەرامبەر بە پارێزگاری نەینەوا (موسڵ)لە سنوورم تێ پەڕاند ، پێم وترا کە لە خانەقین بەربەرەکانی دەوڵەتم کردووە و ئاسایشم تێك داوە ، "تەماشای خوارەوە بکە"

ژمارەو چاوپێکەوتنە جۆربەجۆرەکان لە کوردستان .

والە خوارەوە ژمارەو زانیارییەك کە پێوەندی بە ئابووری ، کومەلایەتی ، رۆشنبیری و ئامێرییەوە هەیە لە گەڵ سەرچاوەکانیان کە لێم وەرگرتوون بلاو دەکەمەوە ، دیارە نەم توانیوە بەرەسیان تیدا بکەم بەلام پیم وایە ڕاست بن ، چاوپێکەوتن و ئینتیباعاتەکان کە بینراون و هەست پێکراون ،بێنەو بەرەیان لە سەر ناکری ، چونکە "گەواهی چاون" جا با هەندێکیان چاك و هەندێکیان نادروست بن .

(١) سەرژمێر

پارێزگارەکان و کاربەدەستان و موچەخۆرەکانی لە سێ پارێزگاکانی ئێستای ئۆتۆنۆمی " سلێمانی ،هەولێرو دهۆك" کە لە تەکیاندا کۆبوینەوە کورد بوون ، لە دوو پارێزگای نەینەواو دیالە کە دانیشتوانیان تێکەڵن لە کوردو عەرەب " زوربەی عەرەب " ، پارێزگاکان عەرەب بوون ، قایمقامی شاری "خانەقینی کوردی' یش عەرەب بوو ،بەلام لە پارێزگای کەرکوکی زوربەی کوردا پارێزگاکەی عەرەب و جێگرەکەی کورد بوو.

لە وەرامی پرسیارێکمدا پارێزگاری سلێمانی سەرژمێری

chalakmuhamad@gmail.com
ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە مێژووی ٢١ /١٩٧٥/٥ بەم شێوەیە دامی :

پارێزگای سلێمانی ٦٥٣،٠٠٠

پارێزگای هەولێر ٥٦٤،٠٠٠

پارێزگای دهۆك ١٦٠،٠٠٠

دەربارەی دانیشتوانی پارێزگاری دهۆك ١٦٠،٠٠٠ کەس جێگای گومانە ، هەڵبەت دانیشتوانی قەزاکانی شنگارو شێخانی لەتەکدا نیە کە تا ئێستا نەخراونەتە سەر ئەو پارێزگایە ، لەوەش دەچێ دانیشتوانی قەزای ئاکرێشی لەگەڵدا نەبێ کە دەوڵەت تا ئێستا دوو دڵە بیخاتە سەر پارێزگای ناوبراو .

پارێزگاری نەینەوا لە وەرامی پرسیارێکمدا وتی کە ژمارەی خەڵکی ئاکرێ لە کاتی شەڕدا ٣٠،٠٠٠ کەس بوون ، دوای ئەوەی هەرکی و زێبارییەکان و هی دیکەش کە لە وەختی شەڕدا پەنایان بردبووە شاری موسڵ ، گوێزراونەوە بۆ دەشتی ئاکرێ و خانوویان بۆ دروست کراوە ، ئێستا بە هەمووی ٩٠،٠٠٠ کەسن ، بەوەدا کە پارێزگاری نەینەوا لە گەڵماندا هات بۆ ئاکرێ پێم وایە تا ئێستا نەخرابێتە سەر دهۆك ، ئەگەر ئاکرێ بخرێتە سەر دهۆك ئەوا سەر ژمێری دەبێتە ٢٥٠،٠٠٠ کەسێك " بێ قەزاو ناحیە کوردیەکانی دیکەی سەر بە نەینەوا "

پاش نووسینەوەی ئەوەی باس کرا ، لە دەفتەری تێبینیەکانمدا بۆم دەرکەوت کە لە ٢٨ ی ئابدا پارێزگاری نەینەوا پێی راگەیاندوم "کە شاری ئاکرێ تا ئەو کاتە سەر بەنەینەوایە " ئەگەر ئاکرێ بخرێتە سەر دهۆك ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکاتە ١،٤٦٧،٠٠٠ کەس .

chalakmuhamad@gmail.com

* له ۲۳ی ئایدا له سه رۆکی جڤاتی مامۆستایانی پاریزگای که رکوکم پرسی دانیشتوانی پاریزگاکه و سه رژمیری نه ته وه جوداکانی چه ندن، پاش پرسیارکردن له وه رامدا وتی : دانیشتوانی پاریزگاکه ۶٤۱،۰۹۳ که سن ، ڕووپیوه که شی ۱۹،۳٤۰ کیلۆمه تر چوارگۆشه یه و ئامارێکی دروستیشمان ده رباره ی سه رژمیری نه ته وه جوداکان له به ر ده ستدا نیه ،به لام چه ند قه زایه کی کوردی وه کو چه مچه مال و که لار سه ر به که رکوکن و قه زای تێکه لیش هه یه ، دانیشتوانی چه مچه مال ۵۷،۰۰۰ که سن و ڕووپیوه که ی ۲۳۲۹ کیلۆمه تر چوارگوشه یه دانیشتوانی که لاریش ۳۳،۰۰۰ که سن و ڕووپیوه که شی ۲۷٤۷ کیلۆمه تر چوارگوشه یه ، هه روه ها وتی . ئه م پاریزگایه له شه ش قه زا " که رکوك ، حویجه ، توزخورماتوو ، که لار ، کفری و چه مچه مال " پیك هاتووه .

* هه ندێك له و وه زیرانه ی که له به غدا له گه لیان کوبوومه وه وتیان : که وا میری به ته مایه چه مچه مال و که لار له " که رکوك (که سه ر به ناوچه ی ئوتونومی نیه ) بکاته وه و بیخاته سه ر سلێمانی که ناوچه ی ئوتونومیه چونکه ( ددان به کوردی بوونی ئه م دوو شاره دا ده نیێن ) منیش گوتم ته نها ئه و هه نگاوه به س نیه .

* له چه ند فه رمانبه رێکی ناوچه ی ئوتونومیم پرسی ئایا ژماره ی (۱۳۷۷۰۰۰) که س که له ۳۱ /۵/ ۱۹۷۵ دا به ده ست هاتووه بۆ ژماره ی دانیشتوانی ناوچه ی ئوتونومی ده کاته نیوه ی ژماره ی کورد له عیراقدا یا نه؟ له وه رامدا وتیان ئه وه نیوه ی ژماره ی کوردی عیراقه ،(واده زانم جگه له و کوردانه یه که په نایان بردوته به ر ئیران یا ده رکراون ) .

chalakmuhamad@gmail.com

( ٢ ) كارو باری په روه رده و فێر کردن :

له کاتی سه ردانمانا بۆ جڤاتی مامۆستایانی که رکوك ، له لایه ن کاك ئه کره م شوجاع مه ردان و جێگره کانیه وه که یه که میان کوردو دووه میان تورکمان بوو پێشوازی کراین ، وه ك بۆم ده رکه وت کاك ئه کره م مرۆڤێکی چاك بوو ، به م شێوه یه خۆی پێ ناساندم (خێزانه که م کورده، براکه ی له گه ڵ شۆڕشی کورددا بوو ، له کاتی راگرتنی شه ردا دوو به دوو چوینه سه ردانی ، ئه مه وا ده گه یه نی که مه سه له ی کورد هه میشه له پێش چاوماندا بووه ) هه روه ها وتی که ژن براکه ی مامۆستا بووه و پاش ته واو بوونی شه ر و ده رچوونی بریاری لێ بوردن گه راوه ته وه سه ر کاره که ی خۆی .

ده رباره ی زمانی خوێندن له پارێزگاکه دا پرسیارم لێ کرد ،وتی له پێشدا خوێندن ته نها به عه ره بی بوو ، دوای به یانی ١١ی ئازاری ١٩٧٥ و بۆ جێ به جێ کردنی به نده کانی ، کاربه ده ستان قوتابخانه ی کوردی و تورکمانی و به ڵکو سریانیشیان کرده وه ، دیاره ئه مه به پێی ئاره زووی خه ڵکه که و به گوێره ی یاسای زمانی ناوچه بییه ، ئه م قوتابخانانه له ١٩٧١وه ورده ورده بۆ هه موو پله کانی خوێندن کرانه وه، له هه ر سێ براکه م پرسی که ئایا ئاماری ژماره ی قوتابخانه کوردی و تورکمانی و عه ره بی و سریانیه کان و پله کانی خوێندن و ژماره ی قوتابیه کان له نێو شاری که رکوك و ده وروبه ریدا ده ست ده که ون ؟ ئه وانیش ئه م ئامارانه ی ساڵی ١٩٧٥یان دامی

١ / نێو شاری که رکوك :

| زمانی خوێندن | عه ره بی | کوردی | تورکمان | سریانی |
|---|---|---|---|---|
| قوتابخانه سه ره تاییه کان | ٧٤ | ٤٣ | ٣٢ | ١ |

chalakmuhamad@gmail.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قوتابخانه ناوەندیەکان | ١٧ | ٩ | هیچ | هیچ |
| قوتابخانه ئامادەیەکان | ٥ | ٢ | هیچ | هیچ |
| قوتابخانه دوا ناوەندیەکان | ١٠ | ٥ | هیچ | ١ |

٢/ قەزاکانی پاریزگاکە (جگە لە نیو شاری کەرکووك )

| زمانی خویندن | عەرەبی | کوردی | تورکمانی | سریانی |
|---|---|---|---|---|
| قوتابخانه سەرەتایەکان | ٢٤٢ | ٧٧ | ٢٠ | هیچ |
| قوتابخانه ناوەندیەکان | ٢٤ | ٨ | هیچ | هیچ |
| قوتابخانه ئامادەیەکان | ١٠ | هیچ | هیچ | هیچ |

بەلام ژمارەی قوتابیانی کورو کچی قوتابخانە سەرەتایەکانی پاریزگاکە ٧٦,٧١٢ قوتابی و ناوەندی ١٧,١١٢ قوتابی و دواناوەندی و ئامادەیی ٥٧٣٧ قوتابی بوون ، لیپرسراوانی جڤاتی مامۆستایان وتیان : ناکری قوتابییەك لە قوتابخانەی زمانیکەوە بۆ قوتابخانەی زمانیکی دیکە بگویز ریتەوە ئەگەر رەزامەندی کەس وکاری لەسەر نەبی . لیرەدا لیم پرسین : وەك ئاشکرایە زوربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کەرکوك کوردن ئەوجا تورکمان و عەرەب، تی ناگەم بۆچی ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە عەرەبی دەخوینن بەم شیوە زەقە لەوانەی بە کوردی دەخوینن زۆرترن وبۆچی لە قەزاکانی دەرەوەی کەرکوکدا قوتابخانەی ئامادەیی بە کوردی خویندن نیە ؟ لە وەرامدا وتیان کە لە سالی ١٩٧١ ەوە قوتابخانەی کوردی و تورکمانی بەرە بەرە دەکرینەوە ، ئەگەر پەیرەوی ئەو یاسایە بەردەوام بیت ، وا چاوەروان دەکریت ژمارەی قوتابخانە کوردی و تورکمانیەکان زۆرتر بن ، لە لایەکی دیکەوە ئەو قوتابیە کوردو تورکمانانەی بەر لە ١٩٧١ دەستیان بە خویندن کردووە، بۆ ئەوەی کیشەیان بۆ دروست نەبی ،هەر بە زمانی عەرەبی دریژە

chalakmuhamad@gmail.com

به خوێندنه که یان ده ده ن .

* دیسان سه رۆکی جڤاتی مامۆستایانی که رکوك وتی : ئـــه و مامۆستایانه ی هاوبه شی شۆڕشی کوردیان کردبوو نزیکه ی ۳۰ ـ ۳۵ مامۆستا بوون ، هه موویان له ناوچه کوردیه کانی سه ر به که رکوك دانراونه ته وه ، ئه و قوتابیانه ش که له شۆڕشدا به شدار بـــوون بۆ قوتابخانه کانیان گه ڕاونه ته وه و تاقی کردنه وه ی ئاسانیـــش کراون .

* خوێندنی سه ره تایی له پارێزگای دهۆك و ئاکرێ به کـــوردی سۆرانیه ( ئیدی نازانم که تا ئێستا قوتابخانه ی ناوه نـــدی یـــا ئاماده یی به کوردی کراونه ته وه یا نه ؟ ) ، له کاتێکدا به ده شتی ئاکرێدا تێپه ر ده بووین ، پارێزگاری نه ینه وا کاك فلـــه یـیح حه سه ن (خه ڵکی دیاله ) ترومبیله که ی لێ ده خوری و منیش لـــه ته کیه وه دانیشتبووم ، پێی وتم " خه ڵکی شاری ئاکرێ بێزارن له وه ی خوێندن به زمانی کوردی سۆرانی به سه ریاندا بسه پێنری !!!؟ " له م باره وه داخوازی نامه یان نووسیوه که خوێندن ببێته وه بـــه زمانی عه ره بی ، خه ڵکی دهۆکیش هه مان داوایان هه یه ٥ من باوه ڕم وایه که خوێندن له م ناوچانه دا به ئاره زووی خه ڵکه که و به زمانـی کوردی کرمانجی بێت "

* خوێندن له قه زاو ناحیه کانی دیکه ی سه ر به نه ینـــه وا وه ك شه نگارو شێخان و به عشیقه به عه ره بییه ، به ڵام خه ڵکی شـــاری زه مماری کوردی که سه ردانیم نه کردووه هه واڵم هه یه کـــــــه ڕاگوێزراون

* له سه ره تای گه شته که مان بۆ کوردستان له ۲۱ی ئابدا لـــــه

chalakmuhamad@gmail.com
خانەقین بە ئامادە بوونی پارێزگاری دیالە و قایمقامی خانەقین و نوێنەری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و بڕێك لە فەرمانبەران و سوپاییان پێشوازییەکی رەسمی کراین و چەند وتەیەك دراو منیش بە نێوی وەفدەکەمانەوە وەرامێکی گونجاوم دانەوە ، کاتێ ویستمان بە نێو شاردا بگەڕێین ، هەموو پێشوازیکەران بە دوو نوێنەری وەزارەتی راگەیاندنیشەوە گەرەکیان بوو لە تەکماندا بێن ، بەلام دوای سوپاس تکام لێ کردن کە بۆ ئەوەی خەلکەکە بتوانن قسە بکەن،چاکتر وایە ئەوانمان لەگەل نەبێت ، پاش بڕێك دەمەتەقە ، ڕەزامەندیان پیشان دا ، ئێمەش چووینە ناو شارەوە و بووین بە دوو بەشەوە ، کاك یوسف پەری و کاك "جان کلۆد" چوونە سەردانی کلێسە و کەشیشەکەی "قَسْ" ، من و کاك بەشیر بومەعەزەش ڕۆیشتین بۆ بازارەکان ، خەلکی شاری خانەقین کوردن و بە کوردی قسە دەکەن ، لە کاتێ گەڕانماندا کۆمەلێك مندالی تەمەن ١٢ ـ ١٣ سالانمان بینی کە بە کوردی قسەیان دەکرد ، پرسیارم لێ کردن کە داخۆ خوێندنیان بە کوردییە یا نە ؟ لەوەرامدا وتیان : لەوە پێش بە کوردی بوو لەم دوایەدا کردیانەوە بە عەرەبی و نێوی کوردی قوتابخانەکا- نیشیان گۆڕییەوە بە عەرەبی . پرسیارێکی دیکەم لێکردن کە ئایا ژمارەی دانیشتوانی کورد لە خانەقین و دەوروبەریدا بەرە بەرە کەم دەبێتەوە و عەرەب لە جێیاندا نیشتەجێ دەکەن ؟ وەرامەکانیان ئیجابی بوو ، هەمان پرسیارم لە کۆمەلێك کوردی خاوەن دوکان کرد ، وەرامی ئەوانیش وەك هی قوتابییەکان وابوو . خەلك لە دەورمان گرد بوو بوونەوە و منیش بە"کوردیە

chalakmuhamad@gmail.com

لاوازەکەم " زاری خواروو "تێکەڵ بە وشەی عەرەبی قسەم بۆ دەکردن . یەکێك هاتە پێشەوە کە بە زمانی ستانداری عەرەبی باسی هۆیەکانی ئەو گۆڕانکارییە بکا "لە کاتێکدا خەڵکەکە کوردن و کەم عەرەبی دەزانن " لێم پرسی کە ئایا عەرەبە و خەڵکی شارەکەیە ؟ پێی وتم کە مامۆستایە و خەڵکی عێراقی عەرەبییە و خانەقینی نیە . پێش ساڵێك لەوێ دامەزراوە ،ئەوجا درێژەی بە باسەکەی داو وتی " کۆمەڵی بارزانی بە زۆرەملی خوێندنی کوردییان بە سەر خانەقیندا سەپاند بوو ،دوای تێشکانی یاخی بوونەکە ، دەوڵەت ئەو زۆردارییەی لە سەر خەڵکی لابردو خوێندن بووەوە بە عەرەبی " منیش پێم وت ئەو قسەیە راست نیەو سەرسامم مرۆڤێکی ڕۆشنبیر وا بیر دەکاتەوە . چونکە شتێکی سروشتییە خەڵکی ئەم شارە کە کوردن ، خوێندنی منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان بێت ، مەسەلەکە پێوەندی بە سیاسەت و شۆڕشەوە نیە ، ئەو وتی : بەڵگە هەیە کە خەڵکەکە داخوازینامەیان نووسیوە خوێندن ببێتەوە بە عەرەبی . منیش بە دەنگێکی بەرزو توڕەییەوە پێم وت : ئەو داخوازینامانە هەموویان درۆوهەڵبەستراون، دەبێ کارگەرانی حیزبی بەعس و نۆکەرانی دروستیان کرد بێ و بە هیچ شێوەیەك باوەڕی جەماوەری شارەکە نیە . ڕووم کردە خەڵکەکەو پاکیان پشتگیریان کردم ، دوای ئەوە لە گەڵ کاك بەشیردا چووینە چایخانەیەك کە کوردێکی زۆری لێ بوو چایان دەخواردەوە ، کاك بەشیرو خۆمم پێ ناساندن و هوی بوونمان لەوێ عەرزکردن و پرسیارەکانی دەرەوەملێکردنەوە . وەرامەکانیان وەك وەرامی قوتابی و خاوەن دوکانەکان وابوو ، گشتیان بە

chalakmuhamad@gmail.com

بینینمان شادمان بوون و سوپاسی خوایان کرد و نزای سه رکه وتنیان بۆ کردین. "پاره ی ئه و چاپانه ی خواردبومانه وه لیّیان وه رنه گرتین"

پاشان بۆ سه را گه ڕاینه وه و به ر له وه ی له شویّنیّکی دیکه وه هه والّه کان بگاته وه،خوّم ئاگادارم کردن ، دوای سه عاتیّك كاك (س)ی نیّرراوی وه زاره تی راگه یاندن هات و به گلله ییه وه پیّی وتم " له سنووری ئازادی ڕاگه یاندن که به لیّنم به ده ولّه ت دابوو ده رچووم و باس و خواسم له گه لّ ئه و خه لّکه دا ، زورداری بووه له ده ولّه ت و لیّپرسراوان و ئاسایشم تیّکداوه و خه لّکم هانداوه ،ئه گه ر سه فیری ولاّتیّکی بیّگانه ئه وه ی بکردایه ،هه ر ده ست به جیّ له عیّراق وه ده ریان ده نا " (س) به هه ڕه شه وه وتی : هه ر ئیّستا پیّوه ندی به سه رکردایه تی هه ریّمایه تی یه وه ده کات و پیّره وی "تعليمات "تازه یان لیّ داوا ده کا " منیش پیّم وت " بڕۆ چ ده که یت بیکه ، من ئاماده نیم ئه وه ی له خانه قین ده ی بینم و ده ی بیسم قبولّی بکه م ، ئه گه ر ده ولّه ت ده یه ویّ له سه ر گه شته که مان به کوردستاندا به رده وام بین ، ئه وا چاکه ، ده نا هه ر ئیّستا بۆ ئه وروپا ده گه ڕیّمه وه " به لاّم گه شته که مان بیّ ئه وه ی به قه ده ر نوکه ده رزییه ك له نه خشه ی خوّی تیّك بدات به رده وام بوو ، چه نده شم بو کرا که لّکم له و ئازادیه ی ده ولّه ت دابوی وه رگرت ، هه لّویّستی ده ولّه تیش له به رامبه ر تیّبینی و سه رنج و بوچوونه کانم ئیجابی بوو ، له مه دا وا تیّ گه یشتم که ئاره زوی وت و ویّژ ده کا.

دوای گه ڕانه وه مان له گه شته که ی کوردستان ، له به غدا مه سه له کان و سه رنج و تیّبینیه کانم له سه ر خانه قین و شویّنانی دیکه له گه لّ وه زیراندا باس کرد ، به کیّك له وه زیره کان کاك نه عیم

chalakmuhamad@gmail.com

حه ددادی وه زیری لاوان و ئه ندامی سه رکردایه تی بوو پیێ وتم "بۆ گه رانه وه ی خوێندن به کوردی له خانه قین، به م زوانه ته گبیری پێویست ده که ین".

* خوێندن له پارێزگاکانی ناوچه ی ئۆتۆنۆمیدا به کوردیه، لێره دا پێویسته ئه وه به یاد بێنمه وه که ساڵانێکی دوورو درێژه له سلێمانی و زوربه ی ناوچه کانی پارێزگای هه ولێر خوێندن به کوردیه، ئه وه پارێزگای دهۆك و پارێزگای که رکوك که تا ئێستا سه ر به ناوچه ی ئۆتۆنۆمی نیه نه ی گرتبووه وه.

* له ۲۱ی ئابدا له هه ولێر جێگری ئه میندار ی گشتی کارو باری په روه رده و فێرکردنی ناوچه ی ئۆتۆنۆمی "کاك عه بدولغه ففار سایغ" به ئاماده بوونی به رێوه به ری په روه رده ی هه ولێر "مامۆستابورهان" ئه م هه واڵه ی دامێ "تێبینی ـ ته ماشای کارو باری کۆمه لایه تی بکه له باره ی ژماره ی قوتابخانه کان و قوتابیانی هه ولێره وه".

ـ به رنامه ی خوێندن له قوتابخانه کوردییه کان و چاپکردنی کتێبه کانی به هاوکاری به رێوه به ریتی گشتی خوێندنی کوردی له لایه ن وه زاره تی په روه رده وه ئه نجام ده درێ، به لام کردنه وه ی قوتابخانه ی نوێ و فراوانکردن و گواستنه وه ی مامۆستایان و مالیاتی په روه رده له ناوچه که دا ئه وه کاری کارگێرێتی تایبه تی کوردستانه

ـ له ساڵێکدا نزیکه ی ۳۰۰۰ ماموستا بۆ خوێندن به کوردی له ناوچه ی ئۆتۆنۆمیدا ده رده چێ، به م زوانه ش خوێندنگای مامۆستایان له سلێمانی و هه ولێر ده کرێنه وه.

ـ جگه له قوتابخانه ی ئاسایی، پیشه ییش هه یه، له وانه قوتابخانه ی کشت و کاڵ له ناحیه ی خه بات و یه کێکیش له زاخۆ و یه کێکیش

chalakmuhamad@gmail.com
له سلێمانی ، ئامادەیی پیشه سازی له سلێمانی وهەولێریش هەیە و هەموویان بە کوردی دەخوێنن .

- له شارو مەلبەندەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کتێبخانەی گشتی هەیە ، هەولێش دەدرێ کتێبخانەی گشتی فراوان بۆ هەموو ناوچەکە بکرێتەوە .

- ئەمانەتی گشتی پەروەردە بەم زوانە دەزگایەکی نوێی چاپ دادەمەزرێنی "Offset" کە کتێبەکانی خۆی پێ چاپ بکات .

- لە هەر یەکێك لە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا شانۆیەکی کوردی و لقی کۆمەڵەی هونەرمەندانی لێیە .

- تا ئێستا کۆڕی زانیاری کورد ماوەتەوە و یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا گۆڤارێك دەر دەکات .

* لە ئێوارەی ٢٦ی ئابدا بۆ ئامادەبوونی ئاهەنگێ کە کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە هەولێر سازیان کردبوو ، وەفدەکەمان بانگ کرا ، ئێمەش ئامادە بووین و ژمارەیەکی زۆر مامۆستاو رۆشنبیرانی کوردی لێ بوو ، ئاهەنگەکە بۆ پیشاندانی سلایدی رەنگیی دیمەنەکانی کوردستان بوو ، بە کوردی قسەی لە سەر دەکراو دوایی دەکرا بە عەرەبی ، لە بەرهەمی هونەرمەندانی کورد چەند تابلۆیەکی کوردستان پێشکەش بە وەفدەکەمان کرا

* بە هۆی پشوی هاوینەوە زانستگای سلێمانی داخرا بوو ، لە رێگای مامۆستایەکی کوردی زانستگاو یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ئەم زانیاریانەم وەرگرت .

- زانستگای سلێمانی چەندان کۆلێژو ئامۆژگایە ، وەك کۆلێژی ئەندازیاری ، کشت و کاڵ ، زانیاریەکان ، ئاداب ، ئاموژگاش

chalakmuhamad@gmail.com

وه ك كارگێڕی و ئابوری ، پزیشكایه‌تی ـ كه‌له‌ ساڵی ٩٧٥ ـ ٩٧٦ه‌ وه‌ ده‌بێته‌ كۆلێژی پزیشكی.

ـ ئه‌و زانستگایه‌ نزیكه‌ی ٢٩٠٠ قوتابی تێدایه‌ ، زۆربه‌ی قوتابیه‌كانی كوردن ،نزیكه‌ی ٣٥٪ی عه‌ره‌بن ، بابه‌ته‌كانی ته‌كنیك وزانسته‌كان به‌ئینگلیزی ده‌خوێنرێن ، له‌ ئادابدا به‌ كوردی ده‌خوێنرێ ،قوتابیه‌ عه‌ره‌به‌كانیش كوردی ده‌خوێنن ، هه‌روه‌ها به‌ شێكی زمانی كوردی و به‌ شێكی زمانی عه‌ره‌بی تێدایه‌ .

ـ ٨٠ قوتابی زانستگای سلێمانی له‌ شۆڕشدا بوون "ئایا له‌وه‌ زۆرتر نه‌بوون ؟" دوای كۆتایی شه‌ڕ له‌ ٩٠ ٪ یان گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ و له‌ كۆلێژو ئامۆژگاكانی خۆیاندا وه‌رگیراونه‌ته‌وه‌ و پۆلی تایبه‌تیان بۆ كردنه‌وه‌ كه‌ زۆر دوانه‌كه‌ون .

ـ ٢٠ مامۆستای زانستگای سلێمانی چووبوونه‌ شۆڕش و جگه‌له‌ دوانیان هه‌موویان گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ "نه‌م توانی به‌ ڕه‌سی له‌و ژمارانه‌دا بكه‌م"

ـ له‌ ٢٢ ی ئابدا له‌ باره‌گای یه‌كێتی قوتابیانی كوردستان له‌ سلێمانی به‌ ئاماده‌بوونی دوو نوێنه‌ره‌كه‌ی وه‌زاره‌تی راگه‌یاندن ، سه‌رۆكی یه‌كێتی و چه‌ند قوتابییه‌كی كچ و كوڕ پێشوازیان لێكردین ، دوای ئه‌وه‌ی خۆمان پێ ناساندن له‌ باره‌ی چالاكی ڕێكخستنیانه‌وه‌ داوای زانیاریمان لێكردن ، كه‌ به‌م شێوه‌یه‌ بوو :

ـ یه‌كێتی قوتابیانی كوردستان ڕێكخراوێكه‌ له‌ یه‌كێتی گشتی قوتابیانی عێراقدا ئه‌ندامه‌ ، ( راستییه‌كه‌ی یه‌كێتی نیشتمانی قوتابیانی عێراقه‌ ـ هه‌ڵوێست ) هه‌موو قوتابیه‌كی زانستگاوناوه‌ندی و ئاماده‌یی ئۆتۆماتیكی له‌٪ یه‌كێتییه‌دا ئه‌ندامن ، ژماره‌ی ئه‌ندامانی یه‌كێتی ته‌نیا له‌ سلێمانیدا بیست هه‌زار قوتابییه‌ .

chalakmuhamad@gmail.com

پرسیارم لێکردن کە ئایا یەکێتییەکەیان لە قەزای خانەقین و پارێزگای کەرکوك و قەزای شەنگار لقیان هەیە ، وەرامی سەروکەکەیان سلبی بوو ، ئەوجا وتی قوتابی کورد وەك هەر قوتابییەکی عەرەب یەکاو راست لە یەکێتی قوتابیانی عێراقدا ئەندامە، جا با لە هەر شوێنێك بێت .

- لە سەرۆکی یەکێتییەکەم پرسی "هەر خۆی وەرامی دەدایەوە" کە ئایا کوردستانی عێراق هەر ئەو شوێنانەیە کە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدان، یا دەبێ هەموو ئەو شوێنانە بگرێتەوە کە بەپێی جوغرافیاو مێژووو بریاری لە سەر دراوە ، لەم ڕووەوە وەرامێکی تەواوم دەست نەکەوت ، چونکە سەرۆکی یەکێتییەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی ڕاگەیاندن نەی دەتوانی بە ڕاستی وەرام بداتەوە ، بۆیە ڕووم کردە خۆی و برادەرەکانی و پێم وتن :

" ئەندام بوونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقدا شتێکی راستە ، بەلام نابێ یەکێتییەکەتان هەر بۆ ئەو قوتابیانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت کە دەولەت سنوری بۆ کێشاوە ، لە زوربەی ولاتانی جیهاندا لەوانە ولاتانی رۆژئاوا هەر شتێك دەولەت بریاری لە سەر دا،قوتابیان بێ رەخنە و بێ لێکدانەوە پەسەندی ناکەن ، بەلکو هەمیشە لە پێشەوەی ڕەخنەگران و نارازیانن ، دەخوازم هەر شتێك دەولەت و ئیدارەی ئۆتۆنۆمی بریاریان لە سەردا قبولی نەکەن و بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنە لە کردارەکانی وەچەی لە خۆتان گەورەتر بگرن ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی کوردو دیموکراسی بۆ عێراق ڕابوردوویەکی نەمری تێکوشانی هەیە ، ئەگەر گەرەکتانە

chalakmuhamad@gmail.com

شایانی ئەو ناوە و هەڵگری ئالاکەی بن ، پێویستە لە سەر تان لە کەرکوك و خانەقین و شێخان و شەنگار لقی خۆتان بکەنەوە، پێویستە دەنگتان بەرز بکەنەوە و بڵێن کە کوردستانی عێراق تەنیا ناوچەی ئۆتۆنۆمی نیە بەڵکو ئەو شوێنانە شە کە ناومان بردن و خەڵکەکەشی بەشێکن لە نەتەوەی کورد کە ئیستیعمار دابەشی کردووە و زوڵمی لێکردووە .

دوای هاتنە دەرەوەمان کاك بەشیر بومەعەزە گلەیی لێکردم وتی " ئیهانەی ئەو کچ و کورانەت کرد کە دڵنیام لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستانن" منیش وتم : مەبەستم ئیهانە نەبوو ، ویستم وەك وەچە تازە پێگەیشتووی کورد بەرپرسیارییان بێنمەوە یاد " بۆ یادگار وێنەیەکمان لەگەڵیاندا گرت "

هەموو ئەو وەزیرە کوردو عەرەبانەی بینیمن و لێپرسراوانی ئۆتۆنۆمی کە لەگەڵیاندا کۆبوومەوە لە سەر ئەوە رێك بوو کە دەوڵەت بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە پێشکەوتنی کوردستان دەداو بۆ ئەو مەبەستەش پارەیەکی تایبەتی داناوە ، بۆ ساڵی ١٩٧٥ بیست ملیۆن دینار خراوەتە ژێر دەسەلاتی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە ، ئەمە جگە لە بەشی هەر یەکێك لە سێ پارێزگاکە کە لە بودجەی دەوڵەت بەشی خۆی هەیە .

* ئێمەش هەستمان بە پێشکەوتنی کشت و کاڵ لە ناوچەکەدا دەکرد،لە باری پیشەسازیشەوە سلێمانی و هەولێر پێیانەوە دیار بوو، لە باری ئاوەدانیەوە،شارە سەرەکیەکان لە برەودا بوون ،

chalakmuhamad@gmail.com

" ده‌یانگوت شاری کۆیه‌ش که‌ دانیشتوانی ۷۰ هه‌زار که‌سه‌ جوان و پێشکه‌وتووه‌، به‌ داخه‌وه‌ له‌به‌ر ماوه‌ کورتی نه‌متوانی سه‌ردانــی بکه‌م " جگه‌ له‌وانه‌ جم و جۆڵی بازرگانی و پیشه‌یی و ماڵیاتداری و گه‌شت و گوزار باش بوون ، عه‌ره‌بی عێراق و کوێت و ســعوود ده‌گه‌نه‌ هاوێنه‌ هه‌واره‌کان ، خاوێنی و رێك و پێکی و خۆشی هه‌واو جوانی خانووه‌کانی سلێمانی "سالی ۱۹٦٤ چووبووم " دڵشادیان کردم، ئه‌مه‌ سه‌ره‌رای لوتف و به‌غیره‌تی‌ی خه‌ڵکه‌که‌ی ، ئه‌و شاره‌ شێوه‌ی هه‌ندێ شاری سه‌رووی ئه‌ورووپای پێوه‌ دیاره‌ ، پارێزگاری سلێمانی "مامۆستا محه‌ممه‌ده‌مین " وتی "دانیشتوانی سلێمانی له‌۹۷۵ دا ۱۸۰,۰۰۰ هه‌زار که‌س بوون" ، شاری هه‌ولێریش پێته‌ختی نــاوچــه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌ رووی فراوان بوون و چالاکی یه‌وه‌ له‌ سلێمانی که‌متر نیه‌ ، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ گه‌ره‌کی نوێ و کۆن و قه‌ڵا مێژوویبه‌که‌شی .

* داوام له‌ پارێزگاری سلێمانی کرد که‌ لیستی دامــه‌زراوه‌ پیشه‌سازیه‌کانی پارێزگاکه‌م بداتێ ، به‌ زاره‌کی وه‌ڵامه‌که‌ی به‌م شێوه‌ دامه‌وه‌:

١ ــ پرۆژه‌ی که‌هرۆمائی که‌ له‌ به‌ربه‌ستی دوکان شیرکه‌تێکــی سۆڤیه‌تی دروستی ده‌کا، هه‌شت ملیۆن دیناری تێده‌چێ و دوای ۳۲ مانگ ته‌واو ده‌بێ ، به‌رهه‌مه‌که‌شی ٤/۳ هه‌موو ئه‌وه‌یه‌ کــه‌ ئێستا له‌ عێراقدا هه‌یه‌و بۆ پێشکه‌وتنی پیشه‌سازی پارێزگاکه‌و ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی به‌کار دێ و لێشی ده‌نێرری بۆ تورکیاو ئێران .

۲ ــ پرۆژه‌ی مریشك به‌خێوکردن به‌ پێنج ملیۆن دینار خه‌ریکی دروستکردنین ، مریشکی گۆشت و مریشکی هێلکه‌که‌ر به‌ رهــه‌م دێنی و وا چاوه‌روان ده‌کرێ رۆژی ۲۵۰ هه‌زار هێلکه‌ به‌رهه‌م بێنی.

chalakmuhamad@gmail.com

٣ـ کارگەی چیمەنتۆ ئێستا ڕۆژی هەزار تەن بەرهەم دێنــــێ و ژمارەیەکی زۆر کرێکاری تێدا ئیش دەکات و بەهیواشین فــراوان بکرێ.

٤ـ کارگەیەکی پوختە کردنی توتن هەیە کە هەزار کرێکار ئیشــی تێدا دەکات و بەشێك لە بەرهەمەکەی بۆ کارگەکانی هەولێــر و بەغدا دەنێررێ.

٥ـ کارگەی پوختە کردنی توتن لە هەڵەبجەو پێنجوینیش هەیە .

٦ـ کارگەیەکی جگە رەدروستکردن هەیە و زیدەتر لە هــــەزار کرێکار ئیشی تێدا دەکات ، بەرهەمەکەی لە عێراقدا ســـــەرف دەبێ و لێشی دەنێررێ بۆ سعود ، هەموو کرێکارو فەرمانبەرەکانیش کوردن .

٧ـ کارگەی شەکر تەواو بووەو لە ١/٧/٩٧٦ دا بەرهەم دێنی ،ئەمیش یارمەتی فراوانکردنی زەوی کشت و کاڵی بەرهەمهێنانی چەوەندەر لە دەشتی شارەزوور دەدا ، ئێستا بەهۆی هەرەوەزکاریـــــەوە خەریکی فێرکردنی بەرهەمهێنانی چەوەندەرن .

٨ـ چوار کارگەی ئەسفەڵت هەیە ، یەکێکیان هی شارەوانـــــی و سیانەکەی دیکە هی وەزارەتی ئەشغالن .

٩ـ کارگەیەکی دارتاشی هەیە سەر بە ئیدارەی مەحەلیە .

١٠ـ کارگەیەکی خشت دروستکردن بۆ خانووبەرە .

١١ـ کارگەیەکی چەو پاککردنەوە لە سلێمانی و یەکێکیش لــــە پێنجوین هەیە .

١٢ـ بڕیارە چوار مەڵبەندی گاوگۆل بۆ گۆشت و شیر بکرێنەوە ، یەك ملیۆن و نیو گاوگۆل لە سلێمانی هەیە کە نزیکەی ٤/٣ ی گاو

chalakmuhamad@gmail.com

گۆلی عێراقە ، سێ مەلبەندی گوێرەکەی گوشتییش هەیە .

١٢ ـ بڕیارە کارگەیەکی تەختەسازی لە تەوێڵە بکرێتەوە .

١٤ ـ خەریکی تەگبیرکردنی کردنەوەی کارگەیەکی تەکرینـــــری ئاون لە شارەزوور .

١٥ ـ بەڕێوەبەری دارستان ٣٤٠٠ کرێکاری کشت و کاڵی هەیـــــە ، بیر لەوەش دەکرێتەوە ناوچەی دیکەش دارنێژ بکرێت، بەتایبەت بەداری بەرداری وەك بستەو لوزو بندق .

١٦ ـ پارێزگا بەردی بناغەی ٣٢ پرۆژەی خانووبەرەی دانـــــاوە ، لەوانە هوتێلێکی گەورە لە نێو شاری سلێمانی "هوتێلی ئاشتی" کـــە ئێمە لەوی دابەزی بووین ، نزیکەی ٨ ـ ٩ نهوم بوو"

* بۆم نەکرا سەردانی ئەو شوێنانەی لای سەرەوە بکەم ، نەشـــم توانی ئاماری بەو جۆرە لە بارەی هەولێرەوە بەدەست بخەم ،بەلام باوەڕم وایە وەك سلێمانی بێت .

* پێم خۆشە ئەم قسانەی خوارەوە لە بارەی پێشکەوتنی ئابـــوری و پیشەسازی‌وکشت و کاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کوردستان بە گشتـــــی بکەم :

١ ـ پێشکەوتنی ئابوری ناوچەکە لە بنچینەدا بەندە بە ســـــامـــــانی سروشتی و چالاکی دانیشتوانەوە ، لە گەڵ بوونی باری ناجـــــــۆری سیاسی‌دا بەلام ئەو هۆ سەرەکیانە خۆیان هەن .

٢ ـ زوربەی ئەو دامە زراوانەی کوردستان چەندان ساڵ لەمەوبەر دامەزراون .

٣ ـ بۆ نەخشەو کەلك بینین لەوزەی ئادەمی و سامانی سروشـــــتی، ویستی دەوڵەتی ناوەندی و دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی بۆ پێشکەوتنی ناوچکە

chalakmuhamad@gmail.com

مه رجێکی سه ره کییه و ئه وانه ش هه ن .

٤-له وێستی ده وڵه تی ناوه ندی بۆ پێشکه وتنی ناوچه که گومان ده کرێ، ئه گه ر وا بزانرێ ئه و پێشکه وتنه هه ستی کوردایه تی لاواز ده کاو ده شبێته هۆی چاره سه ری کێشه ی نیشتمانیی کورد له عێراقدا ، ئه وا به هه ڵه دا چووه ، له مێژووی نوێی جیهاندا زۆر ده وڵه ت ئه و هه ڵانه یان کردووه و دوای ماوه یه ك په شیمان بوونه ته وه ، هیوا وایه ده وڵه تی عێراق ئه و هه ڵانه نه کات .

٥ ـ دوای ئه و ماوه غه در لێکردنه له کوردستان ، ئه گه ر بۆ پێش که وتنی ئابووری ناوچه که کار بکرێ ، ئه وا ته نها جۆره دادێکه بۆ لابردنی زۆر لێکردنه که ، له کاتێکدا ناوچه کوردیه کان له به راورد له گه ل عێراقدا ده توانێ به ره مێکی چاك وه ده ست بهێنێ .

کـــاروبـاری کۆمه لایه تی :

شێوه ی گشتی سیاسه تی ده وڵه ت له بواری کۆمه لایه تیـــدا هه وڵدان بۆ چاککردنه له گه ڵ پاراستنی جۆره ملکایه تییه کی تاکدا که به پێی یاسا دیاری ده کرێ ، ئه مه ش چ بۆ ناوچه کوردیه کان یا عه ره بیه کان کارێکی باشه .

* هه ل و مه رجی ئیش و مافی کریکاران و کارگه ران به پێی یاسای ژماره ١٥١ ی ساڵی ١٩٧٠ دیاری کراوه ، که م و کوڕی ئه و یاسایه و گوڕانکاری تێیدا به هۆی یاسای ژماره ٥٠ ی ساڵی ١٩٧٢و بڕیاره کانی ژماره ٧٠٣ و ٨٢٠ ی ساڵی ١٩٧٣ ی ئه نجومه نی سه رکردایه تی شۆڕش چاره سه ر کراوه.

* له ٢٢ ی ئابدا وه فده که مان چووه سه ردانی یه کێتی جقاته کانی کرێکارانی سلێمانی و ئه م زانیاریانه یان پێ ڕاگه یاندین :

chalakmuhamad@gmail.com

- یەکێتییەکەمان لە ٩ جڤات پێک هاتووە و لە یەکێتی گشتی جڤاتەکانی کرێکارانی عێراقدا ئەندامە ، لە ناوچە کوردنشینەکانی یەکێتی جڤاتەکانی کرێکارانی کوردستان نیە ٥٠٤ک قوتابیان هەیە

- کرێکاران نوێنەرانیان ڕاستەوخۆ لە کارگەکاندا هەڵدەبژێرن . یەکێتی سلێمانی ٩ ئەندام بە ڕێوەی دەبا کە زوربەیان سەر بە پارت و بزوتنەوە سیاسیەکان بوون ، دوانیان سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان "مەبەست باڵی کاک عەزیز عەقراویە ... " دوانیان سەر بە کوردە پیشکەوتنخوازەکان و بەعسییەکی تیدا بوو بەڵام دوایی وازیان لە حیزبەکانیان هێنا و ئیدی ئێستا هەرخەریکی کارو باری کرێکاری و پیشەیین .

- لێپرسراوی یەکێتییەکە وتی " باری کرێکارانی سلێمانی چاکە و دەوڵەت بایەخی تەواو بە بەرژەوەندیان دەداو زامنی کۆمەڵایەتیان هەیە ، هەروەها وتی " لە گەڵ ئەوەدا " ٧٥٠ " کرێکاری بێ ئیش هەیە بەڵام ئەو کریکارانەی لە شۆڕشی کورددا بوون و گەڕاونەتەوە ، هەر هەموویان ئیشیان بۆ دۆزراوەتەوە و دەسەڵاتداران بڕیاری ئەوەیان دا کە ڕۆژی دینارێکیان هەبێ ، لە کاتێکدا کرێکاری دیکە ٦٥٠فلس وەردەگرن " ئەو قسەم لە زۆر سەر چاوەوە بیستووە "

* لە ٢٦ ی ئابدا وەفدەکەمان بە ئامادە بوونی سەرۆکی تەندروستی هەولێر " دوکتۆر عەبدولرەزاق " لە گەڵ ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندورستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاک مەحەممەد زێوەر کۆبۆوە و ئەمانەی پێ ڕاگەیاندین :

- چەندان تیبی تەندروستی بۆ بە تەنگەوەهاتنی ئەوانەی بۆ

chalakmuhamad@gmail.com
نیشتمان گه ڕاونه‌نه‌وه چونه‌نه سه‌ردانی ناوچه سنووریه‌کان .

ـ له ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمیدا ۲۷۰ دامه‌زراوه‌ی ته‌ندروستی له نه‌خۆشخانه و مسته‌وسه‌ف و مه‌لبه‌ندی کارگوزاری ته‌ندروستی هه‌یه .

ـ کێشه‌ی که‌می دوکتۆری کوردمان له ناوچه‌که‌دا هه‌یه ، چونکه زوربه‌یان وایان پێ چاکه له به‌غدا یا له ئه‌وروپا بمێننه‌وه " بۆیه ناچار بووین ۱۰ دوکتۆری کورد له سوپا بخوازین .

ـ نه‌خۆشخانه له عێراقدا میللی کراوه ، دوکتۆره‌کان ده‌توانن ئێواران جێگای نه‌خۆش ببینین بکه‌نه‌وه .

ـ له نه‌خۆشخانه‌کانی هه‌ولێردا ۱۲۰۰ ـ ۱٤۰۰ سه‌رین هه‌یه ، ئه‌مه‌جگه له سه‌رینه‌کانی نه‌خۆشخانه سه‌ربازیه‌کان .

ـ له نێو شاری هه‌ولێردا ٤۷۰ سه‌رین له نه‌خۆشخانه‌ی کۆماری و ۳۲۰ له نه‌خۆشخانه‌ی سنگ و ۱۲۰ ی مندالان هه‌یه ، ٦۰ سه‌رینی نه‌خۆشی ساری و ۲۵۰ سه‌رین له نه‌خۆشخانه‌ی سه‌ربازی هه‌یه .

ـ پزیشك و برین پێچه‌کانی له شه‌ڕیشدا بوون،دوای گه‌ڕانه‌وه‌یان هه‌موو له جێگاکانی خۆیان دانراونه‌ته‌وه ،۲٦ کچی برین پێچ نه‌بێ که چاوه‌ڕوانی جێ‌به‌جێ بوونی کاروباریان ده‌که‌ن .

ـ دوکتۆره‌کانی ناوچه کوردیه‌کان بهBCG دانیشتوانیان کوتاوه و به تیشکی" X "وێنه‌یان گرتوون ، پسپۆره‌کانی ئه‌مانه‌تی گشتی ئاو فه‌حس ده‌که‌ن و ته‌گبیری پێویست بۆ پاراستنی له خراپ بوون ده‌که‌ن .

ـ ئه‌مانه‌تی گشتی گرنگی تایبه‌ت به دایکایه‌تی و حاڵه‌تی کرێکاران ده‌دا .

* له ۲٦ ی ئابدا له هه‌ولێر وه‌فده‌که‌مان له گه‌ڵ ئه‌میندار ی گشتی

کشت و کاڵ کاك بەشیر ئەترۆش کۆبۆوە و لەمانەی لای خوارەوە
chalakmuhamad@gmail.com
ئاگاداری کردم.

- بۆ ڕێکخستنی ملکایەتی کشت و کاڵ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیـــــدا دەولەت یاسای ژمارە ٩٠ ی ساڵی ١٩٧٥ ی دەرکردووە، ئەو یاسایە گەورەترین ملکایەتی تاکی بە ٣٠٠ دۆنمی دیم و ٤٠ دۆنمی بـە راوو ٥٠ دۆنمی زەوی باخ و باخات دیاری کردووە " دەرەبەگایەتیگەورە ناهێڵێ "

- دەڵێن دەوڵەت بە پەرۆشی بەرژەوەندی جوتیارانەوەیە،جوتیاران دەتوانن خۆیان لە ڕێکخراوی هەرەوەزیدا رێك بخەن.

- دەڵێن کاربەدەستان کارگوزاری کۆمەڵایەتی لە دێهاتەکانـــدا پێشکەش دەکەن و ڕێبەری بۆ داناون ، بۆ چاککردنی جۆری گـاوو گۆل مەلبەندێکی بەخێوکردنی ئاژەڵ لە کوردستاندا کراوەتەوە، لە هەمان کاتدا کێڵگەی دەوڵەتیش بۆ باشترکردنی کشت وکاڵ کراوەتەوە.

لە ٢٨ ی ئابدا چوینە کۆمەڵەی جوتیارانی کورد لە دەشتی ئاکرێ، دێی بەردەرەشی گەورە، چاك لەبیرمە کە ئەو جوتیارە کوردانەی لە شۆڕشدا بوون سەرپەرشتی کۆمەڵەکەیان دەکرد، جوتیارێکـی خاوەن رۆشنبیریەکی سیاسی پێی وتین :

- جوداوازی لە نێوان جوتیارانی کۆن و تازەدا ئەوانەی لە شۆڕشەوە هاتونەتەوە نیە، لەو کۆمەڵەشدا خەڵکی سیاسی سەربەخۆشی تێدایە کە سەر بە هیچ حیزبێك نین.

- دادمان لەوەیە کە زمانی خوێندن لە دێیەکەدا سۆرانیە، ئێمـــە دەمانەوێ کرمانجی بێت.

* لە ٢٢ ی ئابدا چووینە دێی بنگردی سەر بە ڕانیە، بۆ بینینـــی ئێمە خەڵکەکەی لە مزگەوتەکەدا کۆبووبوونەوە - منیش بەئامادەیی

chalakmuhamad@gmail.com

نێرراوە ڕەسمیەکان قسەیەکم بۆ کردن و ئەندامانی وەفدەکەم پێ ناساندن و لە ئەحوالیانمان پرسی ، مەلای مزگەوتەکە لەوەرامدا وتی :

ـ دێیەکە لە ناوچەی شۆڕشدا بوو،دانیشتوانی پێشمەرگە و هاوکاری پێشمەرگە بوون ، باری دانیشتوان جۆرە چاکێکە بەڵام دادمانە لەدەست گرانی ، هەروەها هاوارمانە لە دەست نەبوونی ڕێگە و بان.

ـ وامان تێبینی کرد کە کاربەدەستان لە پارێزگای سلیمانی و هەولێر خەریکی دێی گەورە گەورەن بۆ جوتیاران ، گەلێکمان لە سەر جادەی نێوان کەرکوك و سلێمانی و نزیك ڕێگەی هەولێر بینی هۆی دروست کردنی ئەوانەم پرسی ، نوێنەرەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن بەم شێوە وەرامیان دامەوە :

ـ "دەزگایەکی دەوڵەتی بە نێوی دەزگای نیشتەجێ کردنی دێهاتی کە مەڵبەندەکەی لە بەغدایە سەرپەرشتی ئەو دێیانە لە عێراقدا دەکا، لە پێشەوە لە ناوچە کوردیەکاندا دەست پێکراوە.

ـ ئامانج لە دروستکردنیان دابین کردنی کارگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە بۆ خەڵکی دێهات " کارەبا ، ئاوو قوتابخانە و لەو شتانە" ، لێرەدا چەند دێیەك کۆدە کرێنەوە و دەتوانرێ بە ئاسانی خزمەتیان بکرێ ، لە فرە دێهاتدا تایبەت لە ناوچە شاخاویەکاندا،زەحمەتە هەموو شتێکیان پێ بگات و بۆ بکرێ "

ئەوەی گومانی تێدا نیە کۆکردنەوەی ئەو دێیانە ئامانجی ستراتیژی و سەربازی و سیاسیشی هەیە ، تا دەوڵەت بە ئاسانی بتوانێ چاودێری هەڵس و کەوتی سیاسی و سەربازی دانیشتوانی بکا، لە کاتێکدا ئەگەر لە دێهاتەکانی خۆیاندا بن زەحمەتە دەستیان

chalakmuhamad@gmail.com

به سه ردا بگیرێ [illegible] چ له کوردستان و چ له عیڕاقی عه ره بیدا له ئه نجامی پێوه ندی مرۆڤ و سروشت دروست بوون ، ئایا بۆ ده وڵه ت هه یه ئه و پێوه ندیه تێك بداو خه ڵك ناچار بكا جێگه ی باوو باپیران و جوانی شوێن و ڕێگه یان چۆڵ بكه ن و بخزێنرێنه ئه و شوێنه ناجۆرو دڵپه ستانه وه ، بیستوومه كه ئێرانیش له كوردستانی ڕۆژهه ڵاتدا خه ریكی ئه و كاره یه ، لێره دا ئه وه به یاد دێنمه وه كه كاتی خۆی فه ره نساش بۆ چاودێری سیاسی و سه ربازی ئه وه ی له گه ڵ جوتیارانی جه زایردا كرد ، ئه گه ر ده وڵه تی به غدا دوای چه ندان ساڵی شه ڕ ئه وه نه نها بۆ ئحتیاط و ترس ده كا،ئیدی چاكتر نیه هۆی سیاسه تی نادروستی خۆی ریشه كێش بكات و كاری ئیجابی بۆ چاره سه ری كێشه ی كورد له به ر چاو بگرێ؟

** وه فده كه مان له ٢٧ ی ئابدا سه ری له كارگه ی گشتی مافوری ده ستی هه ولێر دا ، له لایه ن به ڕێوه به رو جێگره كه ی و ئه ندازیاران و هونه ریه كانه وه كه پاكیان كورد بوون پێشوازی كراین و ئه م زانیاریانه یان داینێ:

- لقی ئه م كارگه یه له كۆیه و ڕاواندوزو دهۆك و ئامێدی و هه روه ها له عیڕاقی عه ره بی له موسڵ و سه ماوه و حه ی هه یه ، له داهاتوودا لق له شه نگارو شێخان و خانه قین و مه نده لیش ده كرێنه وه ،تا ده بێته ١٧ لق كه هه موویان له لایه ن ئیداره ی ناوه ندی هه ولێره وه به ڕێوه ده برێن .

- كارگه زێده تر گرنگی به كارگوزاری كۆمه ڵایه تی بۆ كرێكاران و فه رمانبه رانی ده دا ، خانوو به ره یان بۆ دروست ده كات و هه وڵی له نێوبردنی نه خوێنده واری له نێوان كرێكاره كانیدا ده داو په ره

chalakmuhamad@gmail.com

بە خوێندنی پیشەیی و ئاسایی یان دەدا .

- ١٧٠٠ قوتابی کە هەموویان کوردن خەریکی کاری مەشق کردنن و کارگە خەرجیان دەکێشێ .

* وەفدەکەمان لە ٢٧ ی ئابدا سەردانی کارگەی گشتی جگەرەی هەولێری کرد ، ئەمیش هەموویان کوردن و بەڕێوەبەرەکەی کاک سالح خۆشناو ئەم زانیاریانەی دامێ .

- ئەم کارگەیە سەر بە وەزارەتی پیشەسازیەو تازەترین کارگەیە لە عیڕاقدا ، ٤٤٠ کرێکارو ٨٠ پیشەیی و کارگێڕی ئیشی تێدا دەکا . لە هەولێر بێ کار نیە ، ئێمە بۆ پەرەپێدانی بەرهەم پێویستمان بە ٧٥٠ کرێکاری دیکە هەیە .

- کارگەی جگەرەی سلێمانی کە ٨٠٠ کەس کاری تێدا دەکا ،کارگەی کۆیە ٣٠٠ کرێکار و کارگەی پوختە کردنی توتنی سلێمانی کە ٢٠٠٠ کرێکاری هەیە،هەموویان سەر بە کۆمپانیای گشتی هەولێرن .

- کۆمپانیا راستەو خۆ توتن لە جوتیاران دەکڕێ و غەدری لە سەر جوتیاران لابردووە .

* لە ٢٦ ئابدا لە هەولێر جێگری ئەمینداری گشتی لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاک مینان پولس جورج وتی : عیراق بە سەر چوار بەشی وەرزشیدا دابەش دەبێ ، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، ناوچەکانی دیکەی سەروو " نەینەوا ، کەرکوك و دیالە" ، ناوچەی نیوەڕاست "بەغدا" ناوچەی خواروو، تیپی براوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە سەر سێ ناوچەکەی دیکەدا نوێنەری هەموو ناوچەی ئۆتۆنۆمی یە .

ئەوەم بۆ پێشنیار کردن کە گۆڕانێك لە یاسای وەرزشدا بکەن بەوەی تیپی هەڵبژاردەی کوردستانی عێراق بۆ یاری جودا

chalakmuhamad@gmail.com

له یاری پاسکیل و تۆپی پێ پێك بهێنن و بۆی هەبێ یاری لە گەڵ تیپی هەڵبژاردەی عێراقی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ و عەرەبیدا بکا وەك چۆن لە بەریتانیا تیپی هەڵبژاردەی ئینگلترا و سکۆتلەندا و وێلز و ئیرلەندەی سەروو لە گەڵ تیپی هەڵبژاردەی وڵاتانی ئەوروپاو هی دیکە شدا یاری دەکەن و بێ ئەوەی چ کارێك بکاتە سەر یەکێتی بەریتانیاو دەوڵەتەکەی .

* نازانم چارەنووسی ئەو پێشنیارە چی لێدێت ، بەهەرحاڵ کاك مینان لە رۆڵە دیانەکانی کوردستانە و وەك هەر کوردێك بە کوردی قسە دەکا ، بەعسییەکی دەمارتوندیشە ، پێی سەیر بوو کە یوسف بەری خۆی بە کوردێکی مەسیحی دەزانی .

* لە ٢٦ ی ئابدا لە هەولێر چووینە سەردانی بەڕێز رافائیل قەسی تایەفەی کلدانی هەولێر ، وتی کە لە هەولێر ١٢ هەزار کوردی مەسیحی دەژین زوربەیان لە تایەفەی کلدانین .

* خوێنەر لێم دەبوورێ کە ئاماری قوتابخانەکان و قوتابیانی پارێزگای هەولێرم لە بەشی کاروباری پەروەردە و فێرکردن " دا بڵاو نەکردەوە ، پێویستە لێرەدا تۆماریان بکەم ، ئەمەشم لە سجیلاتی پارێزگاو ئەنجومەنی راپەراندنەوە وەرگرتووە .

ژمارەی قوتابخانە سەرەتایەکانی پارێزگای هەولێر

| کوڕان | کچان | ساوایان | ئێواران | هەمووی |
|---|---|---|---|---|
| ٣٩ | ١٢٥ | ١٠ | ٧ | ٥٣٨ |

ژمارەی مامۆستایان "پیاوان " ١٥٨٦ ، مامۆستایان "ژنان " ٧١٨ ،،، هەمووی ٢٣٠٤ ، ژمارەی قوتابیانی کچ و کوڕ ٦٢٥٨٥ قوتابی .

chalakmuhamad@gmail.com

ژمارەی قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکان / هەولێر

| ناوەندی | | دواناوەندی | | ئامادەیی | | هەمووی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان |
| ٣١ | ٤ | ١٩ | ٥ | ٣ | ١ | ٥٣ | ١٠ |

ژمارەی مامۆستایان "پیاو" ٣٦٥ ، مامۆستایان "ژنان"١٨١"

ژمارەی قوتابیانی کچ و کوڕ ١١,٦٩٣ قوتابی

قوتابخانەی پیشەیی لە پارێزگای هەولێردا

١ ـ هونەری مالی یەك قوتابخانە ، ژمارەی کچە قوتابیەکان١٨٠

٢ ـ کشت و کاڵ یەك قوتابخانە ، ژمارەی قوتابیان کوڕ ٣٠٠

٣ ـ پیشەسازی یەك قوتابخانە ، ژمارەی قوتابیان کوڕ٢٩٤

٤ ـ بازرگانی یەك قوتابخانە ، ٦٠ کوڕ + ٣٠ کچ = ٩٠ قوتابی

باخچەی ساوایان لە پارێزگاکەدا :

٥ باخچەی ساوایان هەیە و هەموشیان لە نێو شاری هەولێردان .

## ٥ ـ بیڕاوە سیاسیەکان لە کوردستاندا:

وا لە خوارەوە تێبینیە شێوە سیاسیەکان دەنووسمەوە ، هەڵبەت ئەمە بەتەنها نابێتە ئەوەی کە سەرنجێکی تەواوی باری سیاسی کوردستان بێ، بەڵکو پێویستە ئەوانەی پێشەوە و ئەوانەی دادێن پێکەوە گرێ بدرێن.

حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا لق و بارەگای هەیە ، گشتیان جم و جۆڵی زۆر دەنوێنن و دەوڵەت هەموو کەرەسەیەکی بۆ ئامادە کردوون،هاورێکانیان چەندانجار بۆ ئەو بارەگایانەیان بردین ، لەوانە بارەگای دهۆك ، لەو بارەگاو لقانەدا کوردی ناوچەکە لە موسلمان و دیان و یەزیدی کاری تیادەکەن،

chalakmuhamad@gmail.com

* حیزبی بەعس نوێنەری لە هەموو پارێزگایەکدا هەیە،بەسەی پارێزگاکانی کوردستانیشەوە ، نوێنەری گشتیشی بۆ هەموو ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەیە و لە هەولێر دادەنیشێ کە کاك غازی عوبەیدیە " وەك هەموو نوێنەرەکانی بەعس لە کوردستاندا ئەمیش عەرەبە" ، دوو جار چاوم پێ کەوت ، یەکەمیان لە سەلاحەدین لە ئێوارەی ٢٤ ی ئابدا بوو " وەفدە کەمان بۆ ئاهەنگێك بانگ کرابوو ، کۆمەڵێ لە پیاوانی رەسمیش ئامادە بوون ، دووەم جار لە بەیانی ٢٥ی ئابدا لە بارەگای حیزبی بەعس لە هەولێر ، پێکەوە لە سەر باری سیاسی کوردستان و ئەوەی دیبووم دەمەتەقەمان کرد ، لە گەڵ سەرکردایەتی بەعس لە بەغدا ش ئەو مەسەلانەم باس کرد " لە شوێنێکی دیکەدا دێمەوە سەر ئەم باسە " ، ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە نوێنەرانی بەعس لە ناوچەکەدا ناوچەی عەرەبەکانیش دەسەڵاتێکی فراوانیان هەیە ، باوەرم وایە کە ئەوان چالاکی گشتی و سیاسی و کارگێری پارێزگاکان ئاراستە دەکەن و فەرمان بە سەر سوپاو پۆلیس لە ناوچەکاندا دەکەن .

* پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی شۆرشی دەکرد ،،، دوای هەرەس ، سەرکردەکانی و هێزەکانی بۆ ئێران و هەندێکیان بۆ سوریا چوون ، بەبەر چاوەوە نەبوو کە ئەو پارتە توانیبێتی پارێزگاری رێکخستنی خۆی لە کوردستاندا کردبێ ، ئەگەر چی شتێکی سروشتیە کە توانیبێتیان هێندێك رێکخستن و ئەندامانی خۆیان شاردبێتەوە و خەباتی ژێر زەمینی بکەن ، بەلام سەختە تەقدیری هێزو توانایان بکرێ ، وا دەزانم لاواز بێت ، سەرنجی گشتیم وابوو کە سەرکردەکانی پارتی لە پرێکداو دوای بریاری

chalakmuhamad@gmail.com

کشانه وه یان نێوبانگیان له نێو خه لکی کورددا ون کردبوو ، خه لکی کورد باوه ڕیان به مافی خۆیان هه یه و هه ست به بۆشاییه کی گه وره ی سیاسی ده که ن.

* دیار نه بوو نه شم بیست که کۆمه له چه کداری پێشمه رگه هه بن،له ئه وروپا ده بیسرێ ئه وه هه بێ ، به لام نه متوانی ساغی بکه مه وه ، ،،، ڕه نگه یا له وه ده چێ تاکه تاکه پێشمه رگه خۆیان شاردبێته وه.

* ئاشکرا دیار بوو که ئه و حیزب و بزوتنه وه کوردیانه ی هاوکاری ده وله ت ده که ن و له به ره ی نیشتمانیدان به سه رکردایه تی به عس، ڕێکخستنی لاوازن و هه ندێکیشیان هه ر نین،تایبه ت که له گه ل ڕێکخستنی به عسدا به راورد بکرێن ، ئه و حیزب و بزوتنه وانه جگه له سه ربه خۆکان سیانن :

١ ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان " ئه و باله ی له پارتی سه رکرده ی شۆڕش جیابوونه وه ـ ئه و باله یه که سکرتێره که ی کاك عه زیز عه قراویه " ئه م حیزبه لق و باره گای له کوردستاندا هه یه به لام لاوازه، به عسیش مه یدانی چالاکیان نادا ، به لکو به دوودلیشه وه بۆیان ده ڕوانێ ،ئه م حیزبه ڕۆژنامه ی " التآخی "له به غداو چاپه مه نی کوردیش بلاوده کاته وه ، هه ولده دا گه شه به ڕێکخستنی ئه ندامه چالاکیه کانی بدا،چه ند جارێك له گه ل سه رکردایه تیه که ی کۆبوومه وه ، وام بۆ ده رکه وت که باوه ڕیان به مافی نه ته وه یی و دیموکراسی گه لی کورد هه یه و ڕێبازێکی پێشکه وتنخوازیان هه یه و سه ربه خۆیی بیری خۆی له به عس ده پارێزی، ئه گه رچی ددانی ناوه به ڕابه رایه تی به عس له ده وله ت و به ره ی نیشتمانی و ئه نجومه نی سه رکردایه تی شۆڕشدا که هه موو ئه ندامه کانی به عسن .

chalakmuhamad@gmail.com

٢ ـ حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان " سکرتێرەکەی کاک عەبدولسەتار تایەر شەریفی وەزیری شارەوانی دەوڵەتە" ، بۆم دەرکەوت کە ئەم حیزبە لەوەی پێشوو لاوازترە و چ سەربەخۆییەکی فیکری و دارایی لەبەرامبەر بەعسدا نیە ، مل کەچ و جێ بەجێ کەری فەرمانەکانی بەعسن و چ بوونێکیشیان لە کوردستاندا نیە .

٣ ـ ناوبراو بە بزوتنەوەی کوردانی پێشکەوتنخواز : پێیان وتم کە نزیکەی سەد کەسێکن ، عەبدوڵڵا ئیسماعیل نازناو بە "ماتۆڕ "دروستی کردووە ، نەم ویست لە گەڵیاندا کۆببمەوە ، چونکە دەمزانی کلکی حیزبی بەعسن و چاکتر وایە ڕاستەوخۆ لە گەڵ بەعسدا قسە لەسەر باری کوردستان بکرێ.

٤ ـ نازانم ژمارەی کوردە بێ لایەنەکان لە بەرەی نیشتمانیدا چەندن ، لەوانە عوبەیدوڵڵا بارزانی وەزیری دەوڵەت کە نەم ویست و ناشمەوێ لە گەڵیدا کۆببمەوە .

* نازانم کە ئایا حیزبی شیوعی " کۆمیتەی ناوەندی " ڕێکخستن و لقی لە کوردستان یا عێراقی عەرەبیدا هەیە ، لەو شوێنانەدا کە دیدەنیمان کردن هیچ هەستم بە بوونیان نەدەکرد ، وێنەگرێکی نالێپرسراو وتی گوایا نین و ڕێگا نادرێن!، هابەشی ئەو حیزبە لە فەرمانرەوایەتیدا ئەوەیە کە وەزیریان لە میریدا هەیە و چەند سەرکردەیەکیشی وەك ئەندام لە بەرەی نیشتمانیدان ، ئەو حیزبە ددانی بە سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە فەرمانرەوایەتیدا ناوە و باوەڕی وایە کە بەعس ڕۆڵی ڕابەری هەیە ، سەرنجم وابوو کە حیزبی شیوعی عێراقی " کۆمیتەی ناوەندی " لە کوردستاندا زۆر دەسەڵاتی خۆی ون کرد بوو "لە عێراقی عەرەبیدا کەمتر " بەڵام تا ئێستا لای

chalakmuhamad@gmail.com

بەشێکی چاك لە خەڵکی رۆشنبیر تایبەت عەرەبی،دەسەلاتیان ماوە ، وا پێ دەچێ کۆمەڵێك لایەنگرانیان لە نێوەندەکانی نەقابەکانی عێراقی و نێوەندەکانی قوتابیاندا هەبێ ، نازانم ئایا کە رێکخستن و بنکەیان بە نهێنی پاراستبێ یا نا ؟ بەلام بالکێشانی حیزبی بەعس بە سەر ژیانی سیاسیدا وای کردووە ئەو حیزبە بە شێوەیەکی گشتی لاواز بوو بێ ، باوەڕم وایە کە حیزبی شیوعی "کۆمیتەی ناوەندی" تا ئەم کاتەش باوەڕی بە مافەکانی نەتەوەی کورد هەیە و بەرگری لە رێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دەکا و ئارەزوی ژیانی دیموکراسی سیاسی و زیدەتر سەربەستی هەیە .

* نازانم چی بەسەر حیزبی شیوعی عێراقی " سەرکردایەتیناوەندی"دا هات کە لە هێندێ ڕووەوە هاوبەشی شۆڕشی کوردی بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراسی کوردستان کرد ،ئاشکرایە کە ئەم حیزبە لە حیزبی شیوعی عێراقی " کۆمیتەی ناوەندی" لاوازترە ، بێگومان شەڕ کۆتایی پێهاتن لە کوردستاندا بەو شێوە کە بوو،تاوێکی خراپی بوو بۆ "سەرکردایەتی ناوەندی" وەك چون کارێکی تەواوی کردە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەی دەکرد ، پێویستیش ناکات بوترێ کە حیزبی شیوعی عێراقی " سەرکردایەتی ناوەندی " باوەڕی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد هەیە و خەبات بۆ دیموکراسی سیاسی دەکات و دوژمنی حیزبی بەعس و ئەو حیزبانەشە کە لە بەرەی نیشتمانیدا هاوبەشی دەکەن

* لەو شتانەی لە کوردستان بینیم و پێم سەیر بوو ئەوە بوو کە بە سەر دەرکی شارەوانی هەولێرەوە لە سەر پارچە قوماشێك دروشمی " ڕێگای خەباتمان ڕێگای حیزبی بەعسی عەرەبی

chalakmuhamad@gmail.com
ئیشتیراکییه" هەڵواسرا بوو، لەو دروشمانەم لە زۆر شوێنی کوردستاندا بینی، پێم وابوو کە ئەو دروشمانە ڕێزی کە سایەتی مرۆڤی کورد ناگرن و بە ڕیە ڕچی هاوبەشێتی کوردو عەرەبە لە فەرمانڕەوایەتیدا، ئایا چاکتر نیە دروشمەکان باس لە برایەتی کوردو عەرەب و ئۆتۆنۆمی کوردستان لە کۆماری عێراقدا بکەن؟ لەو پێشنیارانەدا کە بۆ حیزبی بەعسم نووسین باسی ئەم خاڵەم کردبوو"

* لە ٢٨ ی ئابدا بە هاوڕێیەتی پارێزگاری نەینەوا کاتێك وەفدەکەمان گەیشتە شاری ئاکرێ، لوتمان تەقیەوە بە لوتی کۆمەڵێکی دوو سەد کەسییەوە کە لە بەر سەرادا کوبووبوونەوە و دروشمیان بەرز کردبۆوە و هوتافیان بە ژیانی بەعسدا دەداو لە چەپڵەیان دەدا، دڵنیابووم لەوەی کە پارێزگاری نەینەوا بە هۆی کادری بەعسەوە ئەوەی ڕێکخست بوو کە وا پیشان دەدا پیشوازی چاك کراوین و ئارەزوی مانەوەی ئاکرێش دەکەن کە هەر لە سەر نەینەوا بیت و پیوەندی بە بادینان و دهۆکەوە نەبێت، لە گەلێك شوێنی دیکەی وەك دەشتی ئاکرێ، بەعشیقەو شێخان و بارەگای شێخ عودەیش "بڕوانە خوارەوە" کۆبوونەوە و خوپێشاندانی لەو بابەتەمان بینی کە پاکیان بەهۆی لێ زانینی ماموستا! فلەییحەوە ڕێکخرابوون "ئەمەم لە گەڵ سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسدا لە بەغدا باس کرد"

* بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆژنامە و دۆکۆمێنتەکانی بەغدا ناوی کوردستان ناهێنن و ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە بری بەکار دێنن، تا ئێستاش زۆرترینی عەرەبەکان لە قسەیاندا وشەی "سەروو" بەکار

chalakmuhamad@gmail.com
دێنن "ئەوی راستی بێت ، زمانیان پێی فێر بووە" ، بێگومان دادو ویژدان وا دەخوازن کە نیشتمانی کورد وەك نێوی خۆی بەکار بهێنری نەك نێوی دیکەی لە بری بەکار بێت.

* لە کاتی گەشتەکەماندا بە ناوچە کوردییەکاندا وا رێدەکەوت چەند جارێك لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەرانی سوپای عێراقیدا "هەموان عەرەب بوون" کۆببینەوە ، لە ۲۸ ی ئابدا وەفدەکەمان لە لایەن ئەفسەران و سەرانی لەشکرگای دەشتی خانەقینەوە بۆ نان خواردن بانگ کرا ، لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە لەگەڵ ئەو هەموو ساڵانەی شەڕدا نە لە گوفتارو نە لە کردەوەیاندا هەست بە کینە بەرامبەر بە کورد نەدەکرا ، هاونیشتمانیە کوردەکانیش وا بوون ، مامۆستا بەشیر بومەعەززە گەلێك بە گیانی خۆشەویستی و دۆستایەتی گەلی کورد بەرامبەر بە گەلی عەرەب شادمان بوو .

دەربارەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا :

لە بارەی ئەم مەسەلە سەرەکیەوە کە ساڵانی دوورو درێژە میللەتەکەمان خەباتی لە پێناودا دەکا،ئەم سەرنجانەم هەیە :

*ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەموو ناوچە کوردیەکان یا ئەوانەی زوربەی کوردن بەپێی ئەو یاسایەی دەوڵەت لە بەهاری ۷٤ دا دەری کردووە ناگرێتەوە ، ئەمە لای هەموان ئاشکرایەو گەلێك تێبینیم لەم رووەوە دەربڕیوەو بابەتی سەرەکی باس و خواسیشم بووە لەگەڵ سەرانی بەعسدا .

* جگە لە ڕووپێوی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، لە بارەی دەسەڵات و دارایی و هی دیکەوە یاسای ئۆتۆنۆمی فرە کەم و کورتی تێدایە کە لێرەدا بواری باسکردنیان نابێتەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

* مه سه له ی دانانی یاسایه کی چاك بۆ ئۆتۆنۆمی که له لایه ن دانیشتوانه وه به شیۆه یه کی دیموکراسی دام و ده زگای کاربه ده ستان هه لبژیر ری بۆ کوردستان به نده به مه سه له ی دیموکراسی له هه موو عیراقدا ، چۆن ده کریّ گه لی کورد نویّنه ری خوّی بو ئه نجومه نی یاسادانان هه لبژیّر ریّ ! که چی خه لّکی عیّراق بیّ به ش بن له دیموکراسی و هه لّبژاردنی نویّنه رانی راسته قینه بۆ ئه نجومه نیّك که نویّنه رایه تیان بکات .

* هه رچه نده یاسای ئۆتۆنۆمی له سه ر کاغه ز راست و ته واو بیّت به لاّم تا به عس واز له سیاسه تی سه پاندنی که لّه گایه تی خوّی نه هیّنی بواری پارته کوردیه پیّشکه وتنخوازه دلسۆزه کان بۆ کوماروو پارته شیوعیه کان نه دا کار بکه ن ، ناتوانریّ ئه و یاسایانه جیّ به جیّ بکریّن ، بۆ ئه وه ی دام و ده زگای ئۆتۆنۆمی ره نگدانه وه ی ویستی خه لّکی کوردستان بیّت و ئه و پارتانه بتوانن هاوبه شی فه رمانره وایه تی بکه ن ، هه نگاوی یه که م ئه وه یه که به عس واز له جیّگه و شویّنی سه رکردایه تی عیّراق بهیّنیّ .

* پیۆیسته سه ربه ستی دیموکراسی به گه لی کورد بدریّ نه ك ته نها بۆ هه لّبژاردنی نویّنه رانی دام و ده زگای ئۆتۆنۆمی به لّکو بۆ هه لبژاردنی وه زیره کانیشی بۆ میری ناوه ندی و هه لّبژاردنی نویّنه رانی بۆ ئه نجومه نی یاسادانانی عیّراقی که وه ك وه زیریّکی به عس وتی به نیۆی ئه نجومه نی نیشتمانیه وه خه ریکی دروست کردنین ، ئه وه ش ده بیّته هه نگاویّك که ئۆتۆنۆمی له چاره سه ری فیدرالی نزیك بکاته وه وه ك من باوه رم پیّیه تی .

* جۆری ئه و ئه نجومه نی راپه راندنه ی له ناوچه ی ئۆتۆنۆمیدا هه یه

chalakmuhamad@gmail.com

ته‌واو پێچه‌وانه‌ی ئه‌و پێشنیارانه‌ی سه‌ره‌وه‌یه‌، ده‌وڵه‌ت ئـــــــه‌و ئه‌نجومه‌نه‌ی له‌ هه‌موو سیفه‌تێکی سیاسی ڕووت کردۆته‌وه‌، مامۆستا هاشم عه‌قراوی ئاگاداری کردم که‌ ئه‌وو هاوڕێکانی له‌ ئه‌نجومه‌نـــــی ڕاپه‌ڕاندن وازیان له‌ پارته‌کانیان هێناوه‌و ئێستا گشتیـــــــان سه‌ربه‌خۆن . ئه‌وه‌ مانای وایه‌ که‌ ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌ڕاندنی ناوچـه‌ی ئۆتۆنۆمی بۆته‌ جیهازێکی هونه‌ری له‌ گه‌وره‌ فه‌رمانبه‌رانی کاگێری و پسپۆڕ دروست بوون ، فه‌رمان له‌ ده‌وڵه‌ت وه‌رده‌گرن و به‌ پێـــــی یاسا به‌ ویستی خه‌ڵکی کوردستانه‌وه‌ به‌ستراونه‌ته‌وه‌ ، هه‌ڵبه‌ت ئـه‌وه‌ پێچه‌وانه‌ی بنه‌ما سه‌ره‌کیه‌کانی ده‌ستوری ئۆتۆنۆمییه‌ .

* ده‌بێ ئه‌وه‌ش بڵێم که‌ مامۆستا هاشم عه‌قراوی و هاواڵه‌کانی لـــه‌ کاروباری کارگێڕیدا لێهاتوون و ده‌یانه‌وێ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی ئه‌وه‌ی ده‌وڵه‌ت بۆی دیاری کردوون پێش بخه‌ن ، به‌ڵام ده‌سه‌ڵاتێکی دیـاری کراویان هه‌یه‌ ، ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌ڕاندن وه‌ك پێویسته‌ نه‌بـۆتـــــه‌ فه‌رمانره‌وایه‌تییه‌کی خۆیی بۆ کوردستان ، به‌ڵکو ته‌نها لێکدانـــی سێ پارێزگایه‌ له‌ پارێزگایه‌کداو سه‌رۆکی ئه‌و ئه‌نجومه‌نه‌ش وه‌ك پارێزگاری گشتی وایه‌ ، له‌به‌ر ڕۆشنایی ڕێبازی نا سیاســــیانه‌ی ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندیدا،دام و ده‌زگای ئۆتۆنۆمی بۆی نیه‌ ده‌ست وه‌رده‌نـه‌ کاروباری ئه‌و قه‌زایانه‌ی زوربه‌یان کوردن ، هه‌روه‌ها نه‌بوونـی نوێنه‌ری گه‌لی کورد له‌ ئه‌نجومه‌نی یاسادانانـدا که‌ به‌ شێوه‌یه‌کـــی دیموکراسیانه‌ هه‌لبژێر ری بواری بۆ سه‌ربه‌ستی بیرو باوه‌ڕو ڕه‌خنه‌و کاری چاك نه‌هێشتوته‌وه‌ .

٧ـ ده‌رباره‌ی مافه‌کانی مرۆڤ

له‌م باره‌وه‌ متمانه‌م له‌ سه‌ر ڕاپۆرتی کاك "جان کلۆد لوتـــی"

chalakmuhamad@gmail.com

نوێنه ری یه كێتی نێوده وڵه تانی مافه كانی مرۆڤ بوو ، به ڵام تـــا ئێستا نووسینه كه ی ته واو نه كردووه ، له گه ڵ چاوه ڕوانیمدا بۆ ئـه و راپۆرته وا ئه م سه رنجه خێرایانه ی لای خواره وه ده رده بڕم :

* نه من و نه وه فده كه مان وه ك ئاگاداربم شتێكی نادروست لـــه لایه ن ده وڵه ته وه دژی مافی مرۆڤ به رامبه ر كورد نیه ، ئه مه جگــه له م ده ست درێژیانه بۆ سه ر ده سته و تاقمی دیاری كراوی كورد كــه به م شێوه یه :

* نه متوانی راستی ئه و هه واڵه بزانم كه پێش گه شته كه مان بیستبوم، گویا كۆمه ڵێك به ندی سیاسی كورد دوای په یمانی جه زایر له سێداره دراون ، ناشزانم داخۆ "جان كلۆد" ئه و كاره ی كردووه یا نه ؟

* وه فده كه مان له چه ندان شوێن ، چه ندان خه ڵكمان بینی كـــه پێشمه رگه بوون و بۆ كارو شوێنی خۆیان گه ڕابوونه وه و هیچ تۆڵه یان لێ نه كرابۆوه .

* سوپای عێراق له كوردستاندا پێوه ندیه كی باشی له گه ڵ خه ڵكه كه دا هه یه ، كابرایه كی قه ڵادزه یی پێی وتم كه شاره كه یان هه مووی لـــه شۆڕشدا بوون و ئێستا ئه حواڵیان چاكه .

* به پێی ئه و نه خشه یه ی دانراوه ، دێهاتیه ڕاگوێزراوه كـــان ناتوانن ناوچه ی خۆیان هه ڵبژێرن ، یه كاو ڕاست ناســه زراوه ی "نیشته جێ كردنی دێهات " چه ند دێیه ك كۆده كه نه وه و چ مافێـــك به خه ڵكه كه ناده ن .

* پێشێل كردنی مافی مرۆڤ له وه دا ده بینری كه ده سه ڵاتداریێتـــی ده وڵه تی عێراق منداڵانی كوردستان له خوێندن به زمانی دایكیـــان قه ده غه ده كا ، نموونه ی ئه وه م له خانه قین و ناوچه ی دیكه شدا پیشان

chalakmuhamad@gmail.com

داوه

* پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەوەدا دەبینرێ کەکوردە ڕاگوێزراوەکان ناچار دەکرێن لە کوێ دەوڵەت ویستی شوێنی دیکەی کوردستان بێت یا عێراقی عەرەبی لەوێ نیشتەجێ بن " تەماشای دەمەتەقەم لەگەڵ هەریمایەتی حیزبی بەعس بکە "

* پێشێل کردنی مافی مرۆڤ ئەوەیە کە دەوڵەت جنسیەی عێراقی لە کوردە پەنابەرەکان بە ئێران بستێنێتەوە "تەماشای دەمەتەقە سیاسیەکانم بکە "

* لەوەدا کە عێراق بە بیانووی جودا جوداوکۆمەڵ کۆمەڵەی کورد دەر دەکاتە دەرەوەی سنوور پێشێل کردنی مافی مرۆڤە .

* لەوەدا کە دەوڵەت بە گەلێك هۆ هێندێ ناوچەی کورد دەکاتە عەرەب ، دەستدرێژییە بۆ سەر مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی کورد و شەرەفی هاوسێیەتی،لە هەمان کاتدا پێچەوانەی نەریت و دابی عەرەب خۆشیەتی "تەماشای بەشی ئایندە بکە"

* لێرەدا دەمەوێ ئەم ڕووداوە سادەیە بگێڕمەوە کە مانایەکی تایبەتی هەیە " ئاشکرایە من مێژووم بە شێوەیەکی گشتی و مێژووی کوردم بە تایبەت پێ خۆشە ، لەو بوارەشدا مێژووی کورد دەخوێنمەوە و لە سەرم نووسیوە و لە سەری دەنووسم" لە کاتێکدا وەفدەکەمان لە ۲۹ ی ئابدا لە ئامێدی بوو بە ئامادەبوونی ژمارەیەك فەرمانبەر پێخوشحالی خۆم لەو شارەدەربڕی و " بێ هیچ نیاز خراپییەك و بێ هیچ بیرێکی جوداخوازی " ئەمەم وت " ئەمە شارێکی مێژوویییە و بنکەی میرنشینێکی کورد بووە " فەرمانبەرە کوردەکان لە شارەزاییانەوە لە رابوردووی شارەکە ئەوەیان قبووڵ کرد ، بەلام

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوەی سەرنجی رادەکێشا ، نوێنەری وەزارەتی راگەیاندن کاک "س" وای دەزانی هاندانی گیانی جوداخوازیە نەك راستی و مێژوو بێت بۆیە پێم وت : " فلانە کەس چاك بزانە کە کورد وەك هەر میللەتێکی دیکە مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو مێژووەش بە دەست پێکردنی دەولەتی تازەی عێراقییەوە دەست پێ ناکات؟، کورد مێژوی سەردەمی دەرەبەگایەتی و مێژووی خەباتی میرنشینە کوردییەکانی هەیە کە دژی دەسەلاتی دەولەتی عوسمانلی و فارس بوون ، ئایا ئێمە میللەتێکی بێ مێژووین ؟" نوێنەرەکە وتی : مەبەستم ئەوە نەبووە ددانم بەوەدا نا کە کورد وەك هەر میللەتێك مافی مێژوویی خۆی هەیە ، ئەمەم بۆیە گێرایەوە چونکە ئاگاداری دانانی کتێبی مێژوویی هەم بە زمانی کوردی لە بارەی عێراق و ئەو میللەتانەی لەو ناوچەدا نیشتەجێ بوون "ئەوە کارێکی گرنگی چاکە " هیوادارم ئەو کتێبانە بە شێوەیەکی زانستانە بنووسرێنەوە ، مافی میللەتی کوردە کە منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان و بێ تێکدان مێژووی ولاتەکەیان بزانن " وەك ئەوەی شۆڤێنی تورك هەموو شتێکی شێواندووە" بە پێی ئاگاداری من مێژووی کوردو عەرەب گەلێك خەباتی نیوکۆیی تێدایە کە هەر لەبەرەبەیانی ئیسلامەوە نیشانەن بۆ برایەتی و دۆستایەتی ئەو دوو میللەتە.

## ٨- دەربارەی راگوێزانی دانیشتوان و سیاسەتی بە عەرەب کردن لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا

ئەم باسە بە سەر چەند لقێکدا دابەش دەکەم ، لقی یەکەم پێوەندی بە سەرنج و ئەو شتانەوە هەیە کە خۆم و وەفدەکە بینیومانە یا بیستوومانە ، بەشی دووەم : پێوەندی هەندێ راستی دیکەی

chalakmuhamad@gmail.com

ئاشكرایه به هه‌مان بابه‌ته‌وه ، به‌شی سێیه‌م : ناوچه به عه‌ره‌ب كراوه‌كان و راگوێزراوه‌كان دیاری ده‌كه‌م ، به‌شی چواره‌م : رێگای به عه‌ره‌ب كردنه‌كان ده‌ده‌مه به‌ر شیكردنه‌وه ، به‌شی پێنجه‌م : باس له‌و هه‌ل و مه‌رجانه ده‌كه‌م كه ده‌وڵه‌ت و حیزبی به‌عس پێیان راگه‌یاندووم ، به‌شی شه‌شه‌م : ته‌رخانی ده‌كه‌م بۆ بیرو بـاوه‌ڕ ده‌ربڕینی خۆم له‌م باره‌وه :

ا ـ سه‌رنج ده‌رباره‌ی ئه‌وانه‌ی بینیومانه یا بیستومانه :

خوێنه‌ر ده‌گێڕمه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی له سه‌ره‌وه بیستوومانه یا بینیومانه ، له‌گه‌ڵ ماموستا به‌شیر بومه‌عزه له ٢١ ی ئابدا لـه بازاڕه‌كانی خانه‌قین هه‌ستمان به‌كه‌م بوونی كورده دانیشتووه‌كانی ده‌كردو له جێگایاندا عه‌ره‌ب هێنرا بوون " هه‌ر بۆ نموونه چـوار گه‌نجی عه‌ره‌ب و ماموستایه‌كی عه‌ره‌بمان بینی كه هیچیان خه‌ڵكی ئه‌وێ نه‌بوون .

* له ٢١ ی ئابدا چووینه سه‌ردانی هاشمییه كه دێیه‌كی كورده‌واریه . له ماڵێك له‌گه‌ڵ كوڕێكی خوار ته‌مه‌نی ٣٠ ساڵیدا كۆبوینه‌وه و ئه‌مه‌ی پی راگه‌یاندین : من كوردێكم ، چه‌ندان ساڵ فه‌رمانبه‌ری شیركه‌تی نه‌وتی خانه‌قین بووم ، بێ گوێدانه ویست و ئاره‌زووم بۆ بـه‌سـره گواستیانمه‌وه ، ئێستا كه دوو هه‌فته مۆڵه‌تی هاوینه‌م هه‌یه بـۆ چاوپێكه‌وتنی كه‌س و كارم هاتومه‌ته‌وه و له دواییدا ده‌بێ بچمه‌وه بۆ به‌سره ، لێمان پرسی ئایا كرێكاری دیكه‌ی كورد هه‌ن بۆ عێراقی عه‌ره‌بی گوێستیاننه‌وه ؟ وه‌رامه‌كه‌ی به‌ڵێ بوو .

* له ٢٧ ئابدا له كه‌ركوكه‌وه به‌ره‌و ئاڵتوون كۆپری " پـردێ ـ هه‌لوێست " ده‌ڕویشتین ، بیستم له‌و ناوچانه‌ی پارێزگای كه‌ركوك

chalakmuhamad@gmail.com

دێهاتیە کوردیەکان دەگوێزرێنەوەو عەرەبیان لەجێ نیشتەجـــێ دەکرێن ، سەرنجم دا لای راستی رێگاکەوە چەندان دێ چۆڵ وچۆڵ کرابوون ، چەندان دێی تازە دروست کراویش لای چەپەوە هەبوون، کە لە دێی کوردەواری نەدەچوون " لە دڵی خۆمدا وتم دێهـــــاتـە کوردیەکان چوڵ کراون و ئەو تازانەش بۆ عەرەب دروست کراون، بە شۆفێرەکەم وت کە لە دێیەکی لای راستەوە بوەستێ ، چوینە ناو دێیەکەوە ، چوار پێنج منداڵی تەمەن ١١ ـ ١٥ ساڵانمان بینین کـە کورد بوون و عەرەبیان کەم دەزانی،شادمان بووم کە دێی کوردەواری بوو ، "س"ی نوێنەری وەزارەتی راگەیاندن ـبە شادمانیەکەی من دڵی کرایەوە" . ئەو منداڵانە وتیان : دێیەکەیان نێوی کەلـــور خورمە لوژەیە و ٩٠ ماڵەو هەموویان کوردن ، قوتابخانەیەکـــی سەرەتایی بە زمانی کوردی تێدایە ، نزیکەی ٤٠ لاوی لە شۆرشـــدا بوون ، لە ساڵی ١٩٦٣ دا بۆمباردومان کراوەو بەشێك لە دانیشتوانی چووبوونە کەرکوك و شوێنانی دیکە ، دوای هەرەس لە ١٩٧٥دا خەڵکەکەی گەراونەوەو پێکەوە کۆبونەوە ، دوای بەینێك دوو سێ پیاوی پیـری دێیەکە کە عەرەبیان نەدەزانی قسە بکەن ـ تۆزێك تێ دەگەیشتن ـ هاتن لە پرێکدا منداڵەکان دایانە پرمەی گریان و بە دەنگی بەرز وتیان " فەرمانیان پی کراوە کە دێیەکەیان بەجێ بهێڵن وعەرەب لە جێیان نیشتەجێ دەکرێ ، هەروەها وتیان لە ناحیەی دبس لـــە پارێزگای کەرکوك "١٥" دێی کورد راگوێزراون و عەرەبیـــــان خراونەتە جێ ، لە ناحیەی" زۆرگەزراو"خەڵکی دە دێ دەر کـــراون و عەرەبیان بۆ هێناون " . لێم پرسین کە ئایا ئەو ناوچانە کوردەوارین؟ وتیان هەموو ئەو دێیانەی لە کەرکوکەوە پێیدا تێپەربوون و بـــە

chalakmuhamad@gmail.com

سه ریدا ده ڕۆن تا ئالتوون کوپری ـ پردی ـ له کوێی کۆنه وه کوردن ، به لاّم تا که ی ده توانریّ کوردێتی خۆیان بپاریّزن ؟ هاوه لانـــــی وه فده که و دوو نوێنه ره که ی وه زاره تم بانگ کردن ، منداڵه کان چیبیان بۆ من باس کردبوو بۆ ئه وانیشیان باس کرد ، ئه وجا هاواریا کرد " ئێمه نامانه وێ دێیه که مان به جێ بهێڵین ، ئێمه نامانه وێ دیارو خاکی خۆمان به جێ بهێڵین و ده وڵه ت عه ره بی تێدا نیشته جێ بکات . ئێمه نامانه وێ بنێر ڕێین بۆ به سره ، ئێمه نامانه وێ له خواروو دانیشین . به ڵکو ده مانه وێ له خاك و ناوچه ی خۆماندا بمێنینه وه ، پیره کانـــی دێیه که ش که هاتبوون بۆ لامان به داخ و ژانه وه پشتگیری ئه وانیان ده کرد ، من ئازارم به دڵ گه یشت ، هه موو ماوه یه ك بێ ده نـــــگ بووین ، تیله چاوێکم گرته "س "ی نوێنه ری راگه یاندن که نیشانـه ی شه رمه زاری له ڕوویدا ده رکه وتبوو ، ده یه ویست به بێ ده نگی خـۆی رزگار بکات ، ...... ئه وجا سواری ترومبیله کان بووینـــــه وه و به ره و سه رو ملمان نا ، به ده م ڕێگاوه هه ر بیرم له و قسانـــــــه ده کرده وه،قسه ی سه رۆکی جڤاتی مامۆستایانی که رکوکم هاته وه یاد که ده یگوت گۆیا به نیازن قوتابخانه ی نوێی به کوردی خوێنــــدن بکه نه وه ؟ ! له دڵی خومدا ده مگوت : کرنه وه ی قوتابخانه له دێـــی که لور خورمه لوژه چ ده گه یه نێ ئه گه ر خه ڵکه که ی ده ربکرێن ؟

* له ۲۸ ی ئابدا پاریزگاری نه ینه وا بردینیه به عشیقه ی نزیــــك شاری موسڵ ، ده مزانی له ڕووی میللییه وه دانیشتوانی تێکه ڵاوه لـــــه کوردو عه ره ب ، له رووی ئاینیشه وه موسڵمان و دیان و یه زیدین ،، پاریزگار بردینی بۆ هۆڵێك که کۆمه ڵێکی تێدا کۆکرابووه ، پێی وتم " ئه مانه یه زیدین ، یه زیدیه کان عه ره بن و له به نی ئومه ییه ن ! ! "

chalakmuhamad@gmail.com

منیش قسه كه یم دا [illegible] منیش لیم پرسین : وتیان كه یه زیدین ، یه زیدیش له ناو عه ره بدا له به نی ئومه ییه ن ! ـ له نیویاندا پیریك هه بوو ، دیاره پاریزگار به هه له دا چووبوو ئه ویان هینا بوو ، چونكه عه ره بییه كی كه می ده زانی ، به كرمانجی قسه م له گه ل كرد، به كوردییه كی ره وان وه رامی دامه وه، " گه نجه كان له به ر ئه وه ی به عه ره بی خویندوویانه و تیكه لیشن له گه ل عه ره ب ـ فیری عه ره بی بوون " بوم باسكردن كه سه ره تا دامه زرینه ری ئاینی یه زیدی شیخیكی عه ره ب بووه و بو كوردستان كوچی كردووه و پیره وه كه ی له نیو كورداندا بلاوبوته وه ، تا پیش دوو سی چه رخ یه زیدی له هه موو كوردستاندا بلاو بوو ، به لام ورده ورده ده وله تی عوسمانلی له به ینی بردن ، كورده كانی سوفیه ت تا ئیستاش به یه زیدی ماونه وه ، به پیره یه زیدیم وت : كتیبی ئاینتان به كوردییه و زمانی روژانه شتان كوردییه ، ئه وه ی سه لماند ، له گه ل ئه وه شدا خوی و لاوه كان و پاریزگار سوور بوون له سه ر ئه وه ی كه یه زیدی عه ره بی به نی ئومییه ن ، رووم كرده پاریزگارو گوتم به راستی چاك ده رستان داداون ! ئه وه ی ده وله ت كورده یه زیدییه كان به عه ره ب ده زانی مه سه له یه كه گشت باسكارو شاره زایه كی زمان و ئایین و میژوو گالته ی پی دی ، ده یان باس و لیكولینه وه م له م باره وه لایه كه پاكیان به كوردیان ده زانن و هیچ گومانیكی تیدا نیه " ، رووم كرده لاویكی یه زیدی و لیم پرسی كه ئایا به عسییه ؟ وتی به لی ، باوه رم وابوو كه ده سه نه خوری حیزبی به عسه " ، له كاتی سه ردانمان بو جی نزرگه ی شیخ عوده ی له ویش ده مه ته قه ی به م جوره بوو .

chalakmuhamad@gmail.com

* لەوە پێش وتبووم کە هەندێ کادری ناوچەیی حیزبی بەعس لە کوردستاندا مەسیحین ، ئەوانە بە پێچەوانەی مەسیحیەکان و پیاوە ئایینیەکانیانەوە خۆیان بە بەشێك لە میللەتی کورد نازانن ، لێم پرسین : بۆچی رۆڵەی تایەفەی کلدانی لە عێراقی عەرەبیدا بە مەسیحی عەرەب دەزانن ، بەلام مەسیحیەکانی کوردستان بە مەسیحی کورد نازانن ؟ وەرامێکی تەواوم لەم بارەوە دەست نەکەوت .

* لە ٢٨ ی ئابدا کاتێك بە هاوڕێیەتی پارێزگای نەینەوا بە دەشتی ئاکرێدا تێدەپەڕین ، کۆمەڵێکی زۆری خەڵکی دێیەکان لە زێباری و سورچی و هەرکی و ئەوانەش کە لە شۆڕشدا بوون لەم لاو لەولای جادە کەوە بۆ پێشوازی وەستا بوون ، پارێزگار کە ترومبیلەکەی لێ دەخوری بۆ ئەوەی لە تەکیاندا قسە بکەم لای هەر دێیەکەوە ڕادەوەستا ، لە دێیەکیاندا کاتێ قسەمان دەکرد ، کابرایەکی لادێیی لێ هاتە پێشەوە و بە دزییەوە کاغەزێکی پێچراوە خستە گیرفانمەوە ، پارێزگار بەوەی زانی ، دوای ئەوەی سواری ترومبیلەکان بووینەوە داوای لێکردم کە بیخوێنمەوە ، منیش دەستم بە خوێندنەوەی کرد کە بەم شێوە نووسرا بوو " جەنابی وەفدی بەڕێز ـ لەوانەی بۆ ریزی نیشتمان گەڕاوینەوە لە ناوچەی شێخان ٧٠ خیزان ڕاگوێزراون ..... هتد" داوا دەکەن کە وەفدەکە لای دەوڵەت شتێکیان بۆ بکات "

وای دەگەیاند کە دەوڵەت خێزانە موسڵمانە کوردەکانی بۆ دەشتی ئاکرێ دەرکردووە تا شێخان بۆ یەزیدیەکان بێت چونکە دەوڵەت یەزیدیەکان بە عەرەب دەزانێ ، ئەوەی تۆزێکیش توند بێت ، چ بە ترس یا کڕین ئاسانە بیان کاتە عەرەب ، تا

chalakmuhamad@gmail.com

ئێستا ئەو سکاڵانامەیەم لایە ، پارێزگار داوای کرد کە بیدەمێ، منیش نەم دایە ، دوای ئەوەی پەیمانی ئەوەم لێوەرگرت هیچ لە خاوەنەکەی نەکات ، دامێ بیخوێنێتەوە .

ب ـ بە یاد هێنانەوەی هەندێ راستی دیکە

ئاشکرایە کە دەسەڵاتی عێراقی لەو ساڵانەی دواییدا زوربەی کوردە فەرمانبەرو کرێکارانی دەزگا نەوتیەکانی کەرکوکی دەر کردووەو لە جێیان عەرەبیان داناوە .

* ئاشکرایە میری بەعس لە ١٩٦٣ دا کوردە جوتیێرەکانی گەلێک ناوچەی پارێزگای کەرکوکیان دەرکردبوو .

* وەك ئاشکرایە کاتێك ئێران ١٩٧٢ دا چەند دوورگەیەکی لە کەنداو داگیر کرد ، عێراقیش لە بەرامبەر ئەودا چل هەزار کوردی عێراقی بە نیوی ئێرانیەوە دەرکرد ، زوربەیان کوردی ناوچەکانی مەندەلی ، کوت ، عەمارەو عەلی شەرقی بوون ،هەندێ کوردی ناوچەی خانەقینیش ، گەلێك لەوانە نەژادنامەی عێراقیان هەبوو ، لە سوپای عێراقیشدا بوون ، میری عێراق دەستی بەسەر ماڵ و ملکیاندا گرت ، یا بە نرخی تزلەکە شتەکانیان فرۆشرا، ئێرانیش وەك هاونیشتمانی تەماشایان ناکات و هەروا لە ئۆردوگای نەهامەتیدا لە نزیك تاران و کرماشان و ئیلامەوە دەژین .

دەوڵەت بۆ ئەو عەرەبانەی بۆ کەرکوکی بردوون گەڕەکی تازەو شاری نوێی بۆ دروست کردوون و نیوی شارەکانی فەلەستین وەك قودس و حیفای لێناون ، لەوە دەچێ دەوڵەتی عێراقی وا بزانێ فەلەستینی لە کوردستان رزگار کردووە ، دروست کردنی ئەو شارانە جگە لە داگیرکردنی کوردستان شتێکی دیکە ناگەیەنێ .

chalakmuhamad@gmail.com

له سه ره تای ۱۹۷۵ ه وه عیراق له هه وڵی ناردنی جوتیّری میسری بۆ کوردستان ده بات و یا له شویّنی ئه و عه ره بانه ی بۆ کوردستانی ناردوون نیشته جیّیان ده کات ، ئه م هه واڵه م به هۆی هه واڵده ره کانه وه دوای شه ر راوه ستان بلاوکرده وه .

ئه و کوردانه ی له ئیّرانه وه گه رانه وه ، عیّراق ریّگای هه موان نادا له ناوچه کانی خۆیاندا نیشته جیّ ببنه وه ، زۆری لیّ ناردوون بۆ عیّراقی عه ره بی یا له ناوچه ی دیکه ی کوردستان جیّگای بۆ دیاری کردوون .

یه کیّك له و کتیّبانه ی وه زاره تی راگه یاندن به سه ر وه فده که ماندا دابه شیان کرد ، کتیّبیّکی جوانی ئینگلیزی بوو به نیّوی عیّراق ـ ریّنموویی گه شتیار ـ بوو ، له لاپه ره ۹۵ ی ئه و کتیّبه دا به پیّی ته خمینی ده زگای ئاماری ناوه ندی ساڵی ۱۹۷۵ باسی سه رژمیّری عیّراق ده کاو به ۹,۵۰۰,۰۰۰ که سی داده نیّ "نزیکه ی له سه دا پانزده ی کورده ـ که ده کاته ۱,٤۲٥,۰۰۰ که س ئه مه ش ژماره ی کورده له ناوچه ی ئۆتۆنۆمیدا ، ئیدی بۆچی کوردی پاریزگاری که رکووك و نه ینه وا و قه زای خانه قین و کورده کانی پیّته خت و ئه وانه ی بۆ ئیّران ره وانه کراونه ته وه یا ئه و کورده فه یلیانه ی له هه ندیّ پاریزگای خوارووماونه ته وه له خه یال و حسابی ده وڵه تدا نیه ؟!

زوربه ی کورده کان سه رژمیّری کوردی عیّراق به ۳ ملیۆن ده زانن که ده کاته سیّ یه کی دانیشتوان ، " له نامه ی دوکتوراکه مدا له سه ر شۆرشی کورد ـ به زمانی فه ره نساوی ـ به پیّی ئاماری ره سمی ده وڵه ت کورد له سه دا ۲۸ بوو ، له ساڵی ۱۹۷۰ دا عیّراق ۹,۵ ملیۆن بووه واتا کورد نزیکه ی ۲,٦٦۰,۰۰۰ که س بوون .

chalakmuhamad@gmail.com

## ج- ناوچە ڕاگوێزراو و بەعەرەبکراوەکانی کوردستان

بە پێی ئەو چاوپێکەوتن و سەرنجانەی سەرەوە و زانیاری جۆراوجۆر کە گومان لە ڕاستییان ناکرێ، سیاسەتی بەعەرەب کردن "تەماشای بەشی داهاتوو بکە" لەم ناوچانەی خوارەوەدا جێبەجێ کراوە و لە ئایندەشدا پەیرەو دەکرێ.

١- هەموو پارێزگای کەرکوك جگە لە چەمچەماڵ و کەلار.

٢- قەزا و ناحیەکانی: شێخان، زەممار، تەل کۆچك و جەبەل شەنگار لە نەینەوا، قەزای ئاکرێ ئێستا لە و نەخشەدا نیە بەلام لای بەشێکی دەسەڵاتداران دەیانەوێ لە داهاتوودا بیکەنە عەرەب. بەعشیقە هەموو کراوە بە عەرەب و کوردەکەشی خراوەتە قالبی بە عەرەب کردنەوە.

٣- قەزای خانەقین، لە پارێزگای دیالە، جەلەولا خەڵکێکی زۆری عەرەبی بۆ براوە و کوردەکەشی لەبەر ئەو هێرشەدان.

٤- شاری بەغدا و قەزای مەندەلی و قەزا و ناحیەکانی خواروو کە تێکەڵاون، تا ئێستاش کوردی فەیلییان لێیە "ناخەمە ئەم بەشەوە چونکە سەر بە عێراقی عەرەبین، ئەگەر چی کوردەکان چ ئەوانەی لە کۆنەوە لەوێن یا ئەوانەی تازە بە گوێرەی ئەو سیاسەتە براون و ڕوو بە ڕووی بە عەرەب کردن بوونەتەوە.

دەنگی ئەوە هەبوو کە دەوڵەت خەریکی بە عەرەب کردنی هێندی ناوچەی هەولێرە "نزیکی دیجلە"، بەلام بە ڕەسمی لەمەدا نەکردووە و ناتوانم ڕاستی یا درۆیەتی ساغ بکەمەوە، تا تەواو بە ڕاست دەگەڕێ بە قاوی دەزانم.

ئەگەر تەماشای نەخشەی ئیداری عێراق بکەین بۆمان

chalakmuhamad@gmail.com
ده رده که وێ که ئه و ناوچانه ی له سه ره وه به خالی ۱، ۲،۲ له به شی ناوچه راگوێزراوو به عه ره ب کراوه کانه نزیکه ی سێ یه کی رووپێوی کوردستانه و دانیشتوانیشی سێ یه کی سه رژمێری کوردی عێراقه ، هه ندێ ناوچه ی دیکه ی وه ك قه زاکانی کفری ، که رکوك توزخورماتوو و ئالتون کوپری له ده مێکه وه دانیشتوانیان له زوربه ی کوردو که مێتی تورکمان پێك هاتوون ، قه زای حه ویجه زۆری کوردو که می عه ره به ، ناحیه ی زه ممار کورد نیشته جێن و عه ره ب کوچه ری ، ته ل کوچك کوردو تورکمان نیشته جێن و عه ره ب کوچه رین ، به لام قه زای جه به ل شه نگار له زه مێندا له کوردستان دابراوه به لام کوردن .

د ـ شێوه کانی به عه ره ب کردن .

له وانه ی سه ره وه بومان ده رده که وێ که شێوه کانی سیاسه تی به عه ره ب کردن به م جوره ئه نجام ده درێ ، جا به پێی باروزوخ چون چاکتر بویان بگونجێ ئه وا به و رێگایه په یره وی ده که ن :

۱ ـ گواستنه وه ی له پر و به زوری کورده کان له ناوچه یه کی دیاری کراوه وه و نیشته جێ کردنی عه ره ب له جێیاندا، ئه مه ش زێده تر له و ناوچه دێهاتیانه ی پارێزگای که رکوك و زه ممار و ته ل کوچك ئه نجام دراوه ، له و شوێنانه ش که کورد دانیشتوانێکی که مین په یره و کراوه ، وه ك له سالی ۱۹۷۲ دا له دژی کورده فه یلیه کان کردیان .

۲ ـ ئه و کورده په نابه رانه ی به ئێران ئه گه ر ناوچه که یان له نه خشه ی به عه ره ب کردندا بن ، کاتێك ده گه رێنه وه رێگایان ناده ن له شوێنی خویان دانیشنه وه .

chalakmuhamad@gmail.com
٣ـ گواستنەوەی بەرەبەرەی کەسان و کۆمەڵی دیاری کراوی کورد، وەك موچەخۆران و کرێکاران و مامۆستایان بۆ ناوچە عەرەبیەکان و بردنی عەرەب لە جێیان، ئەمە زێدەتر لە هەندێ شاری سەر بە کەرکوك و خانەقین پێڕەوکراوە و دەکرێ، وا دەزانم ئەمە دژ بە تورکمانەکانیش لە هەندێ شارەکا پارێزگای کەرکوکدا دەکرێ.

٤ـ بەردەوام بوون بە عەرەبی خوێندنی منداڵانی کورد لە ناوچەکانی شەنگارو شێخان، یا گۆڕینی زمانی خوێندن لە کوردیەوە بۆ عەرەبی وەك لە خانەقیندا کردویانە.

٥ـ ئەو کوردانەی بۆ ناوەندو خواررووی عێراق راگوێزراون بۆیان نیە لە شوێنێکی دیاری کراو کۆببنەوە، بەڵکو کۆمەڵ کۆمەڵ و تاك تاك لە ناو عەرەبدا بڵاویان دەکەنەوە تا لە ئایندەدا بکرێنە عەرەب " دەوڵەتی کەمالی تورك و کۆنەپەرست و شۆڤێنی تورکیا لەم بوارەدا بۆ بە تورك کردنی کورد ئەو ئاوەیان ڕشتووە".

٦ـ دەوڵەتی عێراق ئەو تایەفە ئاینیە نا موسڵمانانەی وەك دیان " لە ئاشوری و کلدانی " هەروەها یەزیدیەکان بە کورد نازانێ، بە زۆرو بە هۆی چڵکاو خۆرانیەوە هەوڵی بە عەرەب کردنیان دەدا.

٧ـ تەنها ناوچەیەك لە کوردستاندا هەیە کە دانیشتوانی راگوێزران و عەرەبی تێدا نیشتەجێ نەکراوە، ئەویش ناحیەی قەرەتو و ناحیە شاخاویەکانی سەر بە خانەقینە لە سەر سنووری ئێران.

٨ـ بەکارهێنانی ژمارەیە جاش و چڵکاوخۆری کورد " لە موسڵمان و یەزیدی و دیان " لە دەزگاکانی بەعسدا لە کوردستان بۆ بەرگری کردن لە سیاسەتی بە عەرەب کردن و کەم کردنەوەی مەترسی ئەو

chalakmuhamad@gmail.com

بە پێی ئەو ڕێگایانە ، لە بیری دەوڵەتدا بە عەرەب کـــردن لە هەندێ ناوچەدا زوو ئەنجام دەدرێ ، یا قۆناغ بە قۆناغ لـــــە خانەقین و شاری کەرکوك لە دواتریشدا لە جەبەل شەنگار پێڕەو دەکرێ ، وا دەزانم لە هەندێ شوێندا نزیکەی لە سەدا دە یا لـــە سەدا یانزدە کورد بهێڵێتەوە ، بەڵام کۆکردنەوەی دێهاتەکـــان ئەگەر لە ناوچەی خۆیاندا کۆبکرێنەوە سیاسەتی بـــەعـــەرەب کردنیان بە سەردا ناسەپێنن .

وەك بۆم دەرکەوت خاڵەکانی ٣ ، ٤ ، ٨ لە سیاسەتی بەعەرەب کردندا بە سەر برا تورکمانەکانیشدا دەسەپێنرین .

## ە ـ لێکدانەوە و بەهانەی دەوڵەت و حیزبی بەعس بۆ سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن :

ئەو سیاسەتەم لە گەڵ چەند وەزیرێك و سەرکردایەتـــــی بەعسدا باسکردووە و ئەوانیش لێکدانەوەی خۆیان لەو بارەوە دەر بڕیوە ، مەسەلەی ڕاگوێزان بەر لەوەی لە بەغدا باسی بکەم لـــە کوردستان باسم کردبوو.

## و ـ بیرو ڕا بەرامبەر سیاسەتی بەعەرەب کردن :

دوای بەجێ هێشتنی دێی کەلور خورمە لوژە و گەیشتنمان بــۆ هەولێر ، لە ٢٢ ئابدا پارێزگاری هەولێر بە هاوڕێیەتی یاریدەران و موچەخۆران کە هەموویان کورد بوون ئاهەنگی خۆش هاتنیان بـــۆ سازکردین ، لە وشەیەکدا هیوای ئەوەم خواست کە بتوانین دەوڵەت ڕازی بکەین ناوچەی ئۆتۆنۆمی فراوان بکرێ ، نەم ویست ڕووداوی ئەو ڕۆژە لە دێی کەلور خورمە لوژە و ئەوەی لە خانەقین بینی بوومان باس بکەم چونکە بڕیار بوو دەرکی ئەو باسە لە گەڵ بەغدا بکەمەوە

chalakmuhamad@gmail.com

بەڵام بەشیر بومەعەززەی برای عەرەبم و سەرکـــــردەی سیاسی جەزایرو سۆسیالیستی راستەقینە کە تاوی رووداوەکانـــــی دێیەکەی لە دڵدا بوو ، بە داخ و هەڵچوونەوە وتی : " ئەوەی لــــەو دێیەدا بینیمان و لە باری سیاسەتی بەعەرەب کردنەوە زانیمــــان، شتێکی ناماقووڵ و دراوە دواوەیە " دوای ئەوە قسەی سەرکـــردەی سیاسی ی سۆسیالیستی فەرەنساوی"جان جودیس" ی یاد هێنایەوە کــە وتوویەتی " ئەو گەلەی گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە ، ئەوە هەرگیـــز ناتوانێ گەلێکی سەربەست بێت ".

لەو رامدانەوەدا نە پارێزگارو نە موچەخۆران شتێکیان باس نەکرد.

لە ئێوارەی ٢٤ ئابدا لە هاوینە هەواری سەلاحەددین لە کاتـــی داوەتی وەفدەکەمان لە لایەن کاک غازی ئەلعوبەیدی نوێنــــەری گشتی بەعس لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەمان مەسەلە باسکرایەوە ، لەو داوەتەدا گەلێك کەسی رەسمی تێدا بوو لەوانە وەزیرێکی کورد و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی راپەراندن ، بە ئاشکرا دیار بــوو کە دەسەڵاتی غازی لە هەموان زیدەتر بوو ، من هەندێ کۆســـــپی رێگای " جان کلود "م باس کرد کە لە رێی تەحقیقی مافی مرۆڤدا لە پێشی بوو ، بەشیر بومەعەززەکە رووداوەکانی کەلور خورمـــە لوژە بیری داگیر کرد بوو قسەی کردو وتی:راگوێزانی کورد لـــــە هەندێ ناوچەو شوێندا کارێکی نادروست و ناڕاستە و هەرگیـــــز قبوڵ ناکرێ ، دەبێ تەفسیری ئەو سیاسەتە چی بێت ؟! " غـــازی وتی: " بە هیوا بووم کە شتێکی ئەوروپا بکەم ، بەڵام پەشیمــــان بوومەوە ، بەیانی یا دوو بەیانی داوەتێکتان دەکەم و بە کۆپتــــەر

chalakmuhamad@gmail.com

دەچینە سەر گێوی هەڵگوردو لەوێ بە گیانی برایەتی و باوەڕ بە یەك بوون گشت مەسەلەکان باس دەکەین و چارەسەریان بۆ دەدۆزینەوە " دیسان من قسەم کردەوەو وتم " هەڵبەت باوەڕ بە یەك بوون هەل و مەرجی پێویستە، بەڵام دەبێ وەرامی دەوڵەت بۆ سیاسەتی بەعەرەب کردن و راگوێزان چی بێت ؟! من و هەموو کوردێك و هەموو مرۆڤێکی بەراستی ئەو سیاسەتە دەدەینە دواوەو هەرگیز ناسەلمێنرێ " ئەوجا ساردی و سڕی باڵی بەسەر داوەتەکەدا کێشا ـ لە رۆژانی داهاتووشدا نەچووینە سەر شاخی هەڵگورد، ئەو چیایەی لە قرچەی هاویندا بەفری نەتواوەی کوردستانی لـــــــە باوەشدایە ."

چەندان جاری دیکە لەگەڵ لێپرسراوێکی کورد لە ئەنجومەنی راپەڕاندن بەعەرەب کردن و راگوێزانم باس کردووە، جارێــك وەفدەکە ئامادە بوو، جارێکیش هەر خۆم بووم ،ئەو لێپرســراوە وتی : گرینگ ئەوەیە دەوڵەت ددانی بە مافە نەتەوەییەکانـــی کوردو ئۆتۆنۆمیدا ناوە و لەو بارەوە دەقی یاسایی هەیە . منیـــش وتم " من نکولی لێ ناکەم و بەبێ بایەخ تەماشای ناکەم ، بـــەڵام دەترسم ئەو یاسایانە لەسەر کاغەز بمێننەوە ، لە کوردستانیشـدا خەڵك نەمێنێ "

نازانم چی دیکە لەو قسەی جان جودیس زیاد بکەم کــــــە وتوویەتی : " ئەو گەلەی گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە ، ئەوە هەرگیز ناتوانێ گەلێکی سەربەست بێت " ، لەو قسەیەدا بیرێکی مرۆڤانە و سیاسەتی دیموکراسی و سۆسیالیزمی بە قووڵی تێدایە ، جۆرە وێنەیەکی مەترسی و واقیعی پێوەندی بەعس لە عێراق و میللەتی کوردیشـــی

chalakmuhamad@gmail.com
تیدایە ، لیرەدا پیویستە ئەمانە روون بکەمەوە :

١ـ سیاسەتی راگویزان و بەعەرەب کردن ـ بەھەر بیانوویەك بیت قبول ناکریت ، پیچەوانەی دەستووری سۆسیالیزمی و بیری مرۆڤایەتیە .

٢ـ پیچەوانەی بیری دیموکراسییە و رەنگدانەوەی بیری شۆڤینی دەستەیەك لە چینی بورژوازی بچوکە .

٣ـ پیچەوانەی گیانی خۆشەویستی و دۆستایەتی نیوان گەلانی خاوەن شارستانیەتی ئیسلامە .

٤ـ پیچەوانەی داب و نەریتی عەرەبیە ، وەك من شارەزای میژووی عەرەب بم لە سەردەمی ئیسلامەوە ، ئەو میژووە مایەی شەرافەت و لی بوردن و ریزی هاوسییەتی بووە ، کەمتر ئەو سیفەتانە پیکەوە بەجوانی و خاوینیەوە لە گەلیکی دیکەدا کۆبونەتەوە .

٥ـ ئەو سیاسەتە پیچەوانەی خواستی گەلی عەرەبی عیراقییە لـە بەرامبەر گەلی کوردستانی براو هاوبەشیدا ، بەهیچ جۆریـك رەنگدانەوەی ویستی گەلی عەرەب نیە ، وەك لە پەیوەندیەکاندا لەگەل سەران و ئەفسەرانی سوپادا کردم دەتوانم بلیم خواستی ئەوانیش نیە ، وا دەزانم تەنی باوەری ریبازیکی تایبەتی حیزبی بەعسە کە دەیانەوی کاری نادروست و نارەوا لە کوردستاندا ئەنجام بدەن ، دەیانەوی بەناوی سۆسیالیزمەوە فەرمانرەوایەتی بکەن بەلام فریان بەسەر بنەماکانیەوە نیە ، بەناوی دیموکراسیەوە دەجولینەوە بەلام پیچەوانەی بناغەکانیین ، بەناوی گەلی عیراقەوە کار دەکەن بەلام بە پیچەوانەی بەرژەوەندی عیراقیەوە ، بەناوی عەرەبایەتییەوە قسە دەکەن کەچی بە دژی رەوی عەرەبی و دابی

chalakmuhamad@gmail.com
عه ره بێ دەسەڵات بەڕێوەدەبەن .

٦ـ سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن بەهیچ کلۆجێك لە جیهانی عەرەبیدا نە لای میللەت نە لای کاربەدەستان ، نە لای موسڵمانان و نە لای دیانەکان ، نە لای سۆسیالیزمەکان و نە لای کلاسیکیەکان دروست نیە و قبوڵ ناکرێ ، هەموویان لە سیفاتی نەتەوەیی کوردو کارە مەردانەکانی لە مێژووی سەرکەوتنی ڕۆژهەڵات و عەرەب و ئیسلامدا شارەزان ، کێ شانازی بە سوڵتان سەلاحەددین و پادشاکانی ئەیوبیەوە ناکا ؟ هەروەها ئاگاداری هاریکاری کوردن لە پشتگیری مەسەلە زیندووەکانی نەتەوەی عەرەب لەوانە کێشەی ڕەوای گەلی فەلەستین .

٧ـ سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن هەرگیز لای جیهانی ئیسلامی کە کورد بەپێی شارستانیەت و مێژوو بەشێکن لەوان قبوڵ ناکرێ .

٨ـ بزوتنەوەی نیشتمانی و رزگاریخوازی کورد بەشێکە لە بزوتنەوە نیشتمانی و رزگاریخوازەکانی ئاسیاو ئافریقا ، بۆیە بەهیچ جۆرێك ئەو سیاسەتە لای وڵاتانی جیهانی سێیەم و بزوتنەوە نیشتمانی و رزگاریخوازەکان قبوڵ ناکرێ .

٩ـ ئەو سیاسەتە لای سۆسیالیزمەکان ، شیوعیەکان ، پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراسیەکانی ئەورووپا و جیهان هەتا لای لیبرالەکانیش قبوڵ ناکرێ ، ئەگەر بەرپرسیارانی ئەو سیاسەتە بۆ بەردەوام بوون پشتیان بە شای چارەگران و داخ لە دڵ و چینی کۆنەپەرست و شۆڤێنی فەرمانڕەواکانی تورکیایە ، ئەوا هەر سێکیان بەهەڵەدا چوون ، لە ئایندەدا دەردەکەوێ کێ سەرکەوتوو دەبێ ؟ ئەوان

chalakmuhamad@gmail.com
یا ئیمەی سۆسیالیزمەکانی کورد کە بەرگری لە بەرژەوەندی و مەسەلەی دادپەروەرانەی میللەتەکەمان دەکەین و پشتگیری نیوەندە سۆسیالیزم و دیموکراسیەکانی جیهان و هیزە عەرەبی و ئیسلامی کان و ئافریقایی و ئاسیاییەکانمان لەگەلدایە .

١٠ ـ ئەو سیاسەتە دژی یاساو دۆکومینتە جوداکانی مافیمرۆڤە کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون ، ئەگەر لە عورفی یاسای نیو دەولەتاندا ئەو سیاسەتە بریتی نەبی لە تاوانی کوشتنی بە کۆمەل و کوردە بە عەرەب کراوو راگویزاوەکان نەکوژی ئەوا بریتییە لە هەولدان بۆ تاوانیك بە نیوی کوشتنی نەتەوە وە کە عیراق لە نەخشەی خویدا ئامانجی لە بەین بردنی بەشیك لە نەتەوەی کوردی هەیە .

١١ ـ پیویست ناکا بووتری کە گەلی کورد لە عیراق و لە گەلیشیدا بەشەکانی دیکەی نەتەوەی کورد هەرگیز سیاسەتی بە عەرەب کردن و راگویزان قبول ناکا ، لیرەدا دەمەوی ئەمەش بلیم :

" بزوتنەوەی نیشتمانی کورد ، لە پیشمانەوە هیزە سۆسیالیستەکانی ، لە ئیستاوە سیاسەتی بەعەرەب کردن و راگویزان لە هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستاندا و بە هەر جۆریك و بەهەر شیوەیەکی نیازیانە ئەنجام بدری دەداتە دواوە و بە بەتالی دەزانی .

بزوتنەوەی کورد بە هاوکاری هیزە پیشکەوتنخوازو دیموکراسیەکانی عەرەب و عیراقی بۆ گیرانەوەی مافی خۆی تیدەکوشی .

* لەبەر ئەوەی سیاسەتی راگویزان و بەعەرەب کردن ئەنجامی ریککەوتنی جەزایری ئازاری ١٩٧٥ە پیویستە ئەم سەرنجانەش دەربرم :

chalakmuhamad@gmail.com
١ـ ریککه وتنی جه زایرەزامی جه نجه ریکه که ده وله تی شای ئیران له لاشه ی گه لی کوردو بزوتنه وه ی شۆرشگیری کوردی دا ، له گه ل هه له ی جۆربه جۆری سیاسی و ستراتیژی و کۆمه لایه تی و به لکو ئایدۆلۆژی سه رکردایه تی ئه و بزوتنه وه یه به لام جه ماوه ری کورد له ده وری گرد بووبوونه وه ، هه ر ده وری ئه و سه رکردایه تیه نیۆبانگی بزوتنه وه که ی له که دا رکردو جه ماوه ری عه ره بی لیدوورخسته وه و کاری ئاماده یی پیلانی ریککه وتنی جه زایری سازکرد ، هه رچی چۆنیك بوو بیست جه ماوه ری گه لی کوردو هیزی پیشمه رگه به هیچ شیوه یه ك به رامبه ر ئه و کاره ساته به رپرسیار نین ، ئه گه ر بگه رینه وه بۆ ده وله تی شا ئه وا له به فارس کردنی گه لی کورد به رده وام ده بیت و که متر شتیکی به رژیمی شا بووتریّ ئه وه یه که کۆنه په رست و غه درکه ره ، دروستیش نیه به شا بووتریّ آریا میهر ـ خۆشه ویستی ئاریه کان ـ که خۆی ئه و نیۆه ی له خۆی ناوه، مادام به خه جاله تیه وه خه ریکی نه نیۆ بردنی زمان و ئه ده بیاتی کوردیه که به راستی لقیکه له زمانه کانی هیندۆ ئه وروپی ـ به شی ئیرانی ، هه روه ها چونکه سیاسه تی ئه و پالپشتیکه بۆ سیاسه تی راگویزان و به عه ره ب کردن له دژی کورده کانی عیراق " له باسیکی دیکه دا ده گه رینه وه سه ر مه سه له ی نیشتمانی کورد له ئیراندا " ئه مه جگه له سیاسه تی نادیموکراسیانه ی ده وله تی شا له هه موو ئیراندا .

٢ـ ئه وه ی جیگه ی سه رسورمانه ئه وه یه که سه رۆك هه واری بۆمدیه ن به وپه ری توانایه وه بۆ پیکهاتنی ریککه وتنی جه زایری نیۆان شاو عیراق کاری کرد،بیّ ئه وه ی هیچ بیریك له دابین کردنی مافی گه لی کورد بکاته وه ، له کاتیکدا وا بلاوه که سه رۆکی ئه و ده وله ته

chalakmuhamad@gmail.com
ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی هەیەو لایەنگری خەباتی چەوساوەکانە .

٣ـ وەك ئاشكرایە دەوڵەتی حیزبی بەعس لە سوریا ناحەزی دەوڵەتی بەعسی عێراقە ، بەلام ئەو لاپەڕانەی پێشووم بۆئەوە نەنووسیوە كە سوریا شادمان بێت و برایانم بۆ یارمەتی و كۆمەك لە دەركی بدەن ، وەك چۆن هێندێ كورد پەنایان بردۆتە بەر دیمەشق، چونكە ئێمە نامانەوێ لە نێوان ولاتانی ناوچەكەدا گەمە بكەین ، ئایا ئەوەكەلە ئێرانمان بینی بەس نیە بۆ پەند وەرگرتن ؟ هەروەها ڕێگە بە خۆمان نادەین ناكۆكی ڕیزەكانی عەرەب قووڵ بكەینەوە ، بەڵكو هیوای خێرو یەكێتییان بۆ دەخوازین ، لە لایەكی دیكەوە مرۆڤ ئەوە دەزانێ كە سوریا بەر لە عێراق دەستی بە سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب كردن دژ بە كورد كردووە ، لەو بوارەدا ـ خاوەنی تاقیكردنەوەیەكی زۆرە ، سیاسەتی ـ پشتێنی عەرەبی ـ الحزام العربی " ئێستا لە سوریا سیاسەتێكی پیادەكراوەو ناوچەی جزیرەیان گەمارۆ داوەو بە هیچ جۆرێك باوەڕیان نیە كە كوردی سوریا بەشێكن لە نەتەوەی كورد ، هەروەك چۆن شاو چینی شۆڤینی و كۆنەپەرستی توركیا ئەو سیاسەتەیان گرتۆتە بەر.
بە كورتی عێراق چ دەكا بە كورد ، سوریاش وا دەكا بە كوردەكان كە نزیكەی ٦٠٠ هەزار كەسن ، ئەگەر سوریا ڕاست دەكا سۆسیالیزمە دەبا سیاسەتێكی گونجاوی بەرامبەر كورد هەبێ و لەبەر ڕۆشنایی بناغەكانی دادپەروەریدا چارەسەری كێشەی كورد بكا " لە شوێنێكی دیكەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە"

C ـ گفت و گۆ سیاسیەكانی بەغدا :

لە ژێر ئەم ناونیشانەدا بەشی سێیەم باس دەكەم ، خوێنەر سەرنجی

chalakmuhamad@gmail.com

بەشی دووەمیدا کە کردبووم بە چەند لقێکەوە ، ئەم بەشەش چەند لقێکە ، بۆ چاکتر کەڵك وەرگرتن هەندێ وردە سەرنجی بەشی دووەم لێرەدا باس دەکەمەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەشەکان پێوەندیان پێکەوە هەیە :

١ ـ چاوپێکەوتنە سیاسیەکان لە بەغدا :

پێش چوونمان بۆ کوردستان لە بەغدا چەندان چاوپێکەوتن بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی وەفدەکەمان پێك هات ، بە گشتی باری کوردستان و تایبەت مەسەلەی مافی مرۆڤ باس کران ، ئەو چاوپێکەوتنە گشتیانەش بەم جۆرە بوون :

١ ـ لە ١٩ی ئابدا لەگەڵ کاك عەبدولسەتتار تایەر شەریف وەزیری شارەوانی و سکرتێری حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان کۆبوینەوە .

٢ ـ لە ٢٠ی ئابدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی کاك عەزیز ئاکرەیی کۆبوینەوە .

٣ ـ لە ٢٠ی ئابدا چاومان بە وەزیری داد دکتور مونزیر شاوی کەوت کە لە برا عەرەبەکانە و خۆی وەك سەربەخۆیەك پێی ناساندین .

٤ ـ هەر لە ٢٠ی ئابدا خۆم بەتەنێ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و عەزیز ئاکرەیی برام و دواتریش لەگەڵ لقی بەغدایان کۆبومەوە .

پێویست ناکا باسی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بکەمەوە ، بەڵام دەمەوێ بیڵێمەوە کە هیچ بوونێکی حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کوردستاندا نیە و تەواو مل کەچی بەعسن ،. لەبارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەمەوێ بڵێم ، لە باری فیکریەوە سەر بە بەعس نین و پێوەندارن بە کوردو دڵسۆزن بۆ کۆماری عێراق و

chalakmuhamad@gmail.com

پێشکەوتنخوازن ، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەردەم بەعسدا لاوازن ،وام هەست دەکرد کە مامۆستا عەزیز ئاکرەیی و برادەرەکانی پێیان وابوو هاوبەشییان لە میری و بەرەی نیشتمانیدا کەڵك بەخشە و لەو بارەوە هەوڵی کەم کردنەوەی کارە خراپەکانی دەوڵەت و پتر چاکە کردن دەدەن ، بەڵام دەپرسم ئایا ئەو حیزبە ئەوەندە لە بارياندایە ئامانجەکانیان وەدەست بێنن ؟ دیارە لەبەر رۆشنایی ئەوانەی باسم کردن وەرامی ئەوە"نەخێر"ە .

دوای چوونمان بۆ کوردستان ، چەندان چاوپێکەوتنم لەگەڵ وەزیرە بەعسیەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەی بەعسدا کرد ، لە وانەدا بۆ ئەوەی یارمەتی نزیك بوونەوەی باری سەرنجەکانمان بدرێ مامۆستا بەشیر بومەعەززەش ئامادە دەبوو ، ئەوانەش بەو شێوە بوون :

١ ـ لە مانگی ئابدا چاومان کەوتە بە مامۆستا تاریق عەزیز وەزیری راگەیاندن و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس و سەرنووسەری رۆژنامەی "الثورة" ، وای خۆ پیشاندا کە بە نێوی سەرکردایەتی هەرێمایەتییەوە قسە دەکا " ئەوەی پێ راگەیاندم کە بریار وا بووە لەگەڵ عبدالفتاح یسن ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی کۆببمەوە ـ بەڵام ئەو شەوەی ئێمە گەیشتبووینە بەغدا ئەو بە کارێکی لەپڕ چووبووە فێتنام "

٢ ـ لە ٦ ی ئەیلوولدا لەگەڵ دکتۆر زەید حەیدەر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس و بەرێوەبەری نووسینگەی پێوەندیە کانی دەرەوەدا کۆبوومەوە .

٣ ـ چاوپێکەوتنی مامۆستا نەعیم حەدداد وەزیری لاوان و ئەندامی

chalakmuhamad@gmail.com

سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس و [illegible] گشتی بـــــەرەی نیشتمانی لە رۆژی ٣ی ئەیلوولدا .

٤ـ چاوپێکەوتنێکی دیکە لەگەل مامۆستا تاریق عەزیزدا لە رۆژی ٤ی ئەیلوولدا.

<u>رووە چاکەکانی سیاسەتی میری بەرامبەر کوردو مەسەلەکەی :</u>

لێرەدا لەبەر رۆشنایی و سووربوونی هەموو وەزیرە بەعسییەکان و لێپرسراوانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کە لەگەلیاندا کۆبومەوە هەندێ باری سەرنجیان دەنووسم و لە دواییشدا تێبینی و قســـەی خۆمیان لەسەر دەکەم :

<u>یەکەم :</u> دەولەتی عێراقی و حیزبی بەعس بەدەستووری ددانیـــان ناوە بە گەلی کورد لە عێراقدا وەك نەتەوەیەك و یەکێك لـــــە دوو گەلی پێکهێنەری کۆماری عێراق ، وەزیرەکان ئەوەیـــان سەلماند کە دوای کۆتایی شەرێش ئەو دەستورە وەك بناغەیەکی عێراق هەرماوە و دەمێنێ ، ئەوەشیان دەست نیشان کرد کە نـــە کوردی تورکیا و نە کوردی ئێران کە بەسەرژمێر لە کوردی عێراق زۆرترن ئەو مافانەیان نیە ، سوریاش کە بۆ مافی کوردەکانـــی عێراق دەگری ئەوا هەتتا ددان بە بوونی کوردیشدا نانێ ؟!

<u>سەرنج :</u> ئەوەی سەرەوە بە شێوەی دەستووری و تیئۆری راستە و بایەخی مێژوویی هەیە و لە ولاتانی دیکەدا کە بەشی کوردستانیان لە ژێر دەستدایە نیە ، هەلبەت ئەو ددان پێدانانەش لە ئەنجامی خەباتی گەلی کورد خۆیەوە و هەندێ بنەمای مێژووییەوە دەست کەوتووە .

<u>سەرنجێکی دیکە :</u> وا دەبینرا کە مافە نەتەوەییەکانی کـــورد

chalakmuhamad@gmail.com

به شێوه‌یه‌کی گشتی له ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمیدا که دوو له سێی کوردستانی عێراقه ڕێزلێنراوو پارێزراو بێت ، به‌ڵام له ناوچه‌کانی دیکه‌ی کورده‌واریدا بێ ڕێزو بێ بایه‌خه ، له هه‌مان کاتدا سیاسه‌تی ڕاگویزان و به‌عه‌ره‌ب کردن له‌گه‌ل ددان نان به مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی کورددا وێك نایه‌نه‌وه له ئه‌نجامیشدا پێچه‌وانه‌ی ده‌ستووری عێراقییه و بناغه‌کانی کۆمار لاواز ده‌کات و مه‌ترسیشی بۆ سه‌ر فه‌رمانڕه‌وایه‌تی به‌عس هه‌یه .

دووه‌م : ده‌وڵه‌تی عێراق وا خۆی پیشان ده‌دا که ده‌ستبه‌رداری به‌یانی ١١ی ئازاری ٩٧٠ نابێت و له مافه‌کانی گه‌لی کورد که له‌و به‌یانه‌دا به‌ڵێنی داوه پاشگه‌ز نابێته‌وه .

سه‌رنج : له‌و سه‌رنجانه‌ی سه‌ره‌وه پێویسته بایه‌خی به‌یانی ١١ی ئازاریش بزانرێ و بۆ جێ‌به‌جێ کردنی ته‌واوی له ناوچه کوردیه‌کاندا خه‌بات بکرێ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو کوردستان بخرێته سه‌ر ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی ، سه‌باره‌ت به سه‌رنجه‌کانم وه‌زیره‌کان نکولیان له که‌م و کوڕی جێ‌به‌جێ کردنی به‌یانی ١١ی ئازار نه‌ده‌کرد ، به‌ڵام ده‌یان گووت له ئه‌نجامی تێگه‌یشتن و ده‌مه‌ته‌قه‌وه هه‌موو شتێك قابیلی چاك بوون و به‌ره‌و پێشه‌وه چوونه .

هه‌ندێ له وه‌زیره‌کان له‌وانه تاریق عه‌زیز ده‌یان گووت " که حیزبی به‌عس حیزبێکه بیرو باوه‌ڕی مرۆڤ دۆستی هه‌یه و ئه‌و ڕوانگه‌وه ددانی به مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی کورددا ناوه و به‌یانی ١١ی ئازاری ده‌رکردووه " به‌لای منه‌وه ئه‌و لێکدانه‌وه‌یه قبووڵ نیه و به ماموستا تارق عه‌زیزم گووت که به‌یانی ١١ی ئازار به‌رهه‌می تێکوشانی نه‌ته‌وه‌ی کورده ، دوای گفت و گۆیه‌کی دوورو درێژ ئه‌و

chalakmuhamad@gmail.com

بەیانە دەرچوو ، تەنها دەتوانرێ بەهەڵوێستێکی ئیجابی بەعس لە ١٩٧٠ دا دابنرێ ، ئەگەر هەمووی بێ کەم و کوڕی جێ بەجێ بکرێ ئەوا ئیجابیەتی بەعس دەسەلمێنێ ، وەك بۆئەو وەزیرە بەڕێزەم باس کرد بەعس لە ١٩٦٣ دا کە بۆیە کەم جار فەرمانڕەوایەتی وەرگرت ڕێبازی مرۆڤ دۆستیان نەبوو ، بە پێچەوانەوە هێرشێکی کوێرانەیان کردە سەر گەلی کورد ، مامۆستا تاریق عەزیز ئەوەی قبوڵ کرد و وتی هەموو حیزبێك گەشە دەکاو دەگۆڕێ لەوانەش حیزبی بەعس !

سێیەم :لەدەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان و بەردەوام بوون لەسەری ، وەزیرەکان باسی ئەوەیاندەکرد کە کاتێ ددانیان بە ئۆتۆنۆمیدا ناوەهەندێ لایەنی عەرەبی ناعێراقی رەخنەی زۆریان لێ گرتوون و نارازی بوون ، بەڵام ئەوان لەسەر جێ بەجێ کردنی سوورن .

سەرنج : ددان نانی دەوڵەتی عێراقی بە ئۆتۆنۆمی و دەرکردنی یاسا لەو بارەوە لە ئەنجامی تێکوشانی گەلی کوردەوە بووە ، لەگەل کەم و کوڕیدا بەڵام سەرکەوتنێکی چاکی بزوتنەوەی کوردایەتی یە و دەبێ پارێزگاری بکرێ و دەوڵەت هەوڵی تەواوکردنی بدات ، ئاشکرایە لەو جۆرە یاسایە لە وڵاتانی دراوسێدا کە کوردیان لە ژێر دەستدایە نیەو لەوەش پتر ددان بە بوونی کورددا ناهێنن ، لەهەمان کاتدا دەبێ بارو دۆخی پاڵپێوەنەری هەل و مەرجی سیاسی بەعس لە دەرکردنی ئەو بەیانەدا بزانرێ .

سەرنجێکی دیکە : با خوێنەر بۆکەم و کەسریەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی بگەڕێتەوە ، کە چۆن یاساکە هەموو ئەو ناوچانەی زوربە کوردن ناگرێتەوە و دەسەڵاتی دام و دەزگاکان و مالیاتی زۆر کەم و

chalakmuhamad@gmail.com

کورته ، کاتێك داوا م له وه زیره کان ده کرد که ڕێزی یاسـای ئۆتۆنۆمی بگرن و هه موو ناوچه کانی زوربه ی دانیشتوانیان کورده بگرێته وه ، تاریق عه زیز له وه رامدا وتی: " مافه کانی نه تـه وه به بست پێوانه ناکرێ !!!" ئه ی ناوچه ی ئۆتۆنۆمی که یاساکـه خۆی باسی ده کا ئه گه ر به بست و کیلۆمه تر چوار گوشه پێوانـه نه کرێ به چی ده کرێ ؟ بۆ تاریق عه زیزم روون کرده وه که لـه و ولاتانه ی دوو نه ته وه یا وێده تریان تێدایه و له سه ر بنچینـه ی فیدرالی و چه سپاو فه رمانڕه وایه تی ناکرێن ورده ورده له سـه ر حسێبی نه ته وه ی بچووك به رژه وه ندی نه ته وه ی گه وره دێته کایه‌وه، جا ئه مه با نه خشه و پلانی ئاماده کراویشی بۆ ساز نه کرابێ .

سێیه م سه رنج : با خوێنه ر بگه ڕیته وه بۆ به شی " ئۆتۆنۆمی " کـه ده وڵه تی عێراقی چ گه مه یه ك ده کا به یاساو که سایه تی مه عنه وی ناوچه ی کوردنشین و دام و ده زگا رووتکراوه کان له هه موو سیفه تێکی سیاسی و نوێنه رایه تی گه لی کورد ، ئه و ده زگایانه ته نێ ئامرازی جێ به جێ که ری ده ستی به عسن و چی دیکه .

چواره م : خوێندن به کوردی له هه موو ناوچه ی ئۆتۆنۆمی و هێنـدێ ناوچه ی پارێزگای که رکوك ، لێره دا خوێنه ر بگه ڕێته وه بـۆ به شی کارو باری په روه رده و زانیاری و سه رنجه کانم له و باره وه ، له هه مان کاتدا ده بێ بایه خی به شی کوردی زانستگای سلێمانـی و فێربوونی زمانی کوردی له لایه ن قوتابیانی عه ره به وه بزانرێ . . . . ئه مه ش ته واو پێچه وانه ی پڕوپاگنده ی چینی ده سه لاتداری فارسه که زمانی کوردی به زاراوه یه کی زمانی فارسی ده زانن ، هه روه ها له گه ل نیازو بۆچوونی فه رمانڕه وایانی تورکیا و ئێران و سوریـا

chalakmuhamad@gmail.com

یەك ناگرێتەوە ، هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانرێ کە خوێندن بە کوردی لە عێراقدا بناغەیەکی مێژوویی هەیە ، بە هەر حاڵ گرینگ ئێستاو ئایندەیە بزانین چ ڕوو دەدا .

پێنجەم : با خوێنەر بۆ بەشی کارو باری کومەڵایەتی لە ناوچە کانی کوردەواری و عێراق بە گشتی بگەڕێتەوە .

شەشەم : خوێنەر دەگێڕمەوە بۆ بەشی کاروباری ئابووری " وام بۆ دەرکەوت کە ناوچە کوردەواریەکان وەکو ناوچە عەرەبیەکان جگە لە پێتەخت کە پولێکی زۆری بۆ دانراوە " لەم بـــــارەوە بایەخی پێ دراوە .

سەرنج : لە سەر هەموو دەوڵەتێك پێویستە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری، و پێشکەوتنی بدات ، بەڵام تورکیا مەبەستێتـــی ناوچەی کوردستان بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە ، دەوڵەتی سوریاش جوتیرەکانی لەجزیرە لە زەوی و زاری خۆیان بێ بەش کردووە .

**٣ ـ لێکدانەوەی دەوڵەت بۆ سیاسەتی راگوێزان و بەعەرەب کردن :**

ئەم کێشەیە لە گفت و گۆکاندا تایبەت لەگەڵ مامۆستـــا تاریق عەزیز بۆ چەندان جار باسکراو گرێ کوێرەی هەمـــوو مەسەلەکان بوو، دوای ئەوەی وەفدەکەمان بە چاوی خۆی هەمـــوو واقیعێکی بینی،دەوڵەتی عێراقی توانای ئەوەی نابێ نکوولی لـــە سیاسەتی چەوتی خۆی بکات ، مامۆستا تاریق عەزیز دەیەویســت لە مەترسی ئەو سیاسەتە کەم بکاتەوە بەوەی گوایا لە هەنـــدێ ناوچەی دیاری کراودایەو بەرامبەر هەندێ عەرەبیش لە وێنـــەی عەشایەری تەیی و شەممەر کە لە نزیك سنووری سوریاوەن کراوە ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە گوایا سەرۆکەکانیان پەیوەندییان لەگەڵ

chalakmuhamad@gmail.com

موخابه راتی سوریادا هه‌یه ، به هه‌ر حاڵ نه ئه‌وانه و نه شتێکی دیکه نابنه بیانوو بۆ راگوێزان و به عه‌ره‌ب کردنی کورد، ئه‌گه‌ر تاکه تاکه یه‌ك خراپه‌یه‌ك بکه‌ن ئیدی چ پێوه‌ندییه‌کی به خه‌ڵکــــــــه گشتییه‌که‌وه هه‌یه ، ئه‌وه‌ی خراپه‌یه‌ك ده‌کا به پێی یاسا ســــزای خۆی وه‌رده‌گرێ ، ده‌بێ خه‌ڵکه‌که‌ی دی به ئازادی و خۆشییه‌وه لــــــه جێگه و رێگای خۆیاندا بمێننه‌وه و هاوبه‌شی زۆر کردنی به‌روبووم و پێشکه‌وتنی کۆماره‌که‌یان بکه‌ن ، لێره‌دا ده‌پرسین تاوانی منداڵانی دیێ که‌لور خورمه لوژه چیه بۆ "به سره"بگوێزرێنه‌وه ؟ تاوانی منداڵانی خانه‌قین چیه خوێندنیان به زمانی کوردی لێ قه‌ده‌غه بێت ؟ تاوانــــی کرێکارانی کورد له که‌رکوك چیه که له ئیش و شاری خۆیان ده‌ر بکرێن ؟ یا تاوانی پیره‌مێردێکی یه‌زیدی چیه که ده‌وڵه‌ت ناچاری کردووه ئینکاری کورد بوونی خۆی بکات ؟ که له‌وه خوێڕیتر نیه ــ چونکه که‌سێك ئینکاری بنه‌چه و ره‌سه‌نی خۆی بکات ، نه ئه‌سڵ و نه شه ره‌فی هه‌یه ـ ئایا ئه‌و رێگه و شێوانه له گه‌ڵ ده‌وڵه‌تێکـــــدا ده‌گونجێ که به خۆی ده‌ڵێ سۆسیالیزم و به پێی یاساش ددانی بـــــــه مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی کورددا نابێت ؟!

ئه‌و چاوپێکه‌وتن و سه‌رنجانه‌ی سه‌ره‌وه له به‌شی سیاســـــه‌تی راگوێزان و به عه‌ره‌ب کردندا به هه‌موو شێوه‌کانیه‌وه هه‌موویـــــان مه‌ترسێتی ئه‌و سیاسه‌ته ده‌رده‌خه‌ن .

لێکدانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تیش بۆ ئه‌و سیاسه‌ته به پێی ئه‌وه‌ی خـــۆم گه‌یشتوومه‌ته ئه‌نجام و به پێی باسکردنی لێپرسراوانیش بۆ ئـــــه‌م هۆیانه ده‌گه‌ڕێنه‌وه :

١ ــ ئه‌و هۆیانه‌ی پێوه‌ندیان به پاراستنی ئاسایشی سه‌ر سنووره‌کانه‌وه

chalakmuhamad@gmail.com

هەیە ! وەك راگوێزانی خەڵکی ناوچەی قەرەتووی سەربە خانەقین ( کە عەرەبیان تا ئێستا نەبردۆتە جێگایان ).

٢ ـ هۆی ـ ئاسایشی ـ ئابووری ـ ژیان ـ وەك راگوێزانی کوردەکانی ناوچە نەوتیەکان و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە جێیاندا " ئەو ناوچانە چەندان ساڵە پاوانن" بۆ گواستنەوەی خەڵکی کورد لە دێهات و قەزاکانی پارێزگای کەرکووك تاریق عەزیزی وەزیر لە وەرامی پرسیارێکمدا گووتی : "لای کەس شاراوە نیە کە دوای ساڵانی شەڕ وا پێویست دەکات هەوڵ بدەین نەوت دابین بکەین و بیپارێزین چونکە مەسەلەیەکە پێوەندی بە ژیانەوە هەیە ، بۆیە دەوڵەت بە پێویستی دەزانێ نەوت بپارێزی و دوورە مەترسی بکات ، هەر ئەوەوای لێ کردین کوردەکانی ناوچە نەوتیەکان بگوێزینەوە و عەرەبیان لە جێدا نیشتەجێ بکەین"

٣ ـ هۆی ئابووری ـ وەك گواستنەوەی کارگەرو شارەزایان و پیشەیی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی " ئەمە لە شارەکانی کەرکووك و خانەقیندا بۆتە راگوێزانی وردە وردەی زۆر خەڵك "

پێویست ناکات بووترێ کە من هەموو ئەو لێکدانەوە و هۆیانەم داونەتە دواوە ، بە جەنابی تاریق عەزیزی وەزیرم گووت : "ئەگەر دەوڵەت رێککەوتنی ١١ ی ئازار بە تەواوەتی جێبەجێ بکات و رێزی مافە نەتەوەییەکانی کورد بگرێ ، ئەوسا دەتوانێ لە کورد دڵنیا بێت و چاوەڕوانی خزمەت و پاراستنی ماڵ و مڵکی عێراقیان لێ بکا ، بە قەدەر عەرەب چاوەڕوانی دڵسۆزیی لە کوردیش دەکرێ و هیچ جوداوازییەك لە نێوانیاندا نابینرێ .

ـ هەندێ خاڵی دیکە کە لە بەغدا باس کران :

chalakmuhamad@gmail.com
ئەم باسە زۆری درێژە کێشا ، بۆیە بەم خاڵانەی خـــوارەوە کورتیان دەکەمەوە :

** دوکتۆر مونزیر شاوی وەزیری داد ئاگاداری کردم "یاسایی نـا سیاسییە" لە دارشتنی دەقی یاسای ئۆتۆنۆمی ی ناوچەی کوردستانــدا هاوبەشی کردووە ، ئەوەم یاد هێنایەوە کە ئەو یاسایە بە شێوەیەکی یاسایی جێبەجێ نەکراوە ، میری بە بڕیارێکی کارگێڕی " قـرار إداري " ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری کردووە بێ ئەوەی گەلێك شوێن کە زوربەیان کوردن بکەونە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە ، لە وەرامدا گووتی کە ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییەو کاری بە سەرەوە نیە ! پێویستـــە لە گەڵ سەرکردایەتی بەعس و حیزبەکانی بەرەی نیشتمانیدا قســە بکەم ، ئەوجا تکام لە جەنابی وەزیر کرد کە ئاگادارم بکات ئایـا سەرژمێری ١٩٥٧ کە لە یاساکەدا نێوی هاتووە پەنجەی بۆ نەتەوەیەتی دانیشتوان و زمانیان راکیشاوە یا نە؟ هەروەها تکام لی کرد چ زانیارییەك هەیە لە بارەی ئەوەی کە بۆچی دەوڵەت پرسی بـــە خەڵکی ناوچەی ژووروو نەکرد بۆ ئەوەی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمـــی تا کوێ بێت و شێوەیەکی دیموکراسیانەی نەگرت بۆ بڕیاردان لـە سەری !؟ وەرامی دوکتۆر مونزیر ئەوە بوو گووتی : ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییەوە ئەو کاری بە سەریەوە نیە ! لە هەمان کاتدا گووتی رەنگە هۆی هونە ریشی هەبێت ، لەبەر ئەوەی سەرژمێری ١٩٥٧ نەتـــەوەی روون نەکردۆتەوە کێ کوردە یا کێ عەرەبە یا تورکومانە . . . . . . . . هەروەها ناوچەی تێکەڵاو هەیە ئەمە جگە لەو ناوچانەی کە دەمێکـــە بە ناوچەی کورد یا عەرەب نێویان رۆشتووە ، لێرەدا سەرسامـــی خۆم دەربڕی کە ئەوە یانی چی؟یاسای ئۆتۆنۆمی سەرژمێری ١٩٥٧

chalakmuhamad@gmail.com

دەکاتە بناغەی دیاری کردنی ناوچەکان کەچی ئەو سەرژمێرە هیچی لەو بارەوە تێدا نیە ، ئەوجا وەك یاساناسێك باوەڕی خۆم دەربری و کە دەبێ ئەو کێشەیە چۆن چارەسەر بکرێ ، دیارە وا چاکە پرسکردنی گەلیەلە ناوچە تێکەڵاوەکاندا بکرێ کە تا ئێستا نەخراونەتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، ئەویش یەك پرسیاری سادە لە خەڵکەکە بکرێ کە ئایا زمانی نەتەوەییان چیە ؟ ئەوەش دەبێ گشت ئەو خەڵکانە هاوبەشی بکەن کە بەر لە دەست پێکردنی شەڕ لە (١٩٦١) دا نیشتەجێی ئەو شوێنانە بوون ، هەڵبەت مەرجە چاو پۆشی لە شوێنی نیشتەجێی ئێستایان بکرێ ، لە هەمان کاتدا نابێ ئەوانەی دوای (١٩٦١ نیشتەجێ کراون هاوبەشی بکەن .

هەروەها بە جەنابی وەزیرم گووت کە هەندێ شوێن چەندان چەرخە بە ناوچەی کوردەواری نێویان ڕۆشتووە وەك جەبەل شەنگار کەچی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا نیە ، وەزیر لە وەرامدا گووتی : " خەڵکی شەنگار یەزیدین ، یەزیدیش عەرەبن و لە بەنی ئومەییەن ! " " وەرامی ئەوە لە شوێنی دیکەدا هاتووە پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە "

دوکتۆر مونزیر شاویم لەوە ئاگادار کرد کە یاسای ئۆتۆنۆمی کەم و کەسری تێدایە ، لە وەرامدا گووتی : "ئەو یاسایە شایانی چاککردن و تەواوکردنە."

وەزیری داد وای ڕاگەیاند کە دوای سێ ساڵی دیکە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکرێ ، نازانم ئەو ماوەیە لە ١١ ی ئازاری ١٩٧٤ وە دەست پێدەکا یا لە کاتی چاوپێکەوتنەکەمانەوە " لە وەرامدا گووتم : وەك بناغەیەکی

chalakmuhamad@gmail.com

دیموکراسی بە هیوام هەڵبژاردن لە هەموو عێراقدا بکرێ ، وە زیر گووتی : " دیموکراسی ، دیموکراسی سۆسیالیزمی دەبێ نەك وەك دیموکراسی وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا " . دیارە جەنابی وە زیر مەبەستی ئەوەیە کە هەڵبژاردن تەنێ بۆ ئەو پارت و رێکخراوانە دەبێ کە پێشەکی بڕیار لەسەر پێشکەوتنخوازیێتییان دەدرێ ، بۆ پارت و رێکخراوانی دیکە قەدەغە دەبێت ، لەم حاڵەتەدا من نازانم دەبێ ئەو دەسەلات و دەستەیە کێ بن کە بتوانن ئەو بڕیارە بدەن ؟ ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیە کە جگە لە مەسەلەی سەربەستی .

لە کاتی کۆبوونەوەمدا لەگەڵ تاریق عەزیز ئەوەم پێ گووت کە ئەندامان و کادیرانی حیزبی بەعس لە ناوچە کوردیەکاندا بریتین لە کەسانی هەلپەرست ، لەو بارەیەوە پەندێکی فەرەنسیم بۆ هێنایەوە کە دەڵێ " فلانە کەس بۆ یارمەتی سەرکەوتوو فری . " مەبەست ئەوەیە مرۆڤی هەلپەرست نە بیرو باوەڕ دەردەبڕێ نە دەچێتە پارتێکەوە هەتا ئەو پارتە لە تەنگ و چەڵەمەدا بێت ... " بەڵکو دەچێتە حیزبێکی پێچەوانەوە " ئەگەر حیزبی یەکەم سەرکەوت وەك حیزبی بەعس دوای رێککەوتنی جەزایر لە کوردستاندا سەرکەوت،ئەوا ئەندامان و سەرکاری قەبە قەبە بۆ لای بەعس هەڵفڕین و خۆشیان وا پیشان دەدەن کە لە ئەندامە کۆنەکانی بەعس دڵسۆزترن ، لێرەدا ئەوەم زانی کە تاریق عەزیز لەو راستەقینەیە ئاگادارەو وەرامێکی دامەوە کە باوەڕم پێ نەکرد .

* کاتێك چاوم بە مامۆستا نەعیم حەدداد وەزیری لاوان کەوت دوای گەڕانەوەی لە گەشتی ئێران ، ئاگاداری کردم کە چۆتە سەردانی

chalakmuhamad@gmail.com

هەموو ئۆردوگاکانی کوردە عیراقییەکان لە ئێران ، ژمارەی ئاوارەکان نزیکەی ٩٣ هەزار کەس بوون ، هەولێ داوە رازیان بکات بگەڕێنەوە ، بە قسەی خۆی ٥٠ هەزاریان رازی بوون . . دەولەتیش لە دوو مانگدا هەموو شتێکیان بۆ دابین دەکات ، لەو بارەوە سوپاسی مامۆستا نەعیمم کرد ، من بۆخۆم هەر لە سەرەتاوە وام بیر کردۆتەوە کە جێگای سروشتی ئەو خەلکە عیراقە ، بەمەرجێ لێیان خۆش بن و بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنە، چەندان جاریش میر سەدرەدینم لەو بارەوە ئاگادار کردووە . . .

مامۆستا نەعیم گووتی " ئەو خەلکە کوێ هەلبژێرن دەگەڕێنەوە بۆ ئەوێ " زیێدەتر داوای روون کردنەوەم لێ کرد . گووتی : بەشێکیان ناوچە کوردیەکانیان هەلبژاردووە ، هەندێکیشیان نیوەند و خوارووییان داوا کردووە ، لێم پرسی چۆن ئەوان کوردن و نیوەند و خواروو هەلدەبژێرن ؟ لە وەرامدا گووتی : لەبەر هۆی ئاسایشی چونکە زۆریان لە سالانی شەڕدا دووچاری دوژمنایەتی ناوچەیی بوون ، منیش گووتم : دەولەت دەتوانێ ئاسایش بۆ هەموو ناوچەکان بگێڕێتەوە و رێزی یاسا بەرقەرار بکات .

وام هەست کرد کە مامۆستا نەعیم حەدداد لە هەموو وەزیرە بەعسیەکان و ئەوانەی لەگەلیاندا کۆبوومەوە زیێدەتر لە مەسەلەو ئازاری خەلکی کورد تێ دەگات . بە هەر حال سوپاسم کردو ئەوەشم پێ گووت کە باوەڕم بە لێکدانەوەکانی سەرکردایەتی حیزبەکەی نیە .

مامۆستا نەعیم حەدداد ئاگاداری کردم کە دەولەت دەیەوێ لەو ٤٣ هەزار کوردە عیراقیەی نایانەوێ لە ئێران بگەڕێنەوە ،،

chalakmuhamad@gmail.com
نه ژادنامەی عێراقیان لێ بستێننەوە ، کاك " جان کلۆد لوتی " ئەوەی بە دژواری مافی مرۆڤ زانی ، منیش باوەڕم هەر وایە.

هەر لەو ڕۆژەدا کە لەگەڵ نەعیم حەدداد ئەمینداری گشتی بەرەی نیشتمانی کۆبوومەوە دەبوایە لەگەڵ نوێنەرانی هەندێ لەو حیزبانەی لەبەرەدان وەك حیزبی شیوعی عێراقی" کۆمیتەی ناوەندی" کۆببمەوە بەڵام بەداخەوە ئەو هەلەم بۆ ڕێك نەکەوت .

* کاتێ چاوپێکەوتنم بە مامۆستا نەعیم،مەسەلەی نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد وەك نەتەوەیەکی دابەش کراو لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا لەگەڵدا باس کردو لێم پرسی کە باوەڕی خۆی و حیزبەکەی بەرامبەر خەباتی کورد لە تورکیاو ئێران و سوریا چیە؟ لەوەرامدا گووتی : " ئێمە پشتیوانی خەباتی هەموو گەلانین لە پێناوی سەربەستی و مافەکانیاندا " لێم پرسی کوردیش ؟ ـ ، گووتی " ئێمە هیچ گەلێك لەوە بەدەر ناکەین ، مەبەستمان کوردیشە " درێژەی دایە و گووتی " دەوڵەتی عێراق و ئێران دوو دەوڵەتی دۆستن " منیش گووتم " ئێمە نامانەوێ باسی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان دەوڵەتە هاوسێکانتان بکەن ، بەڵکو دەمانەوێ حیزبی بەعس هەڵوێستی خۆی بەرامبەر مەسەلەی نیشتمانی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دیاری بکات " .

* مەسەلەی نیشتمانی کوردم بە گشتی لەگەڵ دوکتۆر زەید حەیدەریشدا باس کرد ، باوەڕی وابوو کە دوای ئەوەی شۆڕشی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا سەرکەوتن بەدەست دێنێ و دەرەبەگی کورد ناهێڵرێ ، کێشەی کورد بە شێوەیەکی ڕونتر باسی لێوە دەکرێ و بەتەواوی چارەسەر دەکرێ.

chalakmuhamad@gmail.com

* دووباره مه سه له ی ئه و ناوچانه ی زوربه یان کوردن و له ناوچه ی ئۆتۆنۆمیدا نین له گه ڵ دوکتۆر زه ید حه یده ردا باس کرده وه ،، باوه ڕی وابوو که سێ ڕێگای چاره سه رکردن هه یه ، یه که میان وازی لێ بهێنری وه ك هه یه ، دووه میان : کارگێڕییه کی هاوبه شییان بۆ دابمه زرێ ، سێیه میان : پێداچوونه وه ی ئه و مه سه له یه تا چاره سه رێکی بۆ بدۆزرێته وه .

۵- پێشنیاره نووسراوه کانم بۆ حیزبی به عس :

له ۳۰ ئابدا له گه ڵ وه زیری راگه یاندن تاریق عه زیز رێککه وتم که پێشنیاره کانم بۆ بنچینه کانی " گفت و گۆ " به نامه یه ك پێشکه شی سه رکردایه تی هه رێمایه تی حیزبی به عسی بکه م ، له ٤ی ئه یلوولدا نووسیمن و دامه ده ست خۆی که به سه رکردایه تی بگه یه نێ .

له شێوه دا،پێشه کی به ڕێزه وه داخوازینامه که م ده ست پێ کردووه ، به لام له جه وهه ردا به پێی ویژدان و تێگه یشتنی خۆم و بارو دۆخی ناله باری کوردستان داخوازیه کانی کوردم به جۆرێکی وا بۆ نووسیون که بتوانرێ جێ به جێ بکرێن .

چ مرۆڤێکی تاك و چ حیزبێك ناتوانێ به نێوی میلله ته وه قسه بکات ئه گه ر به زۆربه ی ده نگ له لایه ن گه له وه بۆ ئه و مه به سته هه ڵنه بژێر رابێ ، تا ئێستا میلله تی ئێمه له و هه نگاوه سه ربه ستی و دیموکراسیه به دووره ، له به ر ئه وه من نالێم له و چاوپێکه وتن و ده مه ته قه و پێشنیارانه دا به نێوی گه لی کورده وه قسه م کردووه ، به لکو له و کاتی ته نگانه و ناخۆشییه دا لای ئه وانه ی کلیلی خۆشی و ناخۆشییان به ده سته وه یه به رگریم له کورد کردووه

chalakmuhamad@gmail.com
هەست و هیواو داخوازی و مەبەستییەکانیم دەربڕیوە ، ئەوەشم وەك كارێكی پێویستی سەرشان و مافی خزمەت كردنی میللەتەكەم ئەنجام داوە .

داخوازینامەكەم بە سوپاس كردنی دەولەتی عێراقی دەست پێ كردووە كە بانگهێشتنی لێ كردووم بۆ سەردانی عێراق و لەگەڵ ئەندامانی وەفدەكەمان سەربەستی گەڕان و زانیاری دەست كەوتنیان لە ناوچە كوردیەكاندا بۆ رەخساندبووین ، پێ خۆشی خۆم دەربڕی بوو بەوەی كە دەولەت باوەڕی بە جێ بەجێ كردنی بەیانی ۱۱ ی ئازاری ۱۹۷۰ كە بەرهەمی تێكۆشانی گەلی كورد بوو ، هەروەها لایەنە چاكەكانی بە دەنگەوە هاتنی باری ئابوری كۆمەلایەتی و رۆشنبیریم دەست نیشان كردبوو .

بەلام پێشنیارەكان ـ یا بەمانایەكی دیكە داخوازیەكان ـ پتر بایەخم دابوو بە پێویستی فراوان كردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و كۆتایی پێهاتنی سیاسەتی راگوێزان و گێڕانەوەی كوچ پێكراوەكان بۆ ناوچەكانی خۆیان لە كوردستاندا ، داخوازینامەكە دەتوانرێ بەم جۆرە كورت بكرێتەوە :

۱ ـ لە قەزای خانەقین : ا ـ ناحیەی قەرەتوو و بەمۆ و دەورو بەریان لە قەزای خانەقین و پارێزگای دیالە بكەنەوە و بیخەنە سەر سلێمانی و ناوچەی ئۆتۆنۆمی . ب ـ خانەقین ئیدارەی هاوبەشی بكرێ و قوتابخانە كوردیەكان بكرێنەوە ج ـ تەگبیری پێویست بۆ پاراستنی دروست بوونی ـ تكوین ـ ی نەتەوەیی دانیشتوانی خانەقین و دەورو بەری بكرێ .

۲ ـ پارێزگاری كەركوك : ا ـ پارێزگای چوارەم دروست بكرێ

chalakmuhamad@gmail.com

بخرێته سه ر ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی ، ئه‌و پارێزگایه له پارێزگـــای که رکووك دروست بکرێ و سنووری رۆژئاوای هێڵی ئاسنین بێـت له قه ره ته په وه تا ئالتوون کوپری به ئاسکی کفری و توزخورماتودا تێ په ڕێ ، له رۆژهه ڵاته وه پارێزگای سلێمانی بێت به قه ره تووـو به مۆوه ، لای سه روپارێزگای هه ولێر و لای خواروو جه له ولا بێــت . ب ـ شاری که رکووك ئیداره‌ی هاوبه شی بکرێت ، خوێندن بـه پێی زمانی دانیشتوان بێت و پارێزگاری پارسه نگی نه ته وه یی و زمانی تێدا بکرێت . ج ـ له و پارێزگا کوردییه‌ی چواره مــــدا به گوێره‌ی دانیشتوان،پارێزگاری یاسای زمانه ناوچه ییه کـــان بکرێت ، هه روه ها له ناوچه کانی دیکه‌ی پارێزگای که رکووکیشدا ئه وه به نه زه ر وه ربگیرێ .

٣ ـ پارێزگای هه ولێر : ا ـ وه ك هه یه بمێنێته وه . ب ـ ئیستگـه‌ی رادیۆو ته له فزیۆنی تایبه ت به ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی که مه لبه نده که‌ی هه ولێر بێت بکرێته وه ، ئه گه ر بگونجێ لقی ئه و ئیستگانه لـــه سلێمانی و دهۆکیش بکرێته وه .

٤ ـ پارێزگای دهۆك : ا ـ بریتی بێت له قه زاکانی دهۆك ، ئاکرێ ئامێدی ، شێخان ، به رواری ، زاخۆو جه به ل شه نگار . ب ـ بـه پێی ئاره زووی دانیشتوان خوێندن به زاری کرمانجی سه روو بێت ج ـ خوێندنگای مامۆستایان بۆ پێگه یاندنی مامۆستایانی زمانـــــی کوردی له دهۆك بکرێته وه .

٥ ـ گێڕانه وه‌ی دوورخراوه کانی ناوچه نه وتییه کان و سه ر سنووره‌کان بۆ جێگه و رێگه‌ی خۆیان .

٦ ـ رێگه‌ی پارته سیاسی و رێکخراوه کانی کوردستان بدرێت بـه

chalakmuhamad@gmail.com

ئازادی چالاکی بنوێنن . ڕێگری کەسایەتی مەعنەوی ناوچەی فراوانکراوی ئۆتۆنۆمی بگیررێ ـ تایبەت بەوەی بەعس چالاکی و زاڵبوونی خۆی لە کوردستاندا نەسەپێنێ .

٧ـ بۆ پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب بەیانی ١١ ی ئازار بەتەواوی جێبەجێ بکرێ .

وێنەیەکم لەو داخوازینامەیە بۆ ئاگاداری نارد بۆ سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس و بەرەی نیشتمانی و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ، وێنەیەکیشم دایە برای تێکۆشەر بەشیر بومەعەززە .

لە نامەی ٥ ی ئەیلوولدا کە بۆ ئەمینداری بەرەی نیشتمانی ماموستا نەعیم حەددادم نووسی بوو تکام لێ کردبوو کە داخوازینامەکە بداتە هەموو لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی و سڵاوی تێکۆشانیشم بە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقی بگەیەنێ کە بەداخەوە بەخت یار نەبوو لەگەڵیاندا کۆببمەوە .

هەر لە ٥ ی ئەیلوولدا بە هۆی دوکتۆر زەید حەیدەرەوە نامەیەکم بۆ سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس نووسی ، لە وێدا تکام کردووە کە ئەم کارانە ئەنجام بدەن :

١ـ لای سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراق کارێك بکەن ئەو پێشنیارانە وەربگرن و نیگەرانی میللەتی کورد هەڵبگرن .

٢ـ دام و دەزگای حیزبی بەعس و سەرکردایەتی نەتەوەیی هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن بەرامبەر کێشەی کورد کە کێشەی میللەتێکی دابەشکراوە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا لە بەر ڕووناکی بیرو باوەڕی سۆسیالیزمیدا و بۆ پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب

chalakmuhamad@gmail.com

حیزبی بەعس چاو بە کێشەکەدا بگێڕێتەوە ، لەو بارەشەوە بە نووسراوێك وەرامم بدەنەوە .

ئەوانە پێشنیارەکان بوون و ئەوەش کە بە زارەکی ـ شفهی ـ لەگەڵ لێپرسراوانی عێراقدا باسم کردوون هەموو بە مەبەستی چاککردنی جۆری ئۆتۆنۆمی کوردستان بوون ، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ نوێنەری راستەقینەی خۆی بە شێوەیەکی دیموکراسی بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دەوڵەتی نیوەندی هەڵبژێرێ . لە هەمان کاتدا دیموکراسی لە عێراقدا پیادە بکرێ و هەل و مەرجی درووست لە لایەن دەوڵەتەوە ئامادە بکرێ .

پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێم کە نە من و نە هیچ ئەندامێکی وەفدەکەمان لەگەڵ بەڕێز سەرەك کۆمار و بەڕێز جێگری سەرەکدا کۆنەبووینەوە ، لە هەمان کاتدا نە دەوڵەت و نە بەرەی نیشتمانی لەو بارەوە ئاگاداریيەکیان بڵاو نەکردەوە ،، هیچ ڕۆژنامەیەکیش نە هی بەعس و نە هی حیزبەکانی بەرەی نیشتمانی وتارێکیان لە سەر نەنووسین ، ئەو هەڵوێستەش بەوە دەزانم کە سەرکردایەتی هەریمایەتی هەڵوێست و پێشنیارەکانی منیان بە زۆر دەزانی . دوای گەشتی کوردستان و نەینەوا سەرۆکایەتی نووسینی گۆڤاری رادیۆو تەلەفزیۆن دوو جار داوای چاوپێکەوتنیان لێ کردم ، سوپاسم کردن ، چونکە نەم دەویست بەر لەوەی هەڵوێستی دەوڵەت و حیزبی بەعس بەرامبەر داخوازیەکانی کورد بزانم ، قسەیەك بکەم یا چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی ساز بکەم .

chalakmuhamad@gmail.com

## کـــاکلەی باسەکـــە :

لە سیاسەتی دەولەتی عیراقیدا هەندێ ڕووی چاك هەیـــەو نکولی لێ ناکرێ ، زۆربەی ئەوەش بەرهەمی خەباتی گەلی کـورد خۆیەتی ، بە شێکیش بنچینەیەکی مێژوویی هەیە ، گرینگتریـنـی هەموان دان پێدانانی دەستورییە بە مافەکانی گەلی کـورد و جۆرە ئۆتۆنۆمییەکدا ، هەروەها خوێندن بە کوردی لـە پلـــــە جوداکاندا ، ئەوانە نەك لەبەشەکانی دیکەی کوردستانـــــدا نین بەلکو دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەتتا دان بە بوونی نەتەوەییشیدا ناهێنن ، کەم و کەسری و رووە چاکەکـــان ئەوەیە کەتەنێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەیە کە دوو لەسەر سێـی کوردستانی عیراقە ، لە رووی ئابوری و کۆمەلایەتییەوە کە گشـت عیراق دەگرێتەوە هەندی رووی چاکی دیکە دەبینرێ .

لە سیاسەتی دەولەتدا هەندێ رووی ترسناك و هەتا بلێـی خراپ هەیە ، لە گشتیان ترسناکتر پلانی ڕاگویزان و بـــــە عەرەب کردنە ، ئەوجا سەربەستی دیموکراسی نە لە کوردستان و نەلە عیراقدا هەیە ، ئەو دوو سیاسەتەش راگویزان و بـــــە عەرەب کردن و نەبوونی دیموکراسی پێکەوە بەستراون ، لەوە ـ دەچێ دەولەتی عیراق و حیزبی بەعس لە دوو ڕیانێکدا بن : ئـــایا ڕووە خراپەکان کەم دەکەنەوە و ڕووە چاکەکان گەشە پـــێ دەدەن یا بەپێچەوانەوە ؟ لەو بارەوە جوداوازی بۆچوون لەنێو بەعسدا هەیە .

بەهەر حال ڕووە چاکەکان پاساوی ڕووە خراپەکان نادەنـەوە ، مافی گەلی کورد یەکێتییەکەو قابیلی بەش بەش کردن نـــییـــە

chalakmuhamad@gmail.com

هیچ کوردێکی دڵسۆزو هیچ مرۆڤێکی دیموکراسی به هیچ شیوه‌یه‌ك سیاسه‌تی راگویزان و به عه ره‌ب کردن که یادگاری نازیه‌کانو بیری شۆڤێنی ده‌سته‌یه‌کی چینی بورژزای بچووکه په‌سه‌ند ناکا ،،، ئیمه‌ی سۆسیالیزمه‌کانی کورد داوا ده‌که‌ین ئه‌گه‌ر به‌عس راست ده‌کا سۆسیالیزمه با ده‌ست به‌جێ واز له‌و سیاسه‌ته‌ی بهێنێ و کار بگێڕێته‌وه سه‌ر شیوه‌ی خۆی ، ئه‌م خاڵه بنچینه‌ی مه‌حه‌کی هه‌ڵوێستمانه له به‌رامبه‌ر فه‌رمانڕه‌وایه‌تی عیراقدا ، ئه‌گه‌ر ئه‌و سیاسه‌ته به‌رده‌وام بێت،ئه‌وا له‌سه‌ر حیزب و ده‌سته کوردیه‌کان که هاوبه‌شی میریی به‌ره‌ی نیشتمانین پێویسته ده‌ست له کار له‌گه‌ڵ به‌عسدا بکێشنه‌وه ، ئه‌گه‌ر وا نه‌که‌ن ئه‌وا وه‌ك گوێ له مست و نۆکه‌ر نیویان له میژوودا تۆمار ده‌کرێ ، هه‌ڵبه‌ت ئه‌مه سه‌رکردایه‌تی حیزبی شیوعی عیراق " کۆمیته‌ی ناوه‌ندی " و هه‌موو ئه‌وانه‌ی خۆیان به پێشکه‌وتنخواز و دیموکراسی ده‌زانن ده‌گرێته‌وه ، ئه‌گه‌ر تا سه‌ر له‌گه‌ل ئه‌و سیاسه‌ته‌دا بمێننه‌وه .

نازانم ئه‌و وه‌زیره به‌ڕێزانه‌ی له به‌غدا له‌گه‌ڵیان کۆبومه‌وه ئه‌م لاپه‌ڕانه قبوڵ ده‌که‌ن یا نه؟ هیوادارم ده‌سه‌ڵاتدارانی عیراق به ڕێککه‌وتنی جه‌زایر له خۆبایی نه‌بن و لایه‌ك له گه‌لی عیراقی به‌عه‌ره‌ب و کوردو که‌مایه‌تیه‌کانه‌وه بکه‌نه‌وه ، ئاینده نه‌زانراوه میژووش ده‌گه‌ڕێ ، گه‌لی عیراقیش به‌رده‌وام چه‌ندان راپه‌ڕین و چه‌ندان شۆڕش به‌رپا ده‌که‌ن .

عیسمه‌ت شه‌ریف وانلی

١٩٧٥ / ١١ / ١٧

chalakmuhamad@gmail.com

تێبینی :

بەم نزیکانە بەیاننامەیەك بە نیوی " ڕێگای خەباتمان لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانیی کورددا ـ سۆسیالیزم " بلاو دەکەمەوە پێشم خۆشە خوشك و برایان ئاگادار بکەم کە لە کوردستان و لە دەرەوە هەولی دامەزراندنی " یەکێتی پارتە سۆسیالیزمیە کوردیەکان " لە ئارادایە .

## پاشکۆ

دەربارەی دۆخی کوردستانی عێراق

ئەو باسەی لە ١٩٧٥/١١/١٧ دا دەربارەی سەردانی وەفدەکەمان بۆ عێراق و کوردستانی عێراق بلاوکرایەوە ، ڕاپۆرتێك بوو دەربارە ئەو گەشتە کە لە ئاب و ئەیلولی ١٩٧٥ دا کردمان ، ڕاپۆرتەکەش لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی بینی بوومان و بیست بوومان نووسرا بوو

وا دیارە کار زۆر بەخێرایی خراپتر دەبێ ، هەموو هەواڵەکان وا دەگەیەنن کە سیاسەتی ڕاگوێزان و بە عەرەب کردن لە ناوچەکانی کوردستاندا بە و پەڕی نالەبارییەوە لە برەودایە :

١ ـ ئەو کوردە پەنابەرانەی لە ئێران بوون و لە و دوو مانگەی دوواییدا گەڕاونەتەوە هەموویان کە نزیکەی " ٥٠،٠٠٠ " دەبن لە خوارووی عێراق نیشتەجێ کراون و نەیان هێشتوون لە شوێنی خۆیان بمێننەوە .

٢ ـ دەوڵەتی عێراق یاسایەکی دەرکردووە کە هەر عەرەبێکی عێراقی " ٥٠٠ " دینار بەخشیش وەردەگرێ ئەگەر کچێکی کورد بهێنێ ، ئەمەش بۆ مەبەستی توانەوەی تێکەلاو بوونە .

٣ ـ عێراق و ئێران ڕێککەوتنێکیان پێك هێناوە کە ئەو کوردە

chalakmuhamad@gmail.com

پەنابەرانەی لە ئێران ماونەتەوە کە نزیکەی "٤٢،٠٠٠" کەس پێیان خۆش بێت یا نە،دەبێ تا نێوەڕاستی مانگی ١٢ ی ١٩٧٥ بگەڕێنەوە ئەمەش پێچەوانەی هەموو دەستوورێکی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنە دەوڵەتیەکانە دەربارەی پەنابەران .

٤-بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن بەردەوام خێزانی جوتیێری میسری دەگەنە عیراق .

٥-بەنێوی پاسەوانی سنوورەوە دەوڵەت عەرەبی گەیاندۆتە ناوچەی حاجی هۆمەران .

٦-لە سیاسەتی ڕاگوێزاندا جوداوازی لە نێوان "عائید" و"ناعائید"دا نیە ، دوور نیە ئەو سیاسەتە بگاتە هەندێ ناوچەی هەولێریش،دەڵێن دەوڵەت دەستی کردووە بە گۆڕینی نێوی هەندێ قوتابخانە لەو پارێزگایەدا .

لێرەدا تەنێ دەتوانرێ ئەو خاڵانەی خوارەوە بە یاد بهێنرێنەوە .

١-نەبوونی سەربەستی دیموکراسی لە هەموو عێراقدا بە کوردستانیشە .

٢-سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن پێچەوانەی ویستی گەلی عەرەبە لە عێراق و دەرەوەی عێراق ، هیچ پێوەندییەکیشی بە سۆسیالیزمەوە نیە ، بەڵکو سیاسەتێکی نازییە و لە بنچینەدا هەڵێنجراوی بیری شۆڤێنی و دەستەیەکی چینی بۆرژوازی بچکۆلەیە .

٣-ئۆتۆنۆمی تەنێ نێوێکی بێ واقیعە ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی کوردستانی عێراقی گرتۆتەوە .

٤-حیزب و کۆمەڵە کوردی و عەرەبیەکان ئەوانەی هاوبەشن لە میری عێراقی و بەشدارن لە بەناو "بەرەی نیشتمانیدا" ئەگەر خۆیان بە دیموکراسی و پێشکەوتنخواز دەزانن لە سەریان پێویستە واز لە

chalakmuhamad@gmail.com

هەموو پێوەندیەکیان [illegible] لە تاوانی " کوشتنی نەتەوەدا " و خنکاندنی سەربەستی دیموکراسیدا هاوبەشی دەبن ، تەنێ بوونیان لە پاڵ میریەوە پەردەیەکە بۆ سیاسەت و تاوان و فەرمانڕەوایەتیە دیکتاتۆریەکەیان ، ئەگەر بەعس لە عێراقدا وا دەزانن بە هاوکاری شاو کۆنەپەریستێتی تورکیا دەتوانن سیاسەتی تاوانباریان بەسەر کورددا بسەپێنن و بیانەوێ میللەتی عێراق بکەنە ڕانە مەڕێك ، ئەوا بە دەستی خۆیان گۆڕیان بۆ خۆیان هەڵکەندووە ، گەلی عێراقی چەندان شۆڕش و ڕاپەڕین بەرپا دەکەن ، شۆڤێنی و کۆنەپەرستەکانی تورکیا نیو چەرخە نەیان توانیوە بە سیاسەتی " ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن " بەسەر گەلی کورددا لە کوردستانی تورکیادا زاڵ بن ،، بەڵکو ئەو سیاسەتە پتر هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی لای ملیۆنانی کورد بەهێز کردووە ، بزووتنەوە نیشتمانیەکەشی ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازی ڕاستی گرتووە و لەگەڵ هێزی دیموکراسی پێشکەوتنخوازی تورکیادا هاوکارو هاوخەباتن .

ـ خەبات لە پێناوی وەستاندنی سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعەرەب کردن لە کوردستانی عێراقدا .

ـ خەبات لە پێناوی گێڕانەوەی سەربەستیە دیموکراسیەکان بۆ عێراق .

ـ خەبات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی ڕاست بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا !

ـ مردن بۆ فەرمانڕەوایانی دیکتاتۆریەتی فاشست لە عێراقدا !

١٩٧٥/١١/٢٩ عیسمەت شەریف وانلی

chalakmuhamad@gmail.com

سه ره تای هه نگاوێك بۆ یه كێتی ی به ره ی كوردایه تی
******************************

ئه م ژماره ی هه ڵوێست له ته واو بووندا بوو كه هه واڵـــی دڵخۆشكه ری ڕێككه وتنی سه ركردایه تی پارتی دیموكراتـــی كوردستان و یه كێتی ی نیشتمانی كوردستان له ٧ ـ ٨ / ١١ /٩٨٦ دا بڵاوكرایه وه .

زۆر له مێژه و به په رۆشه وه خه ڵكی جوامێری كوردســـتان له ناخه وه داوای یه ك بوون و ته بایی هه موو ڕیزه كانی كـــورد ده كه ن ، هه ڵبه ت هه موو لایه ك بایه خ و گرینگێتی یه كێتـــی و له یه كدی گه یشتن و ئازادی بیرو باوه ڕو ئازادی كـــاركـــردن و تێكۆشان هه ست پێ ده كه ن و به مه رجێكی سه ره كی وه ده ســـت هێنانی ئامانجه كانیشی ده زانن . ئێمه له كاتێكدا ئه و پـــه ڕی شادمانی خۆمان ده رده بڕین ، به هه موو توانستێكیشمانه و پاڵپشتـــی ئه و ڕێككه وتنه ده كه ین ، داوا له برایانی سه ركردایه تـــی پارتی و یه كێتی ده كه ین هه وڵ بده ن ئه و له یه كدی نزیك بوونه وه یه بكه نه كاكڵه ی دروست كردنی به ره یه كی فراوانی هه مـــوو هێزه كانی كوردایه تی و گشت كوردستان بگرێته وه ، تێگرا بـــۆ مافی چاره نووسی گه له كه مان ده ست ده نه ده ست ، ئه وســـا ده رده كه وێ كه سێك ، میلله تێك ئازادی بووێ،خودا ده یداتـــێ و پشتیوانی لێ ده كا . چونكه ئازادی په یامی هه ره پیرۆزی ئاسمانه .

هــه ڵـوێـســـت

# ناوەڕۆك


١ ـ لە یادی "٢٥" ساڵڕۆژی شۆڕشی شكۆداری ئەیلوول دا : ئاوڕێك بۆ دواوە و گوژمێك بۆ پێشەوە ........ سەرنووسەر ..... ٣

٢ ـ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان... ئاشتی ..... ١٥

٣ ـ یادی شۆڕشی ئەیلوول لە ڕوانگەی بیرەوەریمەوە... دشەفیق ....... ٢٣

٤ ـ خۆپاراستنی كورد ........ سەعد ....... ٣٧

٥ ـ كوردانی ئەورۆ ........ كوردۆ عەلی ....... ٤٥

ـ گڕ ........ خالید حیسامی "هێدی" ....... ٦٢

٧ ـ بەیانێك بۆ ڕۆڵە تێكۆشەرەكانی گەلی كورد ......

........ عیسمەت شەریف وانلی ...... ٦٥

٨ ـ سەرەتای هەنگاوێك بۆ یەكێتی بەرەی ......

كوردایەتی ........ هەڵوێست ...... ١٦١


نرخی ٣,٥ سێ پاوەندو نیوە.

chalakmuhamad@gmail.com

# HALWEST

## A general cultural magazine in kurdish

## published quarterly

No.1 Second Perhod Oct - Sept - Nov.1986